


# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٣٧
چوارشەممە
٢٠١٠/٦/٢٣

(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە

www.destur.net


15

## "مەسەلەی کۆبوونەوەو کۆنفرانس لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا لەئارادا نییە"

## سەرۆکایەتی هەرێم هەڕەشە لەپەکەکە دەکات

# پەکەکە: شەرمەزارییە هەرێم بەیاننامە لەدژی ئێمە دەربکات

تایبەت بە دەستوور



سەرۆکایەتی هەرێم هەڕەشەی توند لەپارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەکاتو جگە لەئیدانەکردنی هێرشەکانی ئەمدوایانەیان، رایدەگەیەنێت کەقبوڵناکەن خاکی هەرێم بەکاربهێنن بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ، پەکەکەش رەخنەی توند لەبەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێم دەگرێتو ئاماژە بەوەدەدات کەشەرمەزارییە بۆ کورد، بەتایبەت هەرێمی کوردستان، ئەو هێرشو سنووربەزاندنانە قبوڵبکاتو بەیاننامە لەدژی کورد دەربکات.

لەبەیاننامەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە، کەئیدانەی توندی هێرشەکانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەنو ئاماژە بەوەشدەکەن کەئامانجی ئەو هێرشانە بەهیچ شێوەیەک خزمەت بەدۆزی کورد ناکاتو هاتووە "جارێکیتر ئەو هێرشانەی پارتی کرێکاران ئیدانە دەکەینو رێگەش نادەین خاکی هەرێمی کوردستان وەکو پێگەیەک بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنرێت".

لەلایەکی ترەوە رۆژ وڵات ئەندامی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "ئێمە ئەم هێرشانە قبوڵناکەین، بۆیە دەبێت میللەتی کوردیش ئەمە قبوڵنەکات، لەبەرئەوەی شەرمەزارییە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێم، کەئەوە قبوڵدەکاتو بەیاننامە لەدژی هێرشەکانی ئێمە دەردەکەن".

ئەو ئەندامە وتی "بۆ تورکیا نازانێت خەڵکی مەدەنی هەیە لەو شوێنانە، بۆیە ئەوان بۆردومانی خەڵکی مەدەنی دەکەنو کەسیش دەنگناکات، چۆن دەبێت کەسێک کوشتار بکات، خەڵکیش بێدەنگ بێت؟".

سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی حکومەت لەبەیاننامەکەدا ئیدانەی هێرشەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی کردووەو ئاماژە بەوەدەکەن کەرێگەنادەن پەکەکە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنێت، بەبێئەوەی ئیدانەی سنووربەزاندنەکانی سوپای تورکیا بکەن.

## مادەی هۆشبەر گەیشتووەتە دەستی ئەو کەسانەی لەناو زیندانەکاندان

فەرمان خێڵانی

بەپێی ئەو ئامارانەی لەپارێزگای سلێمانیو گەرمیان خانەقینەوە دەست دەستوور کەوتوون، زیاتر لە٤٠٠ کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون، بەرپرسانی ئاسایشی هەرێمو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیش پشتراستی ئەوە دەکەنەوە کەمادەی هۆشبەر گەیشتووەتە دەستی ئەو کەسانەی لەناو زیندانەکاندان.

بەپێی ئەو ئامارەی لەبەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی دەست دەستوور کەوتووە، لەساڵی ٢٠٠٥وە تائێستا ٣٠٠ کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون، لەو رێژەیەش ٣٠ کەسیان بازرگانیان بەمادەکەوە کردووەو ٢٧٠ کەسیشیان بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکانو ئێستا لەزیندانن.

لەلایەکی ترەوە، شوان عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەدەستووری وت "مادەی هۆشبەر وەکو تریاک نەهاتووە، بەڵام حەپ هاتووەتە ناوەوەی زیندان، ئێمە چاودێری وردمان هەیەو رۆژانە حەپ دەگرین".

راپۆرتێکی ورد لەلاپەڕە ١٢بخوێنەرەوە

## محەمەد حاجی مەحمود: ٥ کورسییەکەی یەکێتی دایناوە، رەنگە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بێت

دەستوور

محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان لەبارەی دەنگۆی تێکەڵبوونیانو چوونە ناو یەکێتی، رایدەگەیەنێت کەئەو شتانە راست نییەو دەڵێت تائێستا هیچ داوایەکی لەو شێوەیەمان لێنەکراوە.

محەمەد حاجی مەحمود لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "تائێستا هیچ شتێکم نەبیستووەو دانیشتنیشمان لەگەڵ یەکێتیدا لەوبارەیەوە نەکردووە، هەروەها لەلایەن یەکێتیشەوە هیچ داوایەکی لەو شێوەیەمان لێنەکراوە، ئەوانەشی لەبارەی چوونە ناو یەکێتییەوە بەرامبەر بەئێمە دەکرێت راست نییە".

لەبارەی ئەو ٥ کورسییەی یەکێتی داینـاوەو پێشتر ئەوە بڵاوکرایەوە کەبۆ هەریەکە لەحیزبی سۆسیالیستو زەحمەتکێشان باڵی قادر عەزیز بێت، محەمەدی حاجی مەحمود وتی "ئەو کورسیانەشی کەدەڵێن بۆ حیزبەکان دانراوە، کێ ناڵێت بۆ بزووتنەوەی گۆڕانیان دانەناوە، رەنگە بۆ ئەوان بێت".



درێژەی چاوپێکەوتنەکە لەلاپەڕە ٨ بخوێنەرەوە

## دوای ١٤ ساڵ، وردەکاری بەشێك لەهێرشی پارتی بۆ سەر سورچییەکان ئاشکرادەبێت

2

# ئەمڕۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دیاریدەکرێن

زانیار محەمەد

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتیمانی رایگەیاند چاوەڕێدەکرێت ئەمڕۆ چوارشەممە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا، جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کاندیدبکات، پاشان ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر دیاریکردنیان بدات.

فەرید ئەسەسەرد ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "کۆبوونەوەکەی دوێنێی سەرکردایەتیی یەکێتی، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بووەو رێگەخۆشکەرە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو".

وتیشی "لەکۆبوونەوەکەدا باسی شتی گشتی کراوە، کۆنگرە هەڵسەنگێنراوە، هەروەها باسی کێشەکانی یەکێتیو بۆردومانەکانی ئێران بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانو پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی کراوە".

ئەسەسەرد ئاماژەی بەوەشدا کەچاوەڕێدەکرێت کۆبوونەوە جدییەکان لەئەمڕۆوە دەستپێبکاتو تاڵەبانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کاندیدبکات، پاشان ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر دیاریکردنیان بدات.

فەرید ئەسەسەرد ئاشکرایکرد "جگە لەسکرتێرو دوو جێگرەکەی، مەکتەبی سیاسی پێکدێت لە ٩ تا ١١ ئەندام، کەسیانیان دەبنە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی". لەبارەی کێشەی نارەزایی کاندیدە دەرنەچووەکانەوە ئەسەسەرد وتی "لەکۆبوونەوەکەی دوێنێدا، بەگشتی باسی ئەو کێشەیە کراوەو ئەوە خراوەتەڕوو، کەپێویستە ئەو کێشەیە چارەسەربکرێت، بەڵام وردەکاریی کێشەکان لەدانیشتنەکانی داهاتوودا باسدەکرێت".

ئەسەسەرد وتیشی "پێمـوایە زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پێشوو دادەنرێنەوە، لەگەڵ ژنێک یان دووان، هەروەها چەند ئەندامێکی نوێی سەرکردایەتیش". سەرەتای ئەم مانگە یەکێتیی نیشتمانی سێیەمین کۆنگرەی بەست، کەتێیدا ٨١ کەس بۆ ئەنجومەنی ناوەندو ٥٠ کەس بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی دەستنیشانکران.



www.arsivakurd.org

# ڕێکخراوێك کە مەلا بەختیار پشتگیری دەکات، بەهۆی گەندەڵییەوە شکستیهێنا

فەرمان خێلانی

ڕێکخراوی چواردەی چوار لەناحیەی ڕزگاری، کە مەلا بەختیار بەرپرسی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی پشتگیری مادی دەکات، گەندەڵی تێدەکەوێتو بەو هۆیەوە شکستدەهێنێت.

ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٥ ئەو ڕێکخراوە دامەزراوەو ١٧ ئەندامی سکرتاریەتو سکرتێرێکی هەبوو، بەڵام دوای تەنها چەند مانگێک، ١٢ ئەندامی سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوە دەستلەکاردەکێشنەوە، بەبیانووی ئەوەی کەڕێکخراوەکە گەندەڵی تێدابووە، تەنها سکرتێرو ٥ ئەندامی سکرتاریەت ماونەتەوە.

ناسیح ئیبراهیم ئەندامی سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوە بەدەستووری وت "ماوەی هەفتەیەکە نووسینگەی ڕێکخراوەکەمان داخستووە، ڕێکخراوەکەمان تاسەر ئێسقان شکستی هێناوە، لەبەرئەوەی مۆڵەتمان نییەو سکرتێریش هەر خۆی خاوەنی هەموو شتێکەو حیسابی بۆ ئەندامانی سکرتاریەت نەکردووە، ئێمە ئاگامان لەهیچ شتێک نەبووە، جگە لەو ٧٠٠,٠٠٠ هەزار دینارەی کاک مەلا بەختیار نەبێت، مانگانە ١٥٠,٠٠٠ هەزارمان داوە بەکرێی نووسینگەو هەندێ پارەشمان سەرفکردووە بۆ کڕینی پێداویستی ناو نووسینگەکە، تا ٢٠٠٩/١٠/٤ ئاگادارم کەهیچ بڕە پارەیەکمان نەداوە بەهیچ خێزانێکی ئەنفال لەناحیەکە".

هەروەها وتی "کەجگە لەو پارەیەی کە مەلا بەختیار پێی دەداین، ناو بەناو سکرتێر نووسراوی دەکرد بۆ بەرپرسو ناوەندە حکومیو حیزبییەکانو داوای هاوکاری مادی دەکرد، بەڵام نازانین ئەو پارانەی وەرگرتووە یان نا، ئەگەر وەریگرتووە چۆن سەرفکراوە؟، بۆیە گومان دەکەین پارە نەمابێت".

فەتاح تەنیا سکرتێری ڕێکخراوی ٤/١٤ لەڕزگاری لەو بارەیەوە بۆ دەستوور وتی "ئێمە لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکەوە بەپێی پەیڕەوی ڕێکخراو سوێندی یاسایی ئەندامانی سکرتاریەتمان داوە، بەڵام ئەو ١٢ ئەندام سکرتاریەتەی کەئێوە باسی دەکەن ئەو سوێندەیان نەخواردووە، ئێمەش پشتگوێمانخستن، واتە دەست لەکارکێشانەوەیان نەنووسیوە، ئێستا ئێمە تەنها ٦ کەسین".

سکرتێری ئەو ڕێکخراوە دان بەوەدادەنێت کە بەبێ ئەوەی مۆڵەتیان هەبێت مۆریان دروستکردووە، دەڵێت "مۆرەکەمان لەکەرکوک دروستکردووە بەبێ ئەوەی ڕێکخراوەکەمان مۆڵەتی هەبێت، بەڵام تائێستا ئەو مۆرەمان بۆ هیچ نووسراوێکی ڕەسمی بەکارنەهێناوە".

سەبارەت بەداخستنی نووسینگەی ڕێکخراوەکەشیان، وتی "ئێمە ئەو خانووەمان تەسلیم کردووەتەوەو بەنیازین ئەگەر کرا نووسینگەیەکی باشتر بەکرێ بگرین، ئەگینا ڕێکخراوەکەمان شکستی نەهێناوە".

سکرتێری ڕێکخراوەکە بەفرگری ڕێکخراوەکەی فرۆشتووە کە نەقیب عەلی قەڵەو بۆیانی کڕیوە، وتی "ئەوە ڕاستە فرۆشتوومە بۆ کرێی خانووەکە".

ئەو ڕێکخراوە لەلایەن مەلا بەختیار بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتییەوە هاوکاری کراون، مانگانە بڕی ٧٠٠,٠٠٠ حەوت سەد هەزار دیناریان پێدراوە، لەگەڵ پێداویستییەکانی ناو نووسینگە.

# کەناڵی سەحەری ئێرانی، ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی پەیام بەکاردەهێنێت

مەعاز فەرحان

کەناڵی سەحەری ئێرانی، بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی پەیامی کۆمەڵی ئیسلامیو کەلوپەلەکانی بۆ ڕاییکردنی کارەکانی بەکاردەهێنێت، بەرپرسانی هەردوو کەناڵەکەش ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادارو نزیک لەکەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی پەیام کە کەناڵی ڕەسمی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانە، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "کەناڵی سەحەری ئێرانی، بۆ چەندین بەرنامە بەتایبەت چاوپێکەوتنەکان، ستۆدیۆی کەناڵی ئاسمانی پەیام بەکاردەهێنێت".

سەرچاوەکە وتی "نازانرێت ڕێککەوتنەکەیان چۆنە؟ بەڵام جگە لەستۆدیۆکانیان کەلوپەلی تریشیان بەکاردەهێنن".

کەمال شێخ نوری پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی سەحەر، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت "ستۆدیۆی هیچ کەناڵێکمان بەکارنەهێناوە، ئەو بەرنامانەی کەکردوومانن، تائێستا پێویستییەکی ئەوتۆیان بەستۆدیۆ نەبووە، هەر لەوشوێنەی کەراپۆرتمان هەبووە بەرنامەکەمان کردووە".

هەروەها وتی "تەنها ئێس ئێن جیمان بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ بەکارهێناوە، لەبەرامبەردا بڕێک پارەمان داوە، واتە بەکرێ".

لەلایەکی ترەوە، فاروق عەلی بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی پەیام بەدەستووری وت "قەتعیەن شتی وانییە هیچ کەلوپەلێکمان پێنەداون، تەنها ئەوەنەبێت کە ئێس ئێن جییەکەمان بەکاردەهێنن لەبەرامبەر بڕێک پارەدا، تەنها بۆئەوان نییەو هەموو کەناڵەکان دەتوانن ئێس ئێن جیەکەمان بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنن، ئەوەش بەپێی گرێبەستەو لەبەرامبەر بڕێک پارەدایە".

# ئۆپۆزیسیۆن تووشی قەیرانی دارایی دەبێت

## بەهۆی کێشەی داراییەوە، یەکگرتوو ١٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی دادەخاتو KNNیش لەسەر مانگی دەستکردی ئەورووپا نامێنێت

زانا ئەحمەدو محەمەد نەجیب

بەگوێرەی چەند زانیارییەک کە لەسەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەست دەستوور کەوتووە، قەیرانێکی دارایی زۆر ڕووی لەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کردووەو بەو هۆیەوە بەبڕیارێکی ناوەندی ئەو حیزبە دوای تەواوبوونی مۆندیال ١٠ تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لەشارو شارۆچکەکاندا دادەخرێن، هەر بەهۆی هەمان کێشەشەوە KNN لەسەر مانگی دەستکردی ئەورووپا نامێنێت.

ئەو سەرچاوەیە کەئامادەنەبوو ناوی بهێنرێتو لەیەکێک لەو کەناڵانەی بڕیاری داخستنەکە دەیگرێتەوە کاردەکات، بەدەستووری وت "ئێستا لەهەموو کات زیاتر یەکگرتووی ئیسلامی دووچاری قەیرانی دارایی بووەتەوە، بۆیە لەهەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا بەبڕیارێکی ناوەندی نزیکەی ١٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەماوەیەکی زۆرە لەشارو شارۆچکەکاندا پەخشی خۆیان کردووە، دادەخرێن".

هەروەها وتی "دوای تەواوبوونی یارییەکانی جامی جیهانی بەعەمەلی ئەو بڕیارە کاری پێدەکرێت".

لەلایەکی ترەوە سەفینی مەلا قەرە، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، بەدەستووری وت "ئێستا KNN لەسەر مانگی دەستکردی ئەورووپا نەماوە، ئەوەش بەهۆی کێشەی داراییەوە".

وشیار عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری نووسین لەو کەناڵە ئەوەی ڕەتکردەوە کێشەی مادییان هەبێت، وتی "نەمانی پەخشەکەمان لەسەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد، پەیوەندی بەکێشەی تەکنیکییەوە هەیەو کێشەی ئابووریمان نییە".

# کەسوکاری خوێندکارێکی فەسڵکراو، هەڕەشە لەسەرۆکی بەشێك دەکەن

فەرمان خێلانی

لەبەشی کوردی کۆلێژی ئادابی خانەقین کچە خوێندکارێکی قۆناغی سێیەم لەسەر قۆپیەکردن لەتاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا فەسڵدەکرێت، دوای ڕۆژێک لەفەسڵکردنەکە خێزانی ئەو خوێندکارە دێنە کۆلێژو هەڕەشە لەمامۆستای وانەکەو سەرۆکی بەشی کوردی دەکەن.

ڕێژین هاوڕێی خوێندکارە فەسڵکراوەکە بەدەستووری وت "لەکاتی تاقیکردنەوەی وانەی فارسیدا (م)ی هاوڕێم قۆپیەی لەناو دەستیدا نووسیبوویەوە، کاتێک کەمامۆستای وانەکە پرسیارەکانی خوێندەوە، هاوڕێیەکەم دەستی بەرزکردەوەو پرسیاری لەمامۆستای وانەکە کرد، لەوکاتەدا مامۆستاکە پێیزانیو هاوکات سەرۆکی بەشەکەشمان لەوکاتەدا هاتو بڕیاری فەسڵکردنیان بۆ دەرکردو فەسڵیان کرد".

مامۆستا دڵشاد محەمەد سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی خانەقین، وتی "ئەو خوێندکارە قۆپیەی کردووەو ئێمەش بەپێی یاسای تاقیکردنەوەکانی خوێندنی باڵا فەسڵمانکرد".

هەورەها وتی "خێزانی ئەو کچە خوێندکارە توورەبوونو هاتنە ئێرەو هەڕەشەی کوشتنو فەلاقەکردنیان لەمنو مامۆستای وانەکە کرد، ئێمەش پۆلیسمان ئاگادارکردەوە، بۆئەوەی ئاگاداربن لەوەی ئەگەر ئەو خێزانە کێشەیان بۆ درووستکردین بەدەممانەوە بێن".

# قونسوڵی ئەڵمانیا لەکوردستان: چەکە کیمیاییەکانمان لەدژی کورد بەکارهێنراوە

شڤان محەمەد

قونسوڵی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە دانبەوەدا دەنێت، کەکۆمپانیاکانی وڵاتەکەی پاڵپشتی بەهێزی حیزبی بەعسبوون لەپێدانی چەکی کیمیاییو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا.

لەمیانەی ئەو کۆبوونەوە فراوانەدا کەچەند ڕۆژێک لەمەوبەر بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆرو بەرپرسانی ئیداری شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو، قونسوڵی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "شەرمەزارییە بۆ ئێمە، کەوا کۆمپانیا ئەڵمانییەکان دەرمانێکی وایان ناردووە، خەڵکێکی زۆر بکوژێتو جینۆساید بکرێن".

ئەو کۆبوونەوەیە قونسوڵی ئەڵمانیاو ڕێکخراوێکی ئەڵمانی ئامادەیکردبوو بەمەبەستی کردنەوەی بنکەی چارەسەری قوربانیانی ئەشکەنجە لەشاری هەڵەبجەو دەورووبەری، قونسوڵی ئەڵمانیا وتی "چەند کۆمپانیایەکی ئەڵمانی هاوکاری حکومەتی پێشووی عێراقیان کردووە لەڕووی پێدانی چەکی کیمیاییو پاڵپشتی زانستییەوە لەبۆردومانکردنو وێرانکردنو جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستان لەپرۆسەی ئەنفالو کارەساتی هەڵەبجەدا".

لەدرێژەی ئەو وتارەیدا قونسوڵی ئەڵمانیا وتی "لای ئێمە چەند لایەنێکی ئەڵمانی هەیە، کەوا حکومەتی پێشووی عێراقیان بەچەکی کیمیاییو بەزانستو گەلێک بواری تریان بۆ تەرخانکرد کەبتوانیت لەو بوارەدا پێشبکەوێت".



# دوای ١٤ ساڵ، وردەكاری بەشێك لەهێرشی پارتی بۆ سەر سورچییەكان ئاشكرادەبێت

## گوماندەكرێت بەفەرمانی بەعسو خودی بەرزان تكریتی، پارتی هێرشی كردبێتە سەر كۆشكی حسێن ئاغای سورچیو گوندی كەڵەكین

گۆران وەهابو زانیار محەمەد

١٤ ساڵ لەمەوبەرو لە ١٩٩٦/٦/١٦و لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی پارتیو یەكێتی، پارتی هێزێكی زۆری كۆكردەوەو هەڵیكوتایە سەر كۆشكی حسێن ئاغای سورچیو گوندی كەڵەكین، كەئەوكات سەرۆكی حیزبی پارتی پارێزگاران عومەر ئاغای سورچی بوو، جگە لەوێرانكردنی گوندەكەو كوشتنی حسێن ئاغای سورچی، ژمارەیەك خەڵك كەژنو منداڵیشیان تێدابوو كوژرانو ژمارەیەكی زۆریش بەدیل گیران.

چواردە ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕدەبێت، دەستوور بەشێك لەوردەكاری ئەو كێشانە ئاشكرادەكات، كەبوونە هۆی ئەو هێرشە، زانیارییەكان ئەو گومانە بەهێز دەكەن، كەهێرشەكە بەفەرمانی بەعسو بەرزان تكریتی ئەنجامدرابێت.

پارتی پارێزگاران كەعومەر ئاغای برای حسێن ئاغای سورچی سكرتێری بوو، بارەگای سەرەكی حیزبەكە، لەكەڵەكین بوو، ماڵی سەرۆكی حیزبو سێ ئەندامی مەكتەبی سیاسی هەر لەو گوندەدابوو. گوندەكە دەكەوێتە ناوچەی سپیلك، لەسەر رێگەی نێوان حاجی ئۆمەرانو ناوچە سنوورییەكانی ئێران، ئاكرێو ناوچەی بادینان. كەناوچەیەكی تاڕادەیەك ستراتیژییە، بادینانو حاجی ئۆمەران بەیەك دەبەستێتەوە.

لەوكاتەدا هاتوچۆی بەرپرسانی پارتی بەو شوێنەدا دەبێت، دەبووایە بچنە سپیلكو لەوێوە بچنەوە ئاكرێ. سورچییەكان دووسەد تا سێسەد ساڵە لەو گوندە نیشتەجێن، موڵكی باو و باپیرانیانە.

گوندەكە سۆرانو بادینانی بەیەكەوە دەبەستەوە. بەپێی زانیارییەكانی دەستوور، بەرپرسانی پارتی لەوكاتەدا لەوە دەترسان پارتی پارێزگاران پەیوەندیی بەیەكێتییەوە بكەن. ئەندامانی پارێزگاران لەشەڕی ناوخۆدا، لەناوچەی بادینانو سۆران، ئەوەی یەكێتی بووایە دەیانبردە هەولێر، لەهەولێر ئەوەی پارتی بووایە دەیانبردە ناوچەی پارتی، تا نەكوژرێن، بەهۆی ئەوەی لەشەڕی ناوخۆدا پارتی لەناوچەی خۆی یەكێتیەكانی دەكوشت، یەكێتیش لەناوچەی خۆی پارتییەكانی دەكوشت.

### كێشەی نێوان سورچییەكانو پارتی چۆن روویدا؟

پارتی پارێزگاران یەكێك بوو لەو حەوت حیزبەی ناوبژیوانی نێوان پارتیو یەكێتی دەكرد، حەوت حیزبەكە بەلیژنەی هاریكاری نیشتمانی ناسرابوون. كەكاریان بۆ كۆتایهێنان بەشەڕی ناوخۆ دەكرد، زۆرینەی كۆڕو كۆبوونەوەكان بۆ ناوبژیوانیی یەكێتیو پارتی، لەبارەگای مەكتەبی سیاسیی پارتی پارێزگاران لەهەولێر ئەنجامدەدرا.

بەپێی زانیارییەكان كەدەستوور لەكەسانی ئاگادارو نزیك لەو كێشانەوە دەستیكەوتوون، لەوكاتەدا پارتی بیانوو بەپارتی پارێزگاران دەگرێتو گومانی بوونی جاسووسیان بەسەر پارتییەوە لێدەكەن، بەو هۆیەوە دانوستاندن لەنێوان پارتیو پارتی پارێزگاران دەستپێكرد.

ئەوكاتە گەورەی گوند حسێن ئاغای سورچی بوو، هەروەها سەرۆكی حیزب عومەر ئاغای سورچی بوو. هەموو كۆبوونەوەو دانوستاندنەكانی نێوان پارتی پارێزگارانو پارتی لەماڵی حسێن ئاغا ئەنجامدەدرا.

### كێشەكان زەقبوونەوە

رۆژی ١٩٩٦/٦/١٠ لەیەكێك لەبازگەكانی پارتی لەسپیلك كەناوچەیەكی سەربازیی پارتییە، حسێن ئاغا وەك ئیهانەیەك رادەگرن، لەو رووداوەوە كێشەكە زەقبووەوە.

ئێوارەی ١٩٩٦/٦/١٥ نامەیەك لەمەسعود بارزانییەوە بۆ پارتی پارێزگاران دەنێردرێت، تێیدا دەڵێت «ئێوە برای ئێمەن، ئێمە هیچ كێشەیەكمان لەگەڵ ئێوە نییەو بەیانی لای ئێوە دەعوەتم».

ئەوكاتە شەڕی نێوان پارتیو یەكێتی، لەوپەڕی گەرمیدا بوو. یەكێتی لەچەند لایەكەوە هێرشی بۆ سەر پارتی توندكردبووەوە، وەك ناوچەی سیدەكانو لەدۆڵی بالیسان، جگە لەوەی بەتەواوی كۆنترۆڵی هەولێری كردبوو.

بەرەبەیانی ١٩٩٦/٦/١٦ لەبری چوونی مەسعود بارزانی، هاوەنو قازیفە ئاراستەی گوندەكە دەكرێت، بەبێئەوەی هیچ پاساوێك لەئارادابێت.

لەكاتژمێر ٤:٠٠ی سەرلەبەیانی پارتی هێرشدەكاتە سەر كەڵەكینو لەكاتژمێر ١١:٣٠ی بەیانیدا دوای شەڕێكی زۆر لەنێوان هەردوولادا، گوندەكەیان داگیردەكرێت.

حسێن ئاغا لەبەر دەرگای ماڵەكەی كوژرابوو. سێ كەسی تریش لەگەڵ ژنێك كوژرابوو. چەند كەسێكیش برینداركرابوون. ئەمە جگە لەتاڵانكردنی گوندەكە، كۆمەڵێك كەسیان بەدیل گرتو بردیاننە ئاكرێ. گوندەكە ئەو كاتە ٥٠٠ ماڵی تێدا بوو.

### كوڕێكی حسێن ئاغا مەسەلەكە دەوروژێنێت

دوای ئەو رووداوە كوڕە گەورەكەی حسێن ئاغا كەناوی جەوهەرە، لەبەریتانیا مەسەلەكەیان دەگەیەنێتە حكومەتی بەریتانیاو لەدادگاش سكاڵایان دژی پارتی تۆماركرد.

پاشان سەركردایەتیی پارتی پارێزگاران دەچنە هەولێر، كەئەوكات یەكێتی لەهەولێر بوو.

بەرپرسانی پارتی پارێزگاران رایدەگەیەنن كەپێش رووداوەكە پەیوەندی پارێزگاران لەگەڵ یەكێتیو پارتی وەك یەك وابوو.

پارتی پارێزگاران لەنێوان پارتیو یەكێتی ناوبژیوانی دەكردو داوای ئاشتبوونەوەی لێدەكردن. پارتی پارێزگاران باوەڕیان نەدەكرد پارتی ئاوها بكات، چونكە لەساڵی ١٩٩١ گوندی كەڵەكین بارەگای سەرەكیی بەرەی كوردستانی لێبوو.

هەروەها پارتی پارێزگاران لەوكاتەدا وەك ناوبژیكارێك دیلو تەرمی یەكێتیو پارتیان بۆ ئەوی تر دەبردەوە.

### بەشێك لەمەبەستی پارتی لەو هێرشە ئاشكرادەبێت

پارتی پارێزگاران لەئەنجومەنی مافەكانی كەمەنەتەوەیەتییەكان لەجنێف لەساڵی ١٩٩٢ كورسی هەبوو، داوای مافی نەتەوایەتیی كوردی دەكرد، هەروەها پرۆژەی ویلایەتی موسڵی بەرزكردبووەوە. بەپێی زانیارییەكانی دەستوور پارتیو یەكێتی هەردوولایان ئەوەیان پێناخۆشبووە.

ئەو پارتە لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٩٤ دووەمین جار لەكۆبوونەوەی ئەنجومەنی مافەكانی كەمەنەتەوەیەتییەكان لەجنێف بەشداریكرد، وەك نوێنەری كورد، كە بەجلوبەرگی كوردییەوە، بەشدارییانكرد، لەو ئەنجومەنەدا بەرزان تكریتی نوێنەری حكومەتی عێراقی بووە، كەدانیشتنی یەكەم تەواوبووە، بەرزان تكریتی چووەتە سەر مێزی نوێنەرانی پارتی پارێزگارانو پێیگوتوون «كاری هەڵە مەكەن». ئەوانیش هیچ وەڵامیان نەداوەتەوە.

بەرپرسێكی باڵای پارتی پارێزگارانی كوردستان كەنەیوسیت ناوی بڵاوبكرێتەوە، رایگەیاند لەدانیشتنی دووەمدا نوێنەرانی پارتی پارێزگاران وتاریان خوێندووەتەوەو داوای جیاكردنەوەی ویلایەتی موسڵیان لەعێراق كردبوو، بەپێی پەیماننامەی سیڤەر. پێش تەواوبوونی دانیشتنەكە نوێنەری عێراق هاتبووە قسەو بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیە، نوێنەری عێراق وتوویەتی «ئەوانە هەتا دوێنێ پیاوی ئێمە بوون، ئەوانە مافیان نییە داوای ئەوە بكەن، ئەوانە ئەسڵەن كورد نین».

ئەو بەرپرسە وتی «دوای دانیشتنەكە بەرزان تكریتی دێتەوە سەر مێزی نوێنەرانی پارتی پارێزگارانو یەك جانتا پارە دادەنێتو پێیاندەڵێت: بێدەنگ بنو هەستن برۆنەوە عێراق».

پێشئەوەی بڕوات، عومەر ئاغا دەستی بەرزان تكریتی دەگرێتو پێیدەڵێت «ئەوە جانتاكەت، ئێمە كوردینو داوای مافی خۆمان دەكەین، فەرموو برۆ».

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، «بەرزان تكریتی جانتاكە وەردەگرێتەوەو دەڵێت ئەوە لەبیرنەكەن، بەسەرتانەوە ناچێت».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشدا كەپارتی پارێزگاران پێیانوایە هێرشەكەی كەڵەكین، داواكارییەك بوو بەعس لەپارتی كردووە، چونكە پاش چەند رۆژێك حیزبی بەعس هەولێری داگیركردو دواتر تەسلیمی پارتی كرد، لەرووداوەكەی ٣١ی ئابدا.

بەبۆچوونی ئەندامانی پارێزگاران، خاڵی راستەقینە بۆ تێكدانی گوندی كەڵەكین، پەیوەندیی پارتی پارێزگاران لەگەڵ یەكێتی نییە، بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دووجارەی وەرگرتنی كورسی لەجنێف، چونكە حكومەتی عێراق ناڕەزایی دەربڕی. بۆ پارتیش سوودی هەبوو، چونكە ئەو ناوچەیە لەژێر دەستی پارتی پارێزگاران نەماو ناوچەكە بۆ پارتی تەخت بوو.

سامی ستار ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی دیموكراتی كوردستان دەڵێت «لەكاتی خۆشیدا ئەو قسەیە دەكرا، كەپارتی بەئیعازی حیزبی بەعس ئەو كارەی كردبێت، بەڵام بەڵگەیەكی وەها لەبەردەستدا نەبوو».

هەورەها وتی «بەڵام گرنگ ئەوەیە راستییەكەی كامەیانە؟».

### بەرپرسانی پارتی ئامادەنین لەبارەی ئەو رووداوەوە هیچ لێدوانێك بدەن.

سامی ستار وتی «كاتێك لەگەڵا برادەرانی مەكتەبی سیاسیو سەركردایەتیی پارتیدا دانیشتنمانكرد كارەساتەكە واباسكرا كە لەدەرەوەی ئیرادەی هەردوولایەنمان بوون، ئەوان نكوڵی لەوەدەكەن ئەو كارەساتە لەبەرنامەیاندا بووبێتو بەنیازبووبن شتێكی وابكەن».

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا «ئەوان نكۆڵیان لەوەكرد كەئەو رووداوە بەرنامە بۆ داڕێژراو بووبێت».

### سورچییەكان دوای رووداوەكە دەچنە هەولێر

لەدوای كەڵەكین مەكتەبی سیاسیی پارێزگارانو تەواوی دەزگاو مەكتەبی حیزب دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر تا ٣١ی ئاب.

لە٣١ی ئابیشدا لەگەڵ حیزبە كوردستانییەكانی تر دەچن بۆ ناوچەكانی سەیران بەنو قاسمەڕەش.

بەرپرسانی پارێزگاران دەڵێن لەوكاتەشەوە تائێستا چەند دیلێكی پارتی پارێزگاران لای پارتی چارەنووسیان نادیارە.

### پارتیو بەشێك لەسورچییەكان رێكدەكەونو حیزبەكە لەتدەبێت

لە٢٠٠٣/٢/٥ عومەر ئاغای سورچی لەگەڵ پارتی ئاشتبووەوە، بنكەو بارەگای دانایەوە لەهەولێر بەناوی پارتی پارێزگارانی دیموكراتی كوردستان. بەشەكەی تری حیزبەكە لەسلێمانی بەناوی پارتی پارێزگارانی كوردستان مانەوە، كەزەیدی كوڕی عومەر ئاغای سورچی سكرتێریەتی.

زەید لەساڵی ٢٠٠٣ كۆنگرەی بەستو سەركردایەتیی نوێی دەستنیشانكرد بەناوی پارتی پارێزگارانی كوردستان.

لەساڵی ٢٠٠٥ نێچیرڤان بارزانی دەچێتە سلێمانی، لەگەڵ كوڕەكانی حسێن ئاغا دانیشت، بەڵام زەیدی كوڕی عومەر ئاغا ناچێت بۆ كۆبوونەوەكەی نێچیرڤانو كۆبوونەوەكە ئەنجامی خۆی بەتەواوی ناپێكێت.

بەو دانیشتنە تەنها كوڕەكانی حسێن ئاغا لەگەڵ پارتی ئاشتدەبنەوە، كەكوڕەكانی حسێن ئاغا دەچنەوە بۆ هەولێر، كۆمەڵێك لەئاوارەكانی پارتی پارێزگارانیش لەگەڵ ئەواندا چوونەوە بۆ هەولێرو لەوێ خانوویان بۆ دروستكرا.

### ئائێستا نزیكەی ١٥٠ ئاوارەی پارتی پارێزگاران لەسلێمانین

بەرپرسانی پارتی پارێزگاران لەسلێمانی بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیەی دەستوور رایانوایە كەداواكاریی پارتی پارێزگاران لەپارتی تەنها متمانەیە، چونكە تائێستاش متمانەیان بەپارتی نییە.

لای خۆیەوە، سامی ستار ئاماژەی بەوەدا كە لەسەروبەندی رووخانی رژێمی بەعسدا، باشترین كاتبووە كەهەموو كێشە ناوخۆییەكان وەلاوە بنێینو خۆیان یەكبخەنەوەو كێشەیەكی وەها نەمێنێت، كێشەی تایبەت بخرێتە سەرو هەموو كێشەكانی ترەوە.

ئەو وتی «لەو روانگەیەوە ئێمە لەگەڵا پارتی ئاشتبوینەوەو لەوكاتەوە نێوانمان زۆرباشەو لەو پەڕی باشیدایە».

هەروەها وتی «جەماعەتی سورچییەكان بەدوو شێوە لەگەڵ پارتی ئاشتبوویەوە لایەنێكی سیاسیو حیزبی بوو، لایەنەكەی تریشی عەشایەریش لەگەڵ كوڕەكانی حسێن ئاغای سورچیدا بوو».

بەپێی زانیارییەكانی دەستوور تائێستا تەنها ئەوانە قەرەبووكراونەتەوە كەلەگەڵ پارتییەكان رێككەوتوونو گەڕانەوە هەولێر.

سامی ستار، وتی «ئێمە وەك پارتی پارێزگاران، پێش كوڕەكانی حسێن ئاغای سورچی لەگەڵ پارتی ئاشتبووینەوە، ئەوان دوای ئێمە لەگەڵ پارتی ئاشتبوونەوە، كەئەوان وەك بنەماڵەو بەشێوەی عەشایەری لەگەڵ پارتی رێككەوتن».

لەبارەی هۆكاری لەتبوونی پارتی پارێزگاران، وتی «سەرەكیترین هۆكار ئەوەبوو كەئێمە بڕوامان وابوو باشترین كاتە نەك لەگەڵ پارتی، بەڵكو لەگەڵ هیچ لایەنێك كێشەمان نەمێنێت، ئەوانیش رایەكی حیاوازتریان هەبوو پێیانوابوو ئەو كێشەیە نابێت بەو شێوەیە چارەسەربكرێت، بۆیە هەر لەسەر ئەوە كێشەمان بۆ دروستبوو ئێمە گەڕاینەوەو ئەوان نەگەڕانەوە».

### مەسەلەی ئەندامەكانی پارتی پارێزگاران لەجنێف كۆتایی پێهات

چەند رۆژێك پێش ئێستا لەرۆژنامەی خەباتدا رۆژنامەنووسێك ئاماژەی بەوەدابوو كەئەو یەكەم كەس بووە لەجنێفو لەبارەی نەتەوەیەكگرتووەكان بەجلی كوردییەوە وتاریداوە، دواتر ئەدهەم بارزانی وەڵامداوەتەوەو دەڵێت «لەساڵی ١٩٩٥ منبووم یەكەم كەس لەوێ وتارمداوە لەگەڵ بەرزان تكریتی تووشی كێشەبووم».

سامی ستار دەڵێت «بەڵام یەكەم كەس عومەر ئاغای سورچیو وەفدی پارتی پارێزگاران بوون لەساڵانی ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٤ وتاریانداو لەگەڵ بەرزان تكریتی توشی كێشەبوونو بەرزان تكریتی هەوڵیدا وتارەكەیان پێببڕێت».

پارتی پارێزگاران تەنها تاساڵی ١٩٩٤ بەشداری دوو كۆبوونەوەی ئەنجومەنی مافەكانی كەمە نەتەوەییەكانیان لەجنێف كردووە، دواتر بەشداریان نەكردووە، لەساڵی ٢٠٠٢دا سكرتێری یاسای لیژنەی ولایەتی موسڵ كە كەسێكی سویسری بووە سەردانی پارتی پارێزگارانی كردووە لەسێمانی، بەڵام هیچ شتێكی پێنەبووە لەبارەی كۆبوونەوەی تری ئەو ئەنجومەنەو بەشداریكردنی پارتی پارێزگاران، واتە مەسەلەی ویلایەتی موسڵ بەردێكی خراوەتەسەر.



سەرکردەکانی یەکێتی دەڵێن ناڕەزایەتییەکان تەنها بۆ پۆستە
فۆتۆگراف: pukmedia

زانیار محەمەد

# شین بۆ هەریسەکە!

## کاندیدە دەرنەچووەکانی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێن سەرکردەکانی حیزبەکە دەست لەکوتلەچێتی بەرنادەن

لەدوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی لەکۆنگرەی سێیەمدا، کاندیدە دەرنەچووەکان ڕەخنە لەو ئەنجامانە دەگرن، بەڵام هیچ ڕەخنەیەک ڕووبەڕووی ستراتیژو بەرنامەو ڕوانگەکانی حیزبەکە ناکەنەوە.

ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دوای ٩ ساڵ لەبەستنی دووەمین کۆنگرە، سێیەمین کۆنگرەی لەماوەی ١٢ ڕۆژ ئەنجامدا، ئەوەش پاش دروستبوونی چەندان کێشەی ناوخۆیی ناو یەکێتیو جیابوونەوەی چەند سەرکردەیەکی ئەو حیزبە هات.

لەکۆنگرەدا ئەندامانی نوێی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی هەڵبژێران، هەرچەندە ٢٣٩ کەس خۆیان بۆ سەرکردایەتیو ٣٥٤ کەسیش خۆیان بۆ ئەنجومەنی ناوەند کاندیدکردبوو، کە ٥٠ ئەندام بۆ سەرکردایەتیو ٨١ ئەندامیش بۆ ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێران.

لەسەرەتای کۆنگرە ١٧ لیژنە پێکهێنران بۆ گفتوگۆکردنو خستنەڕووی ڕای ئەندامانو کارکردنی داهاتووی یەکێتی.

لەماوەی دوازدە ڕۆژی کۆنگرەدا، هیچ ناڕەزایەتییەکی گەورە لەسەر هیچ یەکێک لەو تەوەرانە نەبوو، کادیرانی یەکێتیو کاندیدە دەرنەچووەکان بەکۆی دەنگ سکرتێریان هەڵبژاردەوە، دوو جێگرەکەشی، جگە لەچەند دەنگێکی کەم، ئەوانیش زۆرینەی هەرە زۆر دەنگیان پێدان. ڕاپۆرتی ١٧ لیژنەکەش بەکۆی دەنگو زۆرینە پەسەندکرانو هیچ ناکۆکی یان مشتومڕێکی توندی نەهێنایە ئاراوە.

بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەند، ناڕەزایی لای زۆرێک لەکاندیدە دەرنەچووەکان لێکەوتەوە، دەڵێن بەهۆی دەستەگەرییەوە بوار بۆ کاندیدە گەنجەکانو بێپشتیوانەکان نەماوەتەوە. لەکاتێکدا ئەوان بەهیوابوون کۆنگرە کۆتایی بەململانێی کوتلەکان بهێنێت.

عەدالەت عەبدوڵڵا کاندیدی دەرنەچوو بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت لەکۆنگرەدا دەستەگەری هەبووەو کار بۆ کۆمەڵێک کاندیدکراوە، بۆیە ئەنجامەکانی کۆنگرە نەخوازراون.

عەدالەت وتی "ئێمە دەڵێین لەکۆنگرەدا دەستەگەری هەبووە، بەڵام ئەوان دەڵێن نەبووە، ئێمە هەرچییەک دەڵێین ئەوان دەڵێن وانییە، بۆیە ئەنجامەکانی کۆنگرە نەخوازراوبوونو ئەگەر بەقسەمان نەکەن یەکێتی زیاندەکات".

بەڵام سەرکردەکانی یەکێتی، لەناڕەزایەتییەکانی ئەو کادیرانە کەمدەکەنەوە، دەڵێن ناڕەزایەتییەکانیان تەنیا بۆ پۆستە، تێبینیو ڕەخنەکانیان تەنیا لەسەر پۆستەکانە، نەک بەرنامەو پەیڕەو پرۆگرام.

سەرچاوەیەک لەسەرکردایەتیی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی "ئەوان بۆیە ناڕازین، چونکە دەرنەچوون، ئەگەر دەربچوونایە، ناڕازی نەدەبوونو نەیاندەوت کۆنگرە شەرعییەتی نییە".

عەدالەت وتی "ئێمە تەنیا لەدوای کۆنگرە ناڕازیی نەبووین، بەڵکو چەندساڵێکە ناڕازینو داوای گۆڕانکاری لەناو یەکێتیدا دەکەین"، وتیشی "ئێمە بۆ پلەو پۆست کارناکەین، بەڵکو ویستوومانە دۆخی یەکێتی باشتر بێت".

هەرچەندە نۆ ساڵ بوو یەکێتی کۆنگرەی نەبەستوو، لەو ماوەیەشدا ڕووبەڕووی چەند قەیرانێکی قوڵبووەوە، بەڵام بەشێک لەکادیرانی ئەو حیزبە هیوای ڕیفۆرمو گۆڕانکاریی گەورەیان بەکۆنگرە هەبوو، بەتایبەت سەرکردەکانی حیزبەکە لەیەک دوو ساڵی ڕابردوودا زۆر جەختیان لەوە دەکردەوە، کەگۆڕانکاریو نوێبوونەوە دەکەن.

کامەران مەنتیک مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە بۆچوونی ئەو کاندیدە دەرنەچووانە پێش کۆنگرە، بۆچوونێکی میسالی بووە، کەپێیانوابووە لەکۆنگرەدا هەموو قەیرانەکانی یەکێتی چارەسەردەبێت.

مەنتیک بەدەستووری وت "ئەو کەسانە بەشێوەی میسالیانە تەماشای کۆنگرەیان دەکردو پێیانوابوو کۆنگرە کۆتایی بەقەیرانەکان دەهێنێت، بەڵام بەو شێوەیە دەرنەچوو، بۆیە ئەوان تووشی شۆکو نامۆیی بوون".

بەوتەی مستەفا چاڵاوایی کاندیدی دەرنەچوو بۆ سەرکردایەتیی یەکێتی "لەکۆنگرەدا دەستەگەری هەبووە، خەڵک هەبووە بۆ خەڵکی تر ئیشیکردووە لەسەر بنەمای کوتلەچێتی".

شاڵاوی عەلی عەسکەری ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕاگەیاند "زۆرجار لەکۆنگرەدا کۆمەڵێک خەڵک بەڵێن بەکاندیدێک دەدەن دەنگی بۆ بدەن، بەڵام دواتر بەڵێنەکان جێبەجێناکرێنو کاندیدەکەش تووشی حاڵەتی ناڕەزایی دەبێت".

لەبارەی دژایەتیکردنی بەئاشکرای دەستەگەری لەکۆنگەرەدا عەدالەت دەڵێت لەکۆنگرەدا هەموو ڕەخنەکانیان باسکردووەو خراونەتە ناو ڕاپۆرتی سکاڵاوە، "بەڵام هەر لەکاتی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی ناوەندا، ئەو ڕاپۆرتە پێشێلکراو گرنگیی پێنەدرا، کەگوێ بەکێشەکان نەدرێت، یەکێتی زیاندەکات".

شۆڕش حەسەن مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی دەڵێت کاندیدە دەرنەچووەکان ئەگەر تێبینی، یان ڕەخنەو ناڕەزاییان هەیە، پێویستبوو لەناو کۆنگرە هەڵوێست یان بەیاننامە یان چوونە دەرەوەیان دەربڕیپایە.

شۆڕش حەسەن بەدەستوور وت "ناڕەزایی کاندیدە دەرنەچووەکان، دوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، زیاتر بەهۆی بەدڵنەبوونی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنە".

وتیشی "هەڵوێستی ئەو کاندیدە دەرنەچووانە، هەڵوێستێکی لاوازە، چونکە دەبوو لەناو کۆنگرەدا هەڵوێستیان هەبووایە، ئێستا هەڵوێستیان گومانی بەرژەوەندیی زاتیی لێدەکرێت".

عەدالەت عەبدوڵڵاش وتی "کە قسەدەکەین، پێماندەڵێن ئەوە دەرنەچوون بۆیە قسەدەکەن، بۆیە بڕیارمداوە بێدەنگبم".

بەڵام فریاد ڕەواندزی وتی کاندیدە دەرنەچووەکان، ئازادن کەناڕازی بن بەئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

شاڵاوی عەلی عەسکەری وتی "کۆنگرە سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەندێک کەس نەیانتوانیوە دەربچن، ئێستا ناڕازین".

عەدالەت عەبدوڵڵا وتی "بەنیازنیم واز لەیەکێتی بهێنم، چونکە ئەوە چارەسەر نییە. بەرنامەشم ئەوەیە کێشەکان دەخەمەڕوو، وەک چۆن لەڕابردووشدا کێشەکانم خستووەتەڕوو، دیوە خراپەکانی ئەنجامەکان باسدەکەم".

شۆڕش حەسەن بەدووریزانی وازهێنانی کاندیدە دەرنەچووەکان لەیەکێتی کاریگەریی گەورە دابنێتو وتی "وازهێنانیان کێشە بۆ یەکێتی دروستدەکات، بەڵام کاریگەریی گەورەی نابێت".

# هەڕەشە لەپەکەکە دەکات

دەگرنەبەرو مامەڵەیەکی جیاواز لەوانەی ڕابردوو لەگەڵ دۆخەکەدا دەکەین».

لەلایەکی ترەوە جەبار یاوەر وتەبێژی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا ئەوە ئاشکرادەکات، کەئەوان چاوەڕێ ناکەن لەکاتی هێرشی زەمینی سوپای تورکیادا، ئەو سوپایە بەرەو قووڵایی خاکی هەرێم بێتە ناوەوە، بەڵکو پێیوایە کەهێرشەکە تەنها ڕۆژێک دەخایەنێت.

یاوەر وتی کەپاراستنی سنوورەکانی ناوچەکە لەئەستۆی حکومەتی ناوەندیی عێراقەو لەبەرامبەر هەر هێرشێکی دەرەکیشدا کەببێتە هۆی دروستبوونی هەڕەشە لەسەر سنوورەکانیان ئەوان بەرگری لەخۆیان دەکەن.

هەروەها جەیمس جێفری باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەئەنقەرە ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ یارمەتیدانی زیاتری تورکیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەکەکە نیشاندەداتو ڕایدەگەیەنێت ئامادەی لێکۆڵینەوەن لەهەر داخوازییەکی حکومەت یان سوپای تورکیا بەزووترین کات.

لەڕوونکردنەوەیەکی باڵیۆزخانەکەی ئەمریکادا هاتووە «پەکەکە دوژمنی هاوبەشی هەریەک لەتورکیاو ئەمریکایەو ئێمە بەهەموو شێوەیەک پشتگیری لەهاوپەیمانەکانمان بۆ کۆتاییهێنان بەو هەڕەشەی تیرۆرەی کە لەسەریانە دەکەین».

هەروەک ئاشکراشیکردووە کەهاریکارییە هەواڵگرییەکانی نێوان هەردوولا لەباکووری عێراق، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو لەئاستی خۆیدایە.

پارتی کرێکارانی کوردستان هۆشداریی دەداتە حکومەتی تورکیا کەئۆپەراسیۆنەکانی بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پارتەکە بوەستێنێت، ئەگەرنا چالاکییەکانیان دەگوازنەوە بۆ نێو تەواوی شارەکانی تورکیا.

ئەحمەد دەنیز لێپرساوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە ڕایگەیاند «ئەگەر حکومەت بەردەوامبێت لەهێرشکردنە سەرمان، ئەوا ئێمە بۆ شەڕکردن لەدژی هان دەداتو وامان لێدەکات چالاکییەکانمان فراوانتربکەین بۆ تەواوی شارە تورکنشینەکانی تورکیای بگوازینەوە».

دەنیز وتی تورکیا نایانەوێ کێشەی کورد بەڕێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەر بکات.

هێزەکانی پاراستنی گەل کەدەکاتە باڵی سەربازی پەکەکە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویانکردەوە کە لەچالاکییە جیاجیاکانی ئەمدواییەی گەریلاکانیاندا لەناوچەکانی چوکورجاو یوکسەکۆڤاو ئەلازغی تورکیا لانیکەم ٢٠ سەربازی تورک کوژراونو لەدواترین چالاکیشدا لەناوچەی شەمدینلی ٣٧ سەربازی سوپای تورکیا گیانیانلەدەستداوەو سێ گەریلاش بوونەتە قوربانی، ئەوە جگە لەدەست بەسەراگرتنی بڕێکی زۆر چەکو تەقەمەنی.

بەپێی ئەو ئامارەش کەهێزەکانی پاراستنی گەل بڵاویانکردووەتەوە لەسەرەتای ئەم مانگەوە تا ١٥ی مانگ سوپا ٢١ ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوەو گەریلاکانی ئەوانیش بە ٢٣ چالاکی هەستاون.

لەو ماوەیەشدا ٤٥ سەربازو ١٢ گەریلا کوژراون.

لەدوای هێرشەکەی گەریلاکانی پەکەکەوە بۆ سەر سەربازانی تورک لەناوچەی شەمدینلی، سوپای ئەو وڵاتە بەتۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان وەڵامی هێرشەکان دەداتەوەو لەئەنجامدا منداڵێکی تەمەن یانزە ساڵان گیانلەدەستدەداتو دوو کەسی دیکەش کەیەکێکیان منداڵە بەخەستی برینداربوون کەخەڵکی شیلادزێی سەر بەشاری دهۆکن.

# "لەو شوێنەی ئێران هاتووەتە ناو خاکی هەرێمەوە، هیچ گەریلایەکی لێنییە"

## کەلهور ڕێبین ئەندامی کوردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازاد (پژاك)

**گۆران خۆشناو لەهەولێر**



**پژاک: بۆردومانەکانی ئێران بۆ فشار دروستکردنە لەسەر هەرێم**

کەلهور ڕێبین ئەندامێکی کوردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)، ڕەخنە لەحیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران دەگرێت، بەوەی لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی یەکهەڵوێست نین لەبەرامبەر ئێران، دەڵێت دەبوو بەهۆی ئەو ناڕەزایەتییە جەماوەرییەی لەئێراندا هەیە، هەروەها ئەو دۆخو فشارەی وڵاتانی جیهان کردوویانەتە سەر ئێران، حیزبە کوردستانییەکان سوودی لێبببینن و یەکهەڵوێست بن.

کەلهور ڕێبین دەڵێت "ئەو بۆردوومانانەی ئێران دەیکات بەشێکی زۆری پەیوەندی بەفشار دروستکردنەوە هەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان"، ئاماژە بەوەشدەکات کە لەو ناوچانەی سوپای ئێران سنوورپیان بەزاندووەو بۆردومانی دەکەن هیچ گەریلایەکی پژاکی لێنییە.

**دەستوور:** تۆپبارانەکانی سوپای ئێران بەردەوامە، ئێوەش دەڵێن لەپێناو ئازادی وڵات تێدەکۆشین، هەوڵی نوێتان چییە بۆئەوەی ئەم دۆخەی ئێستا بەلایەکدا بەرن؟

**کەلهور ڕێبین:** ئێمە لەهەلومەرجێکی سیاسیداین و ئێران دەیەوێت بەناوی جیاجیاو بەناوی پژاک تۆپباران بکات، دەیەوێت فشارێک لەسەر باشووری کوردستان دروستبکات، چونکە لەحکومەتی داهاتووی عێراق ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت، ئێران دەیەوێت حکومەتی عێراقی داهاتوو بەلای مالکیدا ببات، بۆ ئەمەش دەیەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی هەبێت، لەلایەکیتریشەوە ئێران فشارێکی نێودەوڵەتی لەسەرە بەهۆی چەکی ئەتۆم، لەو پێناوەشدا دەیەوێت تورکیا بۆ لای خۆی کێش بکاتو بەیەکەوە هێرش بکەنە سەر باشووری کوردستان و ئەو مەترسییەی لەسەریەتی کەمیبکاتەوە، هەردوولا بەیەکەوە چەند ناوچەیەکی کوردستانیان بۆردومان کردووەو قەتلوعامی کوردان دەکەن.

ئێمە ئەو هێرشکردنە بۆ سەر بەشێکو پارچەیەکو پارتێک نابینین، بەڵکو ئەوە هەڵوێستێکە دژ بەهەموو گەلی کورد، ئەو شوێنانەی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە تۆپباران کراون لەحاجی ئۆمەران و بەردەنازو پشدەرو سیدەکان و...هتد، ئەو شوێنانەی هێزی لێهێناوەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوەی ئەمە بەناوی پژاک بزانێت هەڵەیە، چونکە هێزی ئێمە لەحاجی ئۆمەراندا نییە لەقەلادزێ نییە کەتۆپباران لەنزیک قەڵادزێ کراوە، ڕەبایەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنووری حاجی ئۆمەران و سیدەکانەو تۆپبارانیش دەگاتە ئەوێ، تورکیاش بەهەمان شێوەیە خەڵکی گوندنشین و سیڤیلی خستووەتە بەر بۆردومان، ئەمە بوارێکی سیاسی خۆی هەیە، لەو چوارچێوەیەدا پێویستە گەلی کورد کێشەکە بەیەکجاری چارەسەربکات.

**دەستوور:** دەوترێت ئێوەش بەنیازن ئەگەر ئێران بەردەوامبێت لەو بۆردوومانانە، ئەوە چالاکی خۆتان دەبەنە ناو شارەکانی ئێران، وەک تەحەدایەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆردوومانانە؟ پێشتریش بەرپرسانی پەکەکە ئەوەیان بەتورکیا ڕاگەیاندووە.

**کەلهور ڕێبین:** ئێمە هیچ کاتێک شارمان بەئامانج نەگرتووەو نامانەوێت شەڕی چەکداری بکەین، هێزی خۆمان لەبواری کلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکاربهێنین، هێزی سەربازییشمان بۆ پاراستنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بەکاردەهێنین، ئەگەر ئێران بەم چەشنە بەردەوامبێت، ڕازی نابین و لەچوارچێوەی وەڵامدانەوە کاردەکەین، ئێستا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گەریلاکانمان لەوێن لەکرماشان و مەریوان و دالاو سەڵماس و موکریان و ورمێیە...هتد، چالاکیمان لەسنووری باشوری کوردستان نەبووە، چالاکیمان لەناوەوەی ئێراندایە، لەسنووری نێوان باشووری کوردستان و ئێراندا چالاکی ناکەین و نەمانکردووە.

**دەستوور:** هەندێک پێیانوایە ئێوە بەشێکن لەو ناڕەزاییانەی کە لەئێران و بەتایبەتیش لەمدواییانە لەشارە کوردییەکان دروستبووە لەدژی دەسەڵاتی ئێران، ئایا پێتوانییە بۆردوومانە چڕەکانی ئەمدواییە وەڵامێک بێت بۆ ئەو ناڕەزاییانەی دروستبووە؟

**کەلهور ڕێبین:** ئێمەش وای لێکدەدەینەوە، ئەو سیاسەتەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کەبەرامبەر گەل بەڕێوەچوو، دەوڵەتی ئێران گەلی کوردی سەرکوت کردووە، بەڵام گەلی کورد خاوەنداریەتیان لەشەهیدی خۆیان کردو پشتگیریان بۆ چالاکوانانی لەسێدارەدراو ڕاگەیاند، بۆیە ئێران لەسەر ئەو ناڕەزایانە تۆپبارانی کرد، بەڵام ئەو تۆپبارانە بەتەنیا گرێدراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەکوردستانی باشووریش گرێدراوە، دەیانەوێت فشارێک لەسەر باشوور دروستبکەن، بەتایبەت دەزانن کەهەرێم لەحکومەتی داهاتووی عێراق ڕۆڵی دەبێت، دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکەو بەشێکی هەرە گەورەی باشووری کوردستانە، بەشێکیش پەیوەندی بەنێوانی تورکیاو ئێرانەوە هەیە.

**دەستوور:** ئێوە لەئێستادا بەیەکەم حیزبی چەکداری و چالاکی کوردی دژ بەئێران ئەژماردەکرێن، ئایا بەردەوامدەبن لەچۆنیەتی کارکردنی خۆتان لەئێستادا؟

**کەلهور ڕێبین:** ئێمە هێزەکەمان بۆ پاراستنی ڕەوای گەلەکەمان بەکاردێنین، لەکارو خەباتو پەیڕەو پڕۆگرامامان هیچ کات شەڕی چەکداریمان ڕانەگەیاندووە، نەمانوتووە دژی ئێران شەڕ دەکەین، بەڵکو لەچوارچێوەی پاراستنی خۆمان بەکارمان هێناوە، لەدواین کۆنفرانسی خۆمان بەسیستمبوونی کارو خەباتمان بڕیارداوە لەو چوارچێوەیە بەردەوام بین و لەبواری سیاسی و جڤاتی، کاتێکیش کەگەلی ئێمە مەترسی لەسەربێت لەهەموو بوارەکانی ژیان لەچوارچێوەی پاراستنی ڕەوای گەلی خۆمان، وەڵامدەدەینەوەو سوورین لەخەباتی خۆمان و کار بۆ ئامانجەکانمان دەکەین.

**دەستوور:** دەوترێت لەساتێکی لەم جۆرەدا کەناڕەزایی لەوڵاتی ئێران زیاتر بووەو وڵاتانی جیهانیش هەڵوێستەکانیان لەسەر ئێران توندتر کردووەتەوە، پێویستە حیزبە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران کاراتربن و بەدوای هەلدا بگەڕێن، بەڵام هەستدەکرێت ئەوە بەدی ناکرێت، ئایا پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟

**کەلهور ڕێبین:** تائێستا هەندێ بەرژەوەندی تاکی و حیزبی لەلایەن هەندێ ڕێکخراوەوە ڕێگەی نەداوە لەچوارچێوەی بەرژەوەندی گەل بیربکەنەوە، نامەیەکی کراوەمان بۆ هەموو پارتو ڕێکخراوەکان ناردووە کە لەبەرەیەکدا یەکبگرین و دەست لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەربدەین، چونکە نرخی گەل لەمەترسیدایەو پێویستی بەهەڵوێستێکی یەکگرتوو هەیە تا ڕووبەڕووی دوژمنان ببینەوە، کەبمانەوێت دەسکەوت بەدەستبێنین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەندێ بەرژەوەندی تاک نەتوانراوە یەک هەڵوێست بین.

**دەستوور:** هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوان وڵاتانی بیانی دژ بەئێران بەتایبەت ئەمریکاو ئێوەدا هەیە بۆ هەماهەنگی و کارکردن لەدژی ئێران؟

**کەلهور ڕێبین:** تائێستا پەیوەندیمان نەبووە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت ئەمریکا کەدژی ئێرانن، ئێمە دەمانەوێت لەجێگای ئەوەی پشت بەهێزەکانی دەرەوە ببەستین و ڕایانکێشینە لای خۆمان، هەوڵدەین بۆ کۆکردنەوەی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناو ئێران.

# تورکیا گەورەترین هێرشی زەمینی ئەنجامدەدات

## سەرۆکایەتی هەرێم، لەبری ئیدانەی سنووربەزاندنەکان لەلایەن تورکیـاوە

**محەمەد عەلی**

تورکیا هێزێکی زۆری لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کۆکردووەتەوە، بەنیازی گەورەترین هێرشی زەمینییە بۆ سەر پەکەکە، پەکەکەش هەڕەشەی وەڵامدانەوەی توندی سوپای تورکیا دەکات. سەرۆکایەتی هەرێمیش ڕایدەگەیەنێت کەرێگە بەگەریلاکانی پەکەکە نادات سنووری هەرێم بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی تر بەکاربهێنێت.

ڕۆژنامەی میللیەتی تورکی بڵاویکردووەتەوە کە لەدوای هێرشەکەی ناوچەی شەمدینلی کە لەلایەن گەریلاکانی پەکەکەوە، کرایەسەر سوپای تورکیاو بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەک سەرباز، لەبەرامبەردا سوپای تورکیا ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی بەرفراوانی زەمینی بۆ سەر کەمپەکانی پەکەکە دەکات.

ئەگەرچی ماوەیەکە تورکیا سنوورەکانی هەرێم دەبەزێنێتو بەبیانووی هێرشکردنە سەر پەکەکە دێتە ناو خاکی هەرێمەوە، بەڵام تائێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی بەزاندنی سنوورەکانەوە لەلایەن بەرپرسانی هەرێمەوە نەدراوە.

پێشتریش و هەفتەی ڕابردوو ڕۆژنامە تورکییەکان بڵاویانکردەوە کەهێزە سەربازییەکانی سوپای وڵاتەکەیان دوای دوو ساڵ لەبەزاندنی سنووری باکووری عێراق لەمانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨دا، جارێکی دیکە ئەو سنوورانەیان بەزاندووەتەوەو چەکدارانی پەکەکەیان بەرەو کەمپەکانیان بەرەو نێو خاکی هەرێم پاشەکشە پێکردووە.

دوای هێنانی ئەو ژمارە زۆرە لەسەربازو جبەخانەو چەکو فڕۆکەی جەنگی لەلایەن تورکیاوە بۆ سەر سنوورو جموجۆڵی سەربازی بەرچاو لەوناوچانە، فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی تورکیا ئامادەکاری بۆ هێرشێکی زەمینی دەکات، پێشیوایە لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەو هێرشە دەستپێدەکات.

وتەبێژێک بەناوی سەرۆکایەتی هەرێم ڕۆژی دووشەممە، لەبەیاننامەیەکدا هەڕەشەی ئەوەی لەپەکەکە کردووە کەرێگەی پێنادرێت خاکی هەرێم بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنێت. بەبێئەوەی ئیدانەی هێرش و سنووربەزاندنەکانی تورکیا بکات.

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کەئەوان بەهێرشە ئاسمانییەکان و تۆپبارانکردنی سنوورەکانمان ناڕەحەتبوون و وتی «ئەگەر ئەو تۆپبارانانە بەردەوامی هەبێت، ڕێوشوێنی دیبلۆماسی

# کورد ڤیتۆی نەما!

## نوێنەرانی کورد دەڵێن ڕێگری لەهیچ سەرکردەیەکی عێراقی ناکەن کەپۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت

**گۆران خۆشناو لەهەولێر**

نوێنەرەکانی کورد دەڵێن دەستبەرداری ئەو ڤیتۆ بەهێزە بوون، کە بەهۆیەوە ئیبراهیم جەعفەری لەپۆستی سەرۆک وەزیران دوورخستەوە، بەڵام پێدەچێت بەهۆی لاوازی پێگەیان ڤیتۆکەیان لەدەستدابێت.

لەپێکهێنانی حکومەتی رابردووی عێراقدا لەساڵی ٢٠٠٥، ئەگەرچی ئیبراهیم جەعفەری کاندیدی بەهێزی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو لەلایەن لیستی ئیئتیلافی شیعەکانەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتیوانی کوردەکان لەوەرگرتنی ئەو پۆستە بێبەشبوو، بەڵام ئەمجارە کوردەکان رایدەگەیەنن کەڤیتۆیان لەسەر هیچ سەرکردەیەکی عێراقی نییە لەوەرگرتنی ئەو پۆستەدا.

نوێنەرانی کورد ئەوکات رەخنەی ئەوەیان لەئیبراهیم جەعفەری دەگرت کەتاکرەوانە بڕیار دەداتو دژی خواستەکانی کوردە، بۆیە رەتیانکردەوە کەمتمانەی خۆیانی پێبدەن، بۆیە ئیبراهیم جەعفەری نەیتوانی بۆ جارێکی تر ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، کەپێش هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو.

فوئاد مەعسوم ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وتی "شاندی کوردی هیچ مەرجی نییەو هەروەها ڤیتۆی لەسەر هیچ کەسێک نییە کەسەرۆکایەتی حکومەتی داهاتووی پێدەدرێت".

فوئاد مەعسوم وتی "هەر کەسایەتییەک کەدەبێتە پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران ئێمە گرفتمان لەگەڵیدا نییە".

نەجیب باڵەتەیی سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەندامی شاندی دانووستانکاری ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان، وتی "ئیئتیلافی کوتلە کوردستانییەکان ڕێگری لەبەردەم هیچ کەس دروستناکات، مەگەر تەنها کەسێک نەچێتە ژێر جێبەجێکردنی ئەو مافە دەستوورییانەو گرەنتییەک پێشکەش نەکات بۆ پابەندبوونی بەدەستوورەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافە دەستوورییانەی کەئەم هەرێمە هەیەتی".

ئەگەرچی نوێنەرانی کورد لەبەغدا بەردەوام ئەوەیاندەوتەوە کەکورد سووردەبێت لەسەر جێبەجێکردنی خواستەکانی، بەڵام نە لەحکومەتی جەعفەریو نە لەحکومەتی مالیکی نەیانتوانی داواکانی کورد جێبەجێ بکەن.

نەجیب باڵەتەیی وتی "هەرکەسێک هەر ناونیشانێکی هەبێت، ئێمە بزانین دڵنیامان ناکات لەپاراستنی مافە دەستوورییەکانو پابەندبوونی بەدەستوورەوە، ئێمە بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدەین ڕێگربین لەبەردەمیدا بۆ وەرگرتنی پۆسستی سەرۆک وەزیران".

نوێنەرانی کورد تائێستا هیچ کەسێکی عێراقییان دیارینەکردووە کەقبوڵی بکەن بۆ ئەو پۆستە یان بەپێچەوانەوە، ئەوان دەڵێن بەهۆی ئەوەی لەئەزموونی زۆربەی کەسە سیاسییەکان شارەزان، بۆیە کام لەو کەسە سیاسییانە کەهەوڵی وەرگرتنی ئەو پۆستە دەداتو گرەنتی جێبەجێکردنی داواو پابەنددەبێت بەدەستوورەوە ئەوە قبوڵ دەکەن.

باڵەتەیی وتی "کامیان زۆرتر خزمەت بەمافە دەستوورییەکانمان بکاتو ئەو هەرێمە بپارێزێت ئێمە لەگەڵ ئەوین".

بەڵام بەبڕوای چاودێرانی سیاسی بەهۆی کەمی کورسییەکانی کوردو لەدەستدانی دووەم گەورەترین لیست لەئەنجومەنی نوێنەران، پێگەیان هێندە بچوک بوەتەوە، کەمافی ڤیتۆیان پێنابەخشێت.

محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، دەڵێت پێگەی کورد لاوازبووەو ناتوانێت مەرج بەسەر لیستەکانی تردا بسەپێنێت. وتی "دەبێت ئەمان چاوەڕێی لیستەکانی تر بکەن، بانگیان بکەنو بەشداریان پێبکەن".

مەحمود عوسمان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەی روونکردەوە کەئەوان وەک شاندی کوردی لەگەڵ هەموو لیستەکان کۆدەبنەوە بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی. دەڵێت "دژی ئەو نینو باسی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش دەکەین، ئەوەش مانای ئەوەیە کەئێمە هێڵی سوورمان بۆ کەس نییەو ڤیتۆ دژی کەس بەکارناهێنین".

ئیبراهیم جەعفەری لەئێستادا کاندیدێکی تارادەیەک بەهێزی وەرگرتنی ئەو پۆستەیە لەنێو سەرکردە عێراقییەکاندا، کوردەکانیش دەڵێن ڤیتۆمان لەسەری نییە.

مەحمود عوسمان وتی "جاری پێشوو جەعفەری ویستی لەتورکیا موئامەرە لەئێمە بکات، بۆیە ئێمە دژی وەستاینەوەو رەتمانکردەوە، ئەمجارە بەگرەنتی دانیشتنەکانو رێککەوتنەکان ئەنجامدەدەین".

ئێستا رەوتی سەدر گەورەترین ڤیتۆیان دژی مالکی بەکارهێناوەو هەمان سیناریۆی کوردەکان دووبارەدەکەنەوە کە بەرامبەر جەعفەری کردیان، بەهۆی ئەو پێگە بەهێزەی لەئیئتیلافی نیشتمانی هەیانە، هەرچەندە رەوتی سەدر پێشتر لەحکومەتی مالکی کشایەوە، بەڵام نەیتوانی حکومەتەمەی بخات.

پێدەچێت ئەمجارە کورد ڤیتۆکەی وەک سەدرییەکان لەخولی پێشوو کردیان، بخاتە دوای پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەوکات هیچ کاریگەرییەک نەکاتە سەر کابینەی حکومەت.

جەوهەر نامیق سالم، کەسایەتی سیاسی دەڵێت کورد ڤیتۆی نەبووە تاوەکو بتوانێت بەکاریبهێنێت، وتی "هاوپەیمانی نە لەئێستاو نە لەداهاتوودا شتێکی نەبووە بەناوی ڤیتۆوە".

لەبارەی مەسەلەی لابردنی جەعفەرییەوە، جەوهەر نامیق وتی "ئەوە تەنها کورد نەبوو کەدژی ئەو بوو، چەند لایەنێکیش پشتیوانیان لەلابردنی دەکرد".

جەوهەر نامیق پێیوایە هێزی کورد بۆ بڕیاردانو بەشداریکردن لەحکومەتدا، پەیوەست نییە بەمەسەلەی ژمارەی کورسییەکانییەوە، چونکە رێژەی ژمارەی کورسییەکانی کەمە، بەڵام وتی "هێزی کورد لەژمارەی کورسییەکانیدا نییە، بەڵکو لەشەرعییەتی خۆیدایە کەدەبێت لەحکومەتدا بەشداربێت".



کورد هێڵی سوردو ڤیتۆی بۆ سەرکردە عێراقییەکان دانەناوە

> هێزی کورد لەژمارەی کورسییەکانیدا نییە، بەڵکو لەشەرعییەتی خۆیدایە کەدەبێت لەحکومەتدا بەشداربێت

# "ئەو گەڕەکەی ماڵی بەرپرسی لێبێت خزمەتگوزاری بۆ چووە"

## جێگری پارێزگاری کەرکوك: دەسەڵاتی لێپێچینەوەمان لەگەڵ یەك بەڵێندەر نییە

**زانیار داقوقی لەکەرکوک**

راکان سەعید جبوری جێگری پارێزگاری کەرکوک، بێدەسەڵاتی خۆیان وەکو پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگا رادەگەیەنێت، دەڵێت وەکو پارێزگاری کەرکوک دەسەڵاتی لێپێچینەوەمان لەگەڵ یەک بەڵێندەردا نییە.

راکان سەعید جبوری کە لەنەتەوەی عەرەبە، لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا راشکاوانە دەڵێت ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک شارەزایی چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژەکان نینو ناتوانن چاودێری پرۆژەکان بکەن. دانبەوەشدا دەنێت کەئەوان وەکو پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگار کەوتوونەتە ئەو هەڵەیەوە کەنەیانتوانیوە رێگری لەوە بکەن، کەبەرپرسە حکومیو حیزبییەکانی شارەکە، پرۆژەکان بۆ گەڕەکو ناوچەکانی خۆیان نەبەنو دەڵێ ئەو ناوچەیەی بەرپرسی لێبێت پرۆژەی خزمەتگوزاری باشی بۆ دەکرێت.

راکان وتی "لەشاری کەرکوکدا نزیکەی ٥٠٠ پرۆژەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەیەو لەئێستادا ئیشی تێدا دەکرێت، بەڵام ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا شارەزاییان لەپرۆژەکانو چاودێری پرۆژەکان نییەو زۆرجار پرۆژەی خزمەتگوزاری پلانی دەگۆڕدرێت".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەپرۆژە هەیە لەلایەن وەزارەتەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام لەپڕێکدا پلانی ئەو پرۆژەیە دەگۆڕدرێت بۆ پرۆژەیەکی تر، بەبێئەوەی کەس دەسەڵاتی لێپێچینەوەی هەبێت.

هەروەها وتی کەزۆربەی پرۆژەکان لەکاتی خۆیاندا تەواو نابن، چەندین مانگ دوادەکەوێت، بەبێئەوەی کەس لەهۆکارەکانی بپرسێتەوە.

جبوری روونیکردەوە کەئەوان وەکو پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگار بۆ لێپێچینەوەو بەمەبەستی دوورخستنەوەی بەڵێندەری پرۆژەکان، بۆیان نییە لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ کامێکیان بکەن. وتی "چونکە وەزارەتی پلاندانان بەهیچ جۆرێک بەگوێی ئێمە ناکاتو فەرمانەکانمان پشتگوێدەخات".

جێگری پارێزگاری کەرکوک ئاماژەی بۆئەوەشکرد کەدەبێت ئەنجومەنی پارێزگا هەر پرۆژەیەکی سەقەتی ئاشکراکرد، بەراپۆرت بیداتە پارێزگا، یان دەبێت ئاگاداری ئیدارەی پارێزگا بکرێتەوە، بەڵام ئەوەش نەکراوە.

لەئێستادا شاری کەرکوک کێشەی کەمی خزمەتگوزاریو گەندەڵی ئیداری هەیە، بەرپرسانی شارەکەش ئەوە ناشارنەوە کەبەهۆی گەندەڵییەوە خزمەتگوزاری کەمترو درەنگ تر بەهاووڵاتیانی شارەکە دەگات. ساڵی رابردووش وەک هەوڵێکی پارێزگای کەرکوک بەرپرسانی پارێزگاکە چەندین بەڵێندەرو کۆمپانیایان خستە لیستی رەشەوە، بەڵام دواتر ئەو کۆمپانیایانە کەوتنەوە کارکردن لەشارەکەدا.

راکان سەعید وتی "بەهۆی گەندەڵی لەلایەن بەڵێندەرەکانەوە، پارێزگا بەشێکی زۆری کۆمپانیاو بەڵێندەرەکانی خستە لیستی رەشەوە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان بڕیارەکانی پارێزگای رەتکردەوەو دووبارە پرۆژەی خزمەتگوزاری بەخشییەوە بەو بەڵێندەرانەی کە لەلیستی رەشدان".

هەروەها وتی "وەزارەتی پلاندانان هاوکاریی ئەو کۆمپانیانە دەکات کەگەندەڵن".

هەرچەندە جێگری پارێزگاری کەرکوک ئەوەی رەتکردەوە کە لەکەرکوک پرۆژەی خزمەتگوزاری بەهۆی سەقەتی پرۆژەکەوە دووبارەکرابێتەوە، بەڵام وتی لەکەرکوک گەندەڵی هەیەو تائێستا بەمەبەستی گەندەڵی لەفەرمانگا حکومییەکان چەندین بەرپرسو فەرمانبەر، ناوەکانیان لەلایەن دەستەی نەزاهەوە رەوانەی دادگا کراون، وتیشی "زانیاریم لەسەر رێژەی کەسەکان نییە".

راکان جبوری باسی لەوەشکرد کەگەندەڵییەکە لەکەرکوک بەشێوەیەکە کەهەر ناوچەیەک بەرپرسی حکومی یان حیزبی هەبێت، ئەوا ئەو ناوچەیە هەموو جۆرە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ کراوە، وتی "بەپێچەوانەشەوە هەر ناوچەیەک بەرپرسی نەبێت، لەپرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەشەو پشتگوێخراوە".

ئەو بەرپرسە عەرەبە پێیوایە ئەو یارمەتییەی کەحکومەتی هەرێم بۆ پارێزگای کەرکوک تەرخانیدەکات، بەرپرسە کوردەکانی شارەکە بۆ ئەو ناوچانەی دەبەن کەخۆیان مەبەستیانە، وتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ کەرکوک تەرخاندەکات، بەڵام بەرپرسە حیزبییەکانی شارەکە بەمەبەستی خۆیانو حیزبەکانیان لەناوچەکانی خۆیان ئەنجامیدەدەن، تائیستا پرۆژەی خزمەتگوزاری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ کەرکوک، ناوچە عەرەبیو تورکمانەکانی نەگرتووەتەوە".

جبوری وتی "زۆر لەناوچە عەرەبنشینەکانی داقوقو تازەو ناوشاری کەرکوک، پرۆژەی خزمەتگوزاری نایانگرێتەوە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەنجومەنەکانی داقوقو تازە لەکوردو تورکمان پێکهاتوون، ئەوانیش عەرەبەکانیان پشتگوێخستووە".

هەروەها وتی "ئەو ناوچانە لە٩٠٪ لەپرۆژەی خزمەتگوزاری بێبەشکراون".

# سایلۆکان بەرگەی دانەوێڵەی ئەمساڵ ناگرن

## جوتیاران شەو و رۆژ لەبەردەم سایلۆکاندا دەکەنەوەو پارەیەکی زۆر لەکرێی مانەوەیاندا خەرج دەکەن

مەعاز فەرحان لەسلێمانی

عەلی مەحمود ماوەی شەش رۆژە لەشارەزوورەوە گەنمی هێناوە بۆ سایلۆی سلێمانی، تائێستا نۆرەی نەهاتووە بۆئەوەی "رەنجی ئەمساڵ"ی قەپان بکاتو بە "گیرفانی پڕە"وە بۆ لای ماڵو منداڵی بگەڕێتەوە.

عەلی بەنیگەرانیەکەوە باسی لەکارەکانی سایلۆ کرد، وتی"پشکنینەکە زۆر خاوە، یەک پشکنین هەیە کەدەبوو زۆر بوونایە، کارمەندەکانیش وەک پێویست کارناکەنو زوو دەست لەکارکردن هەڵدەگرێن".

بەهۆی ئەو لێشاوە زۆرەی جوتیارانەوە بەمەبەستی فرۆشتنی بەرهەمی دانەوێڵە روویان لەسایلۆکان کردووە، جوتیاران ناڕەزایی دەردەبڕن لەسستی پشکنینو چەندین رۆژو شەو لەبەردەم سایلۆکان دەمێننەوە پارەیەکی زۆر لەکرێی ئۆتومبێلدا خەرج دەکەن، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانیش دەڵێت پێویستیان بەکردنەوەی سایلۆی ترە.

عەلی بەدەستووری وت "کرێیەکی زۆر دەدەین بەئۆتۆمبێلەکان، هیوادارم پارێزگاری سلێمانی خۆی سەردانی ئەم سایلۆیە بکاتو گوزەرانی ئەو جوتیارانە ببینێت".

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی بەغدا، ئەمساڵ حکومەت خۆی لەرێگەی سایلۆکانەوە بەرهەمی گەنمو جۆ لەجوتیاران وەردەگرێت، وەرگرتنی گەنم بەپێی تایبەتمەندی گەنمەکە دەبێتو نرخەکەشی دیاریدەکرێت.

یەک کیلۆ گەنمی نمرە یەک بە٦٥٠ دینارو نمرە دوو٥٥٠ دینارو جۆ بە ٤٥٠ دینار لەجوتیاران وەردەگیرێت.

لەبازاڕدا فرۆشتنی گەنم بەنرخێکی کەمترە، بەڵام قەرەباڵغی بەردەم سایلۆو مانەوەی جوتیاران بۆ ماوەی چەند رۆژێکو گرانی کرێی نرخی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکان، جوتیارانی ناچارکردووە کەخۆزگە بەوەبخوازن گەنمەکەیان لەبازاڕدا بفرۆشن.

کرێی ئۆتۆمبێلەکان بۆ یەک شەو کەجوتیاران دەیدەن بەشۆفێران بۆ تراکتۆر ٣٠ هەزار دینار، گەڵابە ٥٠ هەزار، گەڵابەی سکانیا ٧٥٠ هەزار، ترێلە ١٠٠هەزار دینارە.

مام رەحیم لەبازیانەوە هاتبوو ئۆتۆمبێلێک بگرێت بۆ ئەوەی گەنمی پێبهێنێت، وتی "هەرچۆنێک لێکیدەدەمەوە، گەنمەکەم هێندەی کرێی ئۆتۆمبێلەکان نابێتو هیچم بۆ نامێنێتەوە، چونکە ١٠تا١٥ رۆژی دەوێت تانۆرەم دێت".

هەندێ لەجوتیاران پێیانباشە نمونەی گەنمەکان بهێنرێتو پشکنینی بۆ بکرێت، ئەگەر وەرگیرا ئینجا هەموو گەنمەکە بهێنرێت، چونکە هەندێک جوتیار دوای ئەوەی کەچەندین رۆژ لەبەردەم سایلۆ ماونەتەوە، کەچی گەنمەکەیان لەژێر پشکنیندا دەرنەچووە.

کامەران سابیر لەسەیدسادقەوە گەنمی هێناوەو نۆ رۆژە لەبەردەم سایلۆی سلێمانیدایە، بێزارییەکانی خۆی نەشاردەوە. وتی "قەپانەکە زوو دایدەخات جاری واهەیە بەئۆتۆمبێلەکەوە قەپان دەکرێت، بەڵام تاگەنمەکە دەڕێژین بۆئەوەی بەجیا قەپان بکرێت کارمەندەکان قەپانەکە دادەخەن، کێشەیەکی تر ئەوەیە هەندێ گەنم وەرناگیرێت، لەبەرئەوەی لەپشکنیندا دەرناچێت".

کامەران پێشنیار دەکات یارمەتی جوتیاران بدرێت، بۆئەوەی نمونەی گەنمەکەیان بهێنن، نەک هەموو گەنمەکە، کرێیەکی زۆریش بدەن لەپشکنینیشدا دەرنەچێت.

جوتیاران ئاماژە بەوە دەدەن کەساڵی پار نرخی گەنم بەرزتر بووە لەئەمساڵ، محەمەد تۆفیق لەبازیانەوە دوو تەن گەنمی هێنابوو، وتی "ساڵی پار نرخی فرۆشتنی گەنم زۆر بەرزتر بوو لەئەمساڵ، هەروەها پار گەنمی دەرەجە سێش هەبوو ئەمساڵ ئەویشیان نەهێشت".

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی ئاماژە بەوەدەدات ئەو قەرەباڵغیەی کەدروستبووە کەمتەرخەمی ئەوان نییەو ئەوەی لەتوانای ئەواندایە کردوویانە.

خالید حەمید مەحمود بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "لە٥/٢٩ وە مەرکەزمان کردوەتەوە رۆژانە ١١٠تا ١٢٠ ئۆتۆمبێل وەردەگرین، کەرۆژانە دەکاتە ١٣٥٧ تەن هەرئەوە لەتوانای ئێمەدایە، ئەم قەرەباڵغیە هۆکەی ئەوەیە کەئەمساڵ بەروبومی گەنم زۆرە".

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی وتی "ئێمە کەمتەرخەمیمان نەکردووە".

خالید حەمید ئاماژە بەوەدەدات کەگەنمە وەرگیراوەکان لەکوردستاندا دەمێننەوە، ئەو وتی "ساڵان گەنمەکەمان دەنارد بۆ سایلۆکانی تر بۆیان پاک دەکردین، ئەمساڵ خۆمان مەخزەنمان وەرگرتووە، لای خۆمان خەزنی دەکەین، گەنمە نمرە یەکەکە لەگەڵ رێژەیەک لەگەڵ گەنمە نمرە دووەکە دەنێرین بۆ ئاش، بەگشتی لە١٥٪ گەنم دەنێرین بۆ ئاش، واتە لەسەد تەن پازدە تەن دەنێرینو لەگەڵ ئاردی هاوردە، ئاردی خەڵکی لێدروستدەکرێت. ئەوەشی کەدەمێنێتەوە لەمەخزەنەکانی خۆماندا خەزنی دەکەین.

بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەرەباڵغیە، کردنەوەی چەندین سایلۆی تر بەپێویست دەزانێت، دەڵێت "زۆر داواکراوە کەسایلۆی تر دروستبکرێت، بەدڵنیاییەوە پێویستمانە، بڕیارە سێ سایلۆی تر لەشارەزوورو سلێمانیو رانیە بکرێنەوە".



# جوتیارە بەتەمەنەکان بەتەنها لەمەیدانی کاردا ماونەتەوە

## رۆحییەتی کاری بەکۆمەڵو هەرەوەزی لای گوندنشینان بەرەو نەمان دەچێت

فەرمان حەسەن لەشارەزوور

حاجی جەمیلی تەمەن ٦٥ ساڵ لەگوندی بەردەبەلی بناری سورێن بەتەنیا خەریکی دروێنەی گیا بوو، تاوەکو بتوانێت گیا بۆ مەڕو و ماڵاتەکەی دابینبکات.

تەنانەت هێزو توانای خێزانەکەی حاجی جەمیل نەیدەتوانی ماندوبوونی ئەو کەمبکەنەوە.

بەدەم کارکردنەوە حاجی جەمیل وتی "بەداخەوە ئێستا کەس هەقی بەسەر کەسەوە نییە، جاران هەموو خەڵکی گوند بەکۆمەڵو هەرەوەزی کاریان دەکرد".

بەهۆی گەشەکردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانو گۆڕانکاری لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، رۆحییەتی کاری بەکۆمەڵو هەرەوەزی لای گوندنشینان بەرەو نەمان دەچێت.

وێرانبوونی گوندەکانو چۆڵبوونەوەی دووبارەو ساغنەبوونەوەی بەرهەم، جوتیارە بەتەمەنەکانی بەتەنیا لەمەیدانی کاردا هێشتووەتەوە.

حاجی جەمیل دەڵێت لەکۆندا هەموو خەلەکانیان دەدوریو بەرهەمەکانیان کۆدەکردەوە، وتی "بەڵام ئێستا نەک هەر ئەو کارە نەماوە، بەڵکو بووەتە عەیبە کار بەئافرەت بکەیتو گەنجەکانیش هەقییان بەسەرکارەوە نییە، ئەوەی خەریکی کاری دروێنەو کارەکانی تری گوندبێت، تەنها پیاوانی بەتەمەنن".لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی دروێنە، هەندێ پیاوی بەتەمەن بەتەنها خەریکی کاری دروێنەوەو کارەکانی خۆیانن، بەهۆی نەمانی هەرەوەزی، ئێستا هەندێ گوندنشیان بۆ ئیشوکارەکانیان کرێکار بەکرێ دەگرن.

لەسەردەمی کاری هەرەوەزیدا گوندنشینان لەجیاتی ئەوەی کرێکار بگرن بۆ زوو راپەڕاندنی کارەکانیان "دەستیاویان" لەگەڵ یەکدا دەکرد.

"دەستیاو" هێمایەک بوو بەکاردەهێنرا لەبەرامبەر کارکردنی کەسێک بۆ کەسێکی تر، کەدەبوو لەکارێکی تردا هاوکاری بکاتەوە، واتە لەبەرامبەر ئەو کارکردنەدا پارە وەرنەدەگیرا، بەڵکو دەچوونەوە بۆ کارکردن بۆ یەکتری.

رەشید کەریم لەمەیدانی وەستانی کرێکاراندا وەستابوو تاکارێکی دەست بکەوێت، باسیلەوەکرد رۆژانە بۆ کارکردن دەچنە گوندەکانو ئێستا زۆربەی گوندنشینان کرێکار دەگرن بۆ کارەکانیان.

رەشید وتی "باوی ئەوە نەماوە کەگوندنشینان پێکەوە بەهەرەوەزی کارەکانی خۆیان بکەن".

گوندنشینان باسلەوە دەکەن سەردەمی کۆن ئافرەتانو گەنجانیش شانبەشانی یەکتر کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا بەتەنها پیاوانی بەتەمەن لەمەیدانی کاردا ماونەتەوەو گەنجان ناچن بەلای کاردا.

حاجی رەشید ئەوەش دەڵێت "سەردەمی کۆن هەرکەسێک لەگوندەکەدا کاری بوایە، ئەوا گەنجانی گوندی ئاگاداردەکردەوە، ئەوانیش هەربەدەم گۆرانیووتنو قسەی خۆشەوە کاری خۆیان تەواو دەکرد".

دایە خانم وەک خۆی دەڵێت کاتی خۆی لەلادێ هاوکاری هاوسەرو خێزانەکەی کردووە لەکاری کشتوکاڵدا، بەڵام ئێستا کارگوزاری خوێندنگایە، بەدەستووری وت "کاتی خۆی کار بەکۆمەڵ دەکرا، ئافرەتانیش شانبەشانی پیاوان خەریکی کارکردن بوون، بەڵام ئێستا بەو شێوەیە نەماوە، جاران هەمووان وەک خێزانێک خەریکی کارکردنی یەکتربووین، کارەکانیشمان بەسەرە ئەنجام دەدا، بەهەرەوەزی تەواومان دەکرد".


بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو ئامێرەکانی کشتوکاڵەوە ئێستا زۆرێک لەجوتیاران بۆ کاری دروێنەکردنو کارەکانیتر ئامێری تایبەتی خۆیان هەیەو بەکاریدەهێنن یان بەکرێی دەگرن، ئەمەش بەهۆکارێکی کەمبوونەوەی رۆحی هاوکاریو هەرەوەزی دادەنرێت لەلای گوندنشینان.

توانا خەسرەو توێژەری کۆمەڵایەتییە بەدەستووری وت "لەئێستادا گیانی هەرەوەزی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا زۆر کەمبووەتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریو پێشکەوتنانەی کەئەمڕۆ دەبینرێت".

توانا خەسرەو ئاماژە بەوە دەدات گیانی هەرەوەزی زیاتر لەگوندەکاندا هەبووە، ئەویش بەهۆی بەستنەوەی تاک بەعەشیرەتگەرییەوە، چونکە لەرێگەی خێڵو ناوچەگەریەوە ئیشەکان زیاتر بەڕێوەدەچوو.

پسپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، هاتنی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان کاریگەری هەیە لەسەر لاوازبوونی کاری هەرەوەزی لەگوندەکاندا.

توانا بەدەستووری وت "هاتنی تەکنەلۆژیا بۆ خۆی کاریگەری گەورەی هەیەو ئەویش هۆکارێکی ترە بۆ ساردبوونەوەی گیانی هەرەوەزی لەنێوان تاکەکاندا، چونکە تەکنەلۆژیا وای لەمرۆڤەکان کرد هەر یەکەو رێکخەری کارەکانی خۆی بێت".



**لەجیاتی دەستیاو، گوندنشینیان بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان ئێستا کرێکار دەگرن**

# ڕەوەندی کوردی؛ پێگەیەک لەجەرگەی ئەوروپادا



ئارام ڕەفعەت
aramrafaat07@yahoo.com

ڕەوەندێکی زیاتر لەیەک ملیۆنی لەناو جەرگەی ئەوروپادا، بووەتە دەنگێکی کوردی بیسراو لەو کیشوەرەدا. ڕەوەندی کوردی خەریکە بەشێک لەو دەرگاو پەنجەرانەی ئەوروپا دەکاتەوە کەدەیان ساڵە بەڕووی گەلی کوردستاندا داخراون. بۆ نمونە، ئەوە کاریگەریی ڕەوەندی کوردییە کەژمارەیەک لەپارتە جۆراوجۆرە ئەوروپییەکان خەریکن دەست بۆ شرۆڤەکردنی جینۆسایدی دژ بەگەلی کورد دەبەنو هەندێکیش وەک جینۆساید دەیناسێنن. ئەوە کاراکتەرو هەژموونی ڕەوەندی کوردستانییە کەتوانیوویەتی لەپەرلەمانەکانی سوێدو بەریتانیا، لەوەش گرنگتر لەیەکێتی ئەوروپادا، کورد ئەندامی هەبێت.

ئەم بابەتە هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەو تیشک خستنەسەر بوارێک کەبۆ گەیشتنی دەنگو ڕەنگی کورد بەپەرلەمانی وڵاتە ئەوروپییەکان ڕەخساوە. ئەگەر کوردستانییەکانی هەندەران لەدەوری ستراتیژێکی نەتەوەیی بەرنامە بۆ دارێژراو کۆبکرێنەوەو ڕێکخراو بکرێن، ئەوا لەزۆربەی پەرلەمانە لۆکاڵیو هەرێمیو نیشتمانییەکانی ئەوروپادا ژمارەیەکی بەرچاو ئەندام پەرلەمان دەتوانن نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان بکەن. لەم سۆنگەیەوە، زیاتر تەرکیز دەخەمە سەر شەش وڵاتی ئەوروپی کەزۆرترین قورساییان لەئەوروپادا هەیەو زۆرترین ژمارەی کوردستانییەکانی ئەوروپاشی لێ نیشتەجێیە.

ئەڵمانیا، لەڕووی ئابووریو سیاسیو قورسایی دانیشتوانەوە، یەکێکە لەوڵاتە هەرە گرنگەکانی ئەوروپاو زۆرترین کوردانی هەندەرانی لەخۆگرتووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی پەرلەمانی ئەوروپا، کوردستانییەکانی ئەڵمانیا ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ هەزار کەس دەبن. لەم وڵاتەدا نزیک بە ٨٢ ملیۆن کەس دەژینو پەرلەمانەکەی بە ٦٢٢ کورسی نوێنەرایەتی هاووڵاتیەکانی دەکات، واتە بۆ هەر ١٣٠ هەزار کەس کورسیەک تەرخانکراوە. بەم پێیەش، ئەگەر کوردەکانی ئەڵمانیا بە بەرنامە کاربکەن دەتوانن پێنج تا شەش ئەندام بنێرنە پەرلەمانی نیشتمانی ئەو وڵاتە. جێگای سەرنجە کەپشکی ئەڵمانیا لەپەرلەمانی ئەوروپا ٩٩ کورسییەو هەر پەرلەمانتارێکی ئەڵمانی نوێنەرایەتی نزیکەی ٩٠٠ هەزار کەس دەکات. هەر وەک لەڕابردوودا خاتوو فەلەکناس ئۆجە دەنگێکی سەرکەوتووی کورد بوو لەو دەزگا هەستیارەی ئەوروپادا، ئەو ژمارە بەرچاوەی کوردەکانی ئەڵمانیا، هەلێکی زێڕینو گەرەنتییەکە بۆئەوەی بە بەردەوامی کوردێک ببێتە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا.

فەڕەنسا ١٢٠ بۆ ١٥٠ هەزار کوردستانی تیایدا دەژی، بەدووەم وڵاتی ئەوروپی لەڕووی ژمارەی کوردەوە دێت. فەڕەنسا یەکێکە لەوڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپاو جیهانو ئەندامی هەمیشەییو خاوەنی مافی ڤیتۆیە لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ژمارەی دانیشتوانی فەڕەنسا زیاتر لە ٦٥ ملیۆن کەسەو ٥٧٧ پەرلەمانتار نوێنەرایەتی هاووڵاتییەکانیان دەکەن، واتە بۆ هەر ١١٢ هەزار کەس کورسیەک تەرخانکراوە. هەرچەند تائێستا کوردەکانی فەڕەنسا، هەنگاوێکی لەم جۆرەیان هەڵنەهێناوە، بەڵام دەتوانن بەئاسانی لەهەر خولێکدا کورسیەک لەپەرلەمانی ئەو وڵاتەدا مسۆگەربکەن.

سوید وڵاتێکی ترە کەگرنگییەکی بەرچاوی بۆ گەلی کوردستان هەیە. بێجگە لەوەی زۆرجار بەهۆی بایەخدانی بەمافەکانی مرۆڤ، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆی خستووەتە

کوردستانییەکانی ئەڵمانیا ٧٠٠ بۆ ٨٠٠ هەزار کەس دەبن. لەم وڵاتەدا نزيك بە ٨٢ ملیۆن کەس دەژینو پەرلەمانەکەی بە ٦٢٢ کورسی نوێنەرایەتی هاووڵاتیەکانی دەکات، واتە بۆ هەر ١٣٠ هەزار کەس کورسیەك تەرخانکراوە. بەم پێیەش، ئەگەر کوردەکانی ئەڵمانیا بە بەرنامە کاربکەن دەتوانن پێنج تا شەش ئەندام بنێرنە پەرلەمانی نیشتمانی ئەو وڵاتە.

مەترسییەوە، هەندێک جاریش لەبواری بەرگریکردن لەمافەکانی گەلی کوردستان پێشڕەوی زۆربەی وڵاتەکانی جیهان بووە، لەوەش گرنگتر، سوید وڵاتی دووەمی ٨٠ تا ١٠٠ هەزار کوردستانیشە. قورسایی ڕەوەندی کوردی لەسوید، بەهۆی کەمی دانیشتوانی ئەو وڵاتەو زۆری کورسییەکانی پەرلەمانەکەی، جێگای بایەخە. لەو وڵاتەدا ٣٤٩ پەرلەمانتار نوێنەرایەتی نزیک بەنۆ ملیۆن سویدی دەکەن، واتا بۆ هەر ٢٨ هەزار کەس نوێنەرێک تەرخانکراوە، بەم جۆرە هەلی ئەوە هەیە کە ٢-٣ کوردستانی ببنە پەرلەمانتاری سویدی. کورد لەم ڕووەوە، بەتایبەت لەدوا خولی هەڵبژاردندا، ئەزموونێکی سەرکەوتووی هەیەو دوو کەس توانییان بگەنە پەرلەمانی ئەو وڵاتە.

بەریتانیاش، هاوتای سوید، بە ٨٠-١٠٠ هەزار کورد بەسێیەم وڵاتی ئەوروپی لەڕووی ژمارەی ڕەوەندی کوردی دادەنرێت. بێجگە لەوەی کەیەکێکە لەزلهێزەکانی جیهانو ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییو خاوەنی مافی ڤیتۆیە، گرنگی بەریتانیا لەرابەرایەتییکردنی ڕێکخراوی کۆمۆنوێلسو میراتی مێژووییشی دایە، لەوانەش داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستان لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم. هەموو ئەوانە بەسەریەکەوە وادەکات کەئەگەر کوردستانیەکانی بەریتانیا بەکارامەیی سازبدرێن، ڕەنگە دەنگێکی دڵنەوایی کاریگەر بن. لەوڵاتی شاژندا، ٦٥٠ پەرلەمانتار نوێنەرایەتی ٦١ ملیۆن کەس دەکەنو هەر ٩٣ هەزار بەریتانی پەرلەمانتارێک نوێنەرایەتی دەکات، بەم جۆرەش کوردستانییەکان دەتوانن نوێنەرێکیان هەبێت. جێگای باسە، ئەم ساڵ بۆ یەکەمجار کوردێک چووە پەرلەمانی ئەو وڵاتە. لەهۆڵەنداشدا، کەبووەتە نیشتمانی دووەمی ٧٠-٨٠ هەزار کوردستانی، بواری بەدەستهێنانی کورسییەک بۆ کورد ڕەخساوە. سویسرا وڵاتێکی ترە کە٦٠ هەزار کوردی ئەو وڵاتە دەتوانن کورسیەک بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، چونکە لەوێ ٢٠٠ کورسی نوێنەرایەتی نزیک بە ٨ ملیۆن کەس دەکەنو بۆ هەر ٤٠ هەزار کەسێک کورسیەک تەرخانکراوە. نەمسا دوا نمونەیە، بۆ ٨،٣ ملیۆن کەس ١٨٣ کورسی پەرلەمانی هەیە، بۆ هەر ٤٥ هەزار کەس کورسیەکو کورد ڕەوەندێکی ٥٠ هەزاری لەو وڵاتەدا هەیەو دەتوانێت ئەندام پەرلەمانێکی هەبێت.

ڕەنگە کۆمەڵێک سەرنجو تێبینی وا بکات کەجۆرێک لەگەشبینیو زێدەڕۆیی لەم ئەژمارکردنەی سەرەوەدا بەدیبکرێت. بۆ نمونە، بەشێکی بەرچاو لەکوردستانییەکانی هەندەران خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتانە نینو مافی دەنگدانیان نییە. بێجگە لەوە، لەزۆربەی ئەو وڵاتانەدا هەڵبژاردن ڕێژەیی نییەو بازنەیی-کراوەیە، ئەمەش دابەشبوونێک لەناو دەنگدەرانی کوردستانیدا دروستدەکات. لەزۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا، کوردستانییەکان بەسەر چەندان هەرێمو بازنەی هەڵبژاردندا دابەشبوون، کەڕەنگە لەزۆربەی هەرێمەکاندا ژمارەی کورد (ئەگەر هەمووشیان دەنگ بۆ یەک کاندید بدەن) بەشی دەرچوونی کاندیدێک نەکات. ڕێگرییەکی تر، ئەستەمبوونی کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکانی یەک بازنەیە بۆ کاندیدێکی دیاریکراو، بەتایبەت کەهاوشیوەی هەرە ڕەوەندێکی تر لەهەندەران، کوردەکانیش دابەشبوون بەسەر پارتو ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانی ئەو وڵاتانەدا. بەربەستێکی تر، ئاستی وشیاری تاکی کوردو پارچەپارچەبوونی دەنگەکانی هەندەرانە لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژیو ڕێکخراوەییو ناوچەگەریتی..هتد، کەمو زۆر ڕەنگدانەوەی بارودۆخی نەرێنی ناوخۆی کوردستان لەسەر ڕەوەندی کوردیدا بەدی دەکرێت، کەوای کردووە ڕەوەندی کوردی ببێتە یەکێک لەپەرتەوازەترینو نارێکخراوترین کۆمونیتییەکانی هەندەران.

هەرچەندە هەموو ئەم حاڵەتانەی سەرەوە هەلی گەیشتنی کوردستانییەکان بەپەرلەمانی ئەو وڵاتانە بەرتەسکدەکاتەوە، بەڵام کۆمەڵێک بواری تریش هەیە کەڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی هاوسەنگییەک لەبەرژەوەندی ڕەوەندی کوردیدا. یەکێک لەو حاڵەتانە، ڕێژەی نزمی بەشداریکردنی ئەوروپیەکانە لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، بەتایبەت کە لەزۆربەی ئەو وڵاتانەدا دەنگدان پرۆسەیەکی ئارەزوومەندانەیەو بەزۆر نییە. بەپێچەوانەی زۆربەی کۆمەڵگا ئەوروپیەکان، تاکی کورد بەحوکمی باکگراوندو بارودۆخی کوردستان، جۆرێک لەبەدواداچوونو بایەخدان بەسیاسەتی هەیە، هەرچەندە مەرج نییە ئەوە بەماناو هاوتای وشیاری سیاسی بێت، بەڵام کاریگەری هەیە لەسەر بەشداریکردنی تاکی کورد لەهەڵبژاردنەکاندا. خەسڵەتێکی تری ڕەوەندی کوردی، کامڵی تاکەکانیەتی لەڕووی تەمەنەوە. بەمانایەکی تر، بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی هەندەران، ئەو گەنجانەن کەنەچوونەتە پرۆسەی هاوسەرگیری. بۆیە ژمارەی ئەوانەی کەمافی دەنگدانیان هەیە لەسەر بنەمای تەمەن لە ناو ڕەوەندی کوردیدا لەچاو سەرجەم ژمارەی ڕەوەندەکەدا ڕەنگە بەرز بێت. مەسەلەیەکی گرنگتر کەپێویستە بخرێتە بەرچاو، ئەوەیە کەوەک هەر کاندیدێکی تر، کاندیدە کوردەکانیش لەسەر لیستی پارتێکی دیاریکراو دەچنە پێشبڕکێکانەوە، کەئەمەش وا دەکات بێجگە لەدەنگەکانی ڕەوەندی کوردی، دەنگی هەوادارانی پارتەکەش مسۆگەربکەن. بێجگە لەوەش لەسەر ئاستی هەرێمەکاندا، کوردستانیەکان دەتوانن ئومێدو ئامانجی گەورەتریان هەبێتو چەندان کورسیو پۆستی جۆراوجۆر لەهەر هەرێمێکی ئەو وڵاتانەدا بەدەستبێنن، کەئەمەش بوار بۆ ڕێککەوتنو سازشکردن لەنێوان نوێنەرانی ڕەوەندی کوردیو پارتە جۆراوجۆرەکاندا دەڕەخسێنێت کەڕەنگە قورسایی زیاتر بداتە پێگەی کوردستانیەکان.

دابەشبوونی دەنگەکان بۆ دوو بەرەو مۆنۆپۆلکردنی پەرلەمان لەزۆربەی وڵاتەکاندا لەلایەن دوو پارتی یان هاوپەیمانی سەرەکی، خاڵێکی زۆر گرنگە لەبەرژەوەندی کاندیدە کوردەکاندا. لەلایەکەوە، هاوشێوەی دانیشتوانی وڵاتی خانەخوێ، ڕەنگە دەنگی زۆربەی کوردەکان بەسەر یەکێک لەو دوو بەرە ڕکابەرەدا دابەشبێت، ئەمەش بواری پەرتەوازە بوونی دەنگەکان بەرتەسکدەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، لەزۆربەی وڵاتەکاندا دوو بەرەی سەرەکی ژمارەی دەنگی نزیک لەیەکتر دەهێنن، ئەوەش بایەخپێدانی پارتەکان بەدەنگی ڕەوەندی کوردیو کاندیدەکانیان زیاتردەکات، سەرەنجام ڕەنگە بۆ کاندیدە کوردەکان، ژینگەیەکی باشتر بۆ گەیشتن بەپەرلەمان برەخسێت. بۆ نمونە، لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ی ئەڵمانیادا، پارتی دیموکراتی کریستیانەکان بە ١٣،٨٥٢،٧٤٣ دەنگ یەکەمو پارتی سۆسیال دیموکراتیش بە ١٢،٤٣٧،٠٧٧ دەنگ دووەم بوو. کریستیان دیموکراتی هۆڵەنداش تەنها بە ١٣٢ هەزار دەنگ پێش پارتی کرێکاران کەوتەوە، یەکەمیان ٢،٧٦٣،٤٨٠ دەنگو دووەمیان ٢،٦٣١،٣٦٣ دەنگ. بەهەمان شێوە، سۆشیال دیموکراتی نەمسا ١،٤٣٠،٢٠٦ دەنگی بەدەستهێنا، لەبەرامبەردا پارتی گەل ١،٢٦٩،٦٥٦ دەنگ.

فەڕەنسا، نمونەیەکی تری سەرنجڕاکێشە. لەحوزەیرانی ٢٠٠٧ دا ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتە لەدوو خولی پەرلەمانیدا هەڵبژێردرا، یەکەمیان لە ١٠ و دووەمیان لە ١٧ی ئەو مانگەدا بەڕێوەچوو. لەخولی یەکەمدا ڕاستەکان ١١،٨٦٠،٦٠٠ دەنگو چەپەکانیش ٩،٢٥٥،١٣٢ دەنگیان کۆکردەوە، بەڵام لەخولی دووەم دا، ڕاستەکان دابەزین بۆ ١٠،١٣٢،٣٥٥ دەنگ، واتە ڕێژەی لە ٤٩،٦٥ ٪ و تەنها بەجیاوازی ١١٥ هەزار دەنگ گەیشتنە دەسەڵاتو چەپەکانیش بە ١٠،٠١٧،٣٢٥ دەنگ و ڕێژەی لە ٤٩،١٠٪ تەنگیان بەڕاستەکان هەڵچنی بوو. قورسایی ڕەوەندی کوردی، لەو هاوکێشانەدا بەرجەستە دەبێت، ئەگەر ڕەوەندەکە یەکگرتوو و ڕێکخراو بێت، دەکرێت لەبری ٣ پەرلەمانتار (سوید ٢، بەریتانیا ١) ، ١٠ بۆ ١٥ کورسی لەشەش وڵاتی گرنگی ئەوروپیدا مسۆگەربکات.

بەکورتی، لەچوارچێوەی سیستمی حوکمڕانی ڕۆژئاوادا، بوارێکی وا بۆ ڕەوەندی کوردی ڕەخساوە، ئەگەر لەدەوری ستراتیژێکی نەتەوەیی کوردستانیدا ڕێک بخرێتو ئاڕاستەبکرێت، نەک هەر دەتوانێت بەقەدەر قەوارەی خۆی نوێنەری لەهەر وڵاتێکدا هەبێت، بەڵکو دەشێت هاوشێوەی ئەرمەنەکانی فەڕەنساو جولەکەکانی ئەمریکا، لەسەر سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتانە کاریگەری هەبێت. هەرچەندە کەمتر کار بەئاراستەی ڕێکخراوکردنو بەلۆبیکردنی ڕەوەندی کوردستانی کراوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدە ئەوەیە کەبۆ یەکەمجار لەسایەی ڕەوەندێکی ملیۆنیدا گەلی کوردستان پێگەیەکی لەجەرگەی ئەوروپادا هەیە. پێگەیەک کەشایستەی ئەوەیە وەک بەشیک لەئاسایشی نەتەوەیی بپارێزرێتو بەهێز بکرێت.

دەشێت ڕەوەندی کوردی هاوشێوەی ئەرمەکانی فەڕەنساو جولەکەکانی ئەمریکا، لەسەر سیاسەتی گشتی ئەو وڵاتانە کاریگەری هەبێت

**تێبینی:**

**داتاکانی ئەم بابەتە لەم سەرچاوانە وەرگیراون: ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکان لەسایتی (کەنتری فاکتس)ی ئەمریکیو ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی هەر وڵاتێکیش لەسایتی پەرلەمانی ئەو وڵاتانەو ڕێژەی کوردیش لەوڵاتە ئەوروپییەکاندا لەڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٠٦ ی پەرلەمانی ئەوروپا.**

www.arsivakurd.org

# "کورد ئامانجێکی دیاریکراوی لەعێراقدا نییە"

## محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست بۆ دەستوور

سازدانی: گۆران وەهاب

**محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، رەخنە لەنوێنەرانو سەرکردایەتی کورد دەگرێت، دەڵێت تائێستا کورد نەخاوەنی بڕیارێکی کۆتاییو نەئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە لەبەغداد داوایبکات.**

**محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت کە تائێستا بۆچوونەکان سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە جیاوازی هەیە.**

**دەستوور:** گفتوگۆکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق چڕتردەبنەوە، وەفدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدادن بۆ گفتوگۆکردن، دەبێت گرنگترین شت کەئەوان جەختی لەسەر بکەنەوە چی بێت؟

**محەمەد حاجی مەحمود:** رەنگە چوونی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ بەغداد تۆزێ پەلەبووبێت، چونکە هێشتا لیستەکانی تر رێکنەکەوتوونو مەسەلەی سەرۆک وەزیران یەکلانەبووەتەوە، دەبێت ئەمان چاوەڕێبن تالیستەکانی تری عێراق لەنێوان خۆیاندا رێکدەکەون، لەبەرئەوەی کورد ئەو هێزەی جارانی نییە بچێت لەوێ دابنیشێتو دەسەڵات دابەشبکات، دەبێت چاوەڕێبێت تالیستی دەوڵەتی قانونو ئیئتیلافی نیشتمانی یان دەوڵەتی قانونو عێراقییە رێکبکەون، ئەوکاتە بەکورد بڵێن فەرموو بەشداریتان پێدەکەین، رەنگە لەوێ لەگەڵ هەندێک لایەندا دانیشتن بکەن، بەتایبەت ئەو لایەنانەی فشاریان لەسەرە، ئەوەندەی زانیاریم هەبێت تەنها لەگەڵ عێراقییەدا دانیشتوون، رەنگە کێشەی کوردیش زیاتر لەگەڵ عێراقییەدا بێت، چونکە ئەوەی لەخەتی تەماس رووبەروو لەگەڵ کوردایە لیستی عێراقیەیە، عێراقییە لەموسڵ کورسییەکانی کوردی بردەوە، خۆ دەوڵەتی قانونو ئیئتیلاف نەیبردووە، عێراقییە لەکەرکوکو دیالەو تکریت کورسی بردووە، پێموایە کورد بەپێی مافی هەڵبژاردن لەعێراقدا ناتوانێت شەریک بێت، دەبێت چاوەڕێی سێ لیستەکەی تر بکات، بزانێت ئەوان دەگەنە ئەنجام، ئەوان داوا لەکورد بکەن تابەشی کورد بدەن، چونکە ئێستا کورد لە٣٢٥ کورسی ٥٧ کورسی هەیە.

**دەستوور:** ئایا پێگەی لیستە کوردییەکان ئەو هێزەیان دەداتێ، پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی داواکارییە سەرەکییە جێبەجێنەکراوەکانی کوردستان بکەن؟

**محەمەد حاجی محمود:** لەساڵی ٢٠٠٣ەوە کەسێ خولی کاتیو گواستنەوەو هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ەوە سێ خولی پەرلەمانی بەڕێکراوە، لەو سێ خولەدا کورد هێزی هەبوو، بەڵام ئێستا هێزی ئەو سێ خولەی پێشووی نییە، ئەمجارە هەموو ئەندام پەرلەمانەکان شارەزاو فەیلەسوفو بەتواناترین کەسی کورد بن، بەهێندەی ئەوەی پێشوویان پێناکرێت.

**دەستوور:** لیستە کوردستانییەکان لەگەڵ کام لیست بەشداری پێکهێنانی حکومەت بکەن باشترە؟ بۆچی؟

**محەمەد حاجی محمود:** نازانم ئەوان ئێستا چیدەکەن؟ کورد کەئەمریکاو عەلاوی دەبینێت عەلاوی پێباشترە، کاتێک ئێرانو مالکیو ئەنجومەنی باڵا دەبینێت ئەوانی پێباشە، کورد تائێستا بڕیارێکی نییە، ئەو وەفدەی کورد کەچەند رۆژێکە رۆیشتووە لەوێ لایەنە سوننەکانیان بینیوە، رەنگە لەگەڵیاندا نەگەیشتبنە ئەنجام، بەڵام بۆچوونی لایەنەکانی تر جیاوازبووە، بۆیە پێویستە کورد بگەڕێت بزانێت کام لیست خاڵی هاوبەشی زیاتر لەگەڵدایە، لەوانەیە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی شیعەدا هەبێت، چونکە ئێمە داوای فیدراڵی دەکەین ئەوانیش داوایدەکەن، ئێمە داوای دابەشکردنی دەسەڵات دەکەین ئەوانیش داوایدەکەن، کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەنێوان ئێمەو ئەواندا هەیە، جگە لەوە ئێمە کێشەی رۆژانەمان لەگەڵ شیعەدا نییە، بەڵام سوننە رووبەروو دەبێتەوە لەگەڵ کورددداو داوای کەرکوکو موسڵو مەخمورو قەرەهەنجیرو خانەقین دەکەن کەبیخەنە سەر عێراق، هەرچۆنێک بێت دەبێت لەگەڵ لیستەکانی دەوڵەتی قانونو ئیئتلافدا حکومەت پێکبهێنێت.

**دەستوور:** کورد چوار ساڵ ئەزموونی لەگەڵ مالکیدا هەیە، کەئەو وەکو سەرۆک وەزیران کەشیعە بوو، داواکانی کوردی جێبەجێ نەکرد؟

**محەمەد حاجی محمود:** ناڵێم کورد ئەزموونی تاڵی هەیە، دەڵێم پێشتر جەعفەری هەبوو هیچی بۆ کورد نەکرد، دواتریش عەلاوی هات ئەویش هیچی نەکرد، بەپێچەوانەوە مالیکی نزیکەی ملیارێک دۆلاری بۆ کەرکوک خەرجکردووە، پارەی خەرجکردووە لیژنەی داناوە، کۆمەڵێک شتی کردووە بۆ کەرکوک، لەوانی تر باشتریکردووە، دەبێت سەیری ئەوەبکەین بزانین کامەیان سوودی زیاترە بۆ کورد، ئێستا لیستی عێراقییە، واتە عەلاوی هەموو عەرەب پشتیوانی لێدەکات بەئەمریکاشەوە، مالکی هەموو عەرەب دژێتی، باشە سەرۆک وەزیرانێک بۆ ئێمە باشە کەهەموو عەرەب دژی بێت یان هەموو عەرەب پشتیوانی لێکبات؟ ئەگەر سبەینێ قسەیەک بکەین دەبێت هەموو عەرەب دژمانبێت، دەبێت سەیری واقیعەکە بکەین کەبزانین چیمان پێدەکرێت، لەبەرئەوە دەبێت کورد خۆی ئەوە بزانێو واقعیانە بیربکاتەوە.

**دەستوور:** جگە لەبەرنامەی حکومەتو داواکاری ستراتیژی، دەبێت کورد پێداگری لەوەرگرتنی کام پۆستانە بکات، بۆچی؟

**محەمەد حاجی محمود:** پێداگری لەمادەی ١٤٠و ناوچە دابڕاوەکان بکات، ئەوە بۆ کورد گرنگە ئەگەر بگەنە ئەنجام، هەروەها مەسەلەی نەوتو غاز بۆ کورد گرنگە کەکورد خۆی بتوانێت لەکوردستان دەریبکاتو بیفرۆشێت، مەسەلەی پێشمەرگەش گرنگە، مەبەستم لەپێشمەرگە ئەوەیە هەرێمێکت هەیە پێویستی بەپاسەوانی خۆی هەیە، مەسەلەی داهاتیش گرنگە، خاڵێکی تری گرنگیش ئەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لەدەستووردا جێگیربکرێت، ئەگەر بەپێی زۆرینەو کەمینە بێت لەعێراقدا هیچ پۆستێکمان دەستناکەوێت، دەستووری عێراقی دەڵێت پەرلەمان کۆدەبێتەوە نەک وەک ئەم پەرلەمانەی کوردستانی خۆمان، ئەوان دەستووریان هەیە کە لەیەکەم دانیشتنی پەرلەماندا سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکانی دیاریدەکرێن، بەڵام لێرە سەیری ئەو بارودۆخە بکە، پەرلەمانێک کۆدەبێتەوە کەئیرادەی خەڵکەو خەڵک دەنگی بۆ داوە، دەڵێت هێشتا حیزبە سیاسییەکانی عێراق لەسەر دابەشکردنی

### کورد کەئەمریکاو عەلاوی دەبینێت، عەلاوی پێباشترە، کاتێك ئێرانو مالکیو ئەنجومەنی باڵا دەبینێت، ئەوانی پێباشە

دەسەڵات لەعێراقدا پێکنەهاتوون، مانای وایە حیزبە سیاسییەکان یاساکانیان خستووەتە ژێر پێی خۆیان لەعێراقدا، ئەگەر وانییە بۆ بەپێی یاسا نایکەن، پێموایە پێویستە کورد پێداگری لەسەر پارەو باڵیۆزێک نەکات، پێداگری لەسەر سنووری کوردستان بکات ئەگەر پێیانبکرێت، بۆ پۆستی سیادیش چیدەکەیت، ئێمە وەزیری دەرەوەی عێراقمان هەبوو، لەچوار ساڵی رابردوودا چەند فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەو چەند باڵیۆزی دەرەوە بەتەنها وەزیری دەرەوە داینا؟ لەبەرئەوە کەباڵیۆز دادەنرێت بەپێی بەش دادەنرێت بۆ لایەنە سیاسییەکان، وەزیری دەرەوە ناتوانێت باڵیۆز دانێت، دەبێت گوێبگرێت لەحیزبەکان، ئینجا باڵیۆزەکان رەوانەی وڵاتەکان بکات، لەبەرئەوە هەر پۆستێکت لەعێراقدا هەبێت، دەسەڵاتی تەواوت نییە، جگە لەوە لەعێراقدا کەس دەسەڵاتی تەواوی نییە، مالکی سەرۆک وەزیرانە، وەزیرێک سەر بەحیزبی دەعوەکەی ترە، دەبێت تەلەفون بکات بۆ سەرۆکەکەی ئەوکاتە بڕیار وەربگرێت، وەزیرێک پارتییە یان یەکێتییە بەهەرکامیان بڵێت دەبێت لەپێشدا تەلەفون بۆ سەرۆکەکەی خۆی بکات ئینجا دەچێت بۆ سەفەرەکە، کەس لەعێراقدا دەسەڵاتی رەهای نییە، لەبەرئەوە هەر پۆستێکی سیادیت هەبێ، دەبێت بەرێککەوتن بڕیاربدەن، بەڵام لەسێ پۆستەکەی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران سەرۆک پەرلەمان گرنگە یەکێکیان کورد بێت، بەتایبەت سەرۆک کۆمار بۆ کورد گرنگە.

**دەستوور:** هەمیشە یەکێک لەداواکانی کورد جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بووە، هیچ لیستو سەرۆک وەزیرانێکیش نەیووتوە جێبەجێی ناکەم، بەڵام پشتگوێشخراوە، دەبێت وەفدی کوردی چی بکات تا لیستەکان ناچار بن مادەکە جێبەجێ بکەن؟

**محەمەد حاجی محمود:** کەدەڵێیت مادەی ١٤٠ وادەزانرێت کەرکوک دەخرێتەوە سەر سلێمانیو هەولێر، مادەی ١٤٠ ئەوەنییە، مادەیەکە بۆ گەڕانەوەی ئەو شوێنانەی حکومەتی بەعس لەناوچەکانی تری دابڕیوە، کۆمەڵێک خاڵی تێدایە ئەو خەڵکانەی لەباشورەوە بەمەرسومی کۆماری هاتوون بۆ کەرکوک، ئەوانەی لەکەرکوک بەمەرسومی کۆماری دەرکراون، ئەو زەویەی مەرسوم کراوە بەزەوی عەرەب، عەشیرەت هەیە کەسەرۆک عەشیرەتەکە عەریزەیداوە بەحکومەتی عێراقیو خۆیکردووە بەعەرەب، واتە عەشیرەتە کوردەکەی کردووە بەعەرەب، دەبێت مەرسومی کۆماری بۆ دەربکەیت تا ئەم عەشیرەتە بکەیتەوە بەکورد، یان ئەوانەی لەهەولێرو سلێمانییەوە دەگەڕێنرێنەوە بۆ کەرکوک، دەبێت مەرسومی کۆماریان بۆ دەربچێت، ئەمانە پێویستی بەوە هەیە پارەی بۆ خەرجبکەت کەخەڵکەکە بڕواتەوە شوێنەکەی خۆی، گوێم لێیبووە دەوترێت فلان کەس چەکی قەرەبووی وەرگرت ئەوە مادەی ١٤٠ جێبەجێدەکرێت، شتی وانییە، خەڵک لەلایەن بەعسەوە دەرکراوە پێویستە پارەی بدرێتێو بچێتەوە شوێنەکەی خۆی، ئەمە واجبێکە هیچ پەیوەندی بەمادەی ١٤٠ەوە نییە، دوای ئەوەی کەلارو چەمچەماڵ لەسلێمانی دابڕاو خستیانەوە سەر کەرکوک، ئەوکاتە دەوترێت ئەرێ کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا، دەبێت ریفراندۆمی بۆ بکەیت بزانێت خەڵکەکە رازییە، عەرەب رازییە، وڵاتانی عەرەبی رازین، ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان رازین کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێم، نەخێر کەسیان رازینابن، خەڵکی کەرکوک رازییە باوەڕناکەم، کاتێک باسی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێم دەکەیت، کەرکوک نزیکەی نیوملیۆن عەرەبو تورکمانی لێیە رازینین، دەڵێی دەیخەمەوە سەر بەغداد نیو ملیۆن کوردی لێیە رازینییە، دەبێت چارەسەرێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە، دەبێت خەڵک لەوەتێبگات مادەی ١٤٠ کەرکوک ناخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان، مادەی ١٤٠ یەکێکە لەخاڵەکان کەچارەسەرە، دوای ئەوە خەڵک دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک، بەڵام کەرکوک ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، خەڵکیش بگەڕێتەوە بۆ بەسرە، کەرکوک هەر ناگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

دوای ئەمانە بیر لەوەبکرێتەوە ئایا کەرکوک دەکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ یان دەگەڕێنرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش بەئاسانی ناکرێت هەمووی پێکەوەوە بەندە، سوننە رازینییە مادەی ١٤٠ جێبەجێبکرێت، چونکە لێرە دەبێت کەرکوک بخاتەوە سەر کوردستان، لەوێش کۆمەڵێک ناوچەی ئەنبار بداتەوە بەنەجەفو کەربەلاو هەرگیز رازینابێت، ئەگەر ئەمجارە سەرۆک کۆمار کوردبێتو سەرۆک وەزیران شیعە بێت لەوانەیە بتوانن ئەمانە رێکبکەون.

**دەستوور:** ئەگەر دیسانەوە داواکانی خەڵکی کوردستان بەهەمان دەردبران، کشانەوە لەحکومەت یان لەهەموو پرۆسەی سیاسی عێراق، بژارێکی راستە؟

**محەمەد حاجی محمود:** باوەڕناکەم کورد ئەو هێزەی هەبێت بتوانێت بکشێتەوە لەعێراق، چونکە کاتێک دەکشێیتەوە چیدەکەیت؟ بە چ هێزێک دەکشێیتەوە، چیدەکەیت؟ دەکشێیتەوەو دەڵێی نەوت دەنێرمە دەرەوە، عێراق بەتورکیا دەڵێ رایبگرە، یان کاتێک بکشێیتەوە سەری مانگ بودجەکەت ناداتێ کە لەحکومەتی عیراقەوە بۆت دێت، ئێستا جاران نییە، تورکیا پشتیوانی لەبەغداد دەکات، ئەمەریکاو ئێران پشتیوانی لێدەکەن، هەموویان پشتیوانی لەبەغداد دەکەن.

**دەستوور:** ئەگەر ئەم چوار ساڵەش داواکانی لیستە کوردییەکان جێبەجێنەکرانو کوردیش نەکشایەوە، سوودی بەشداری پرۆسەی سیاسی لەعێراق لەکوێدایە؟

**محەمەد حاجی محمود:** لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە چاوەڕێبین ئەوەی لەچوار ساڵی رابردوودا جێبەجێکراوە، لەچوار ساڵی داهاتووشدا دەکرێت؟ باوەڕناکەم بکرێت، چونکە لەچوار ساڵی داهاتوودا کورد ئەو هێزەی نییەو ئەوەی چوار ساڵی رابردووی پێناکرێت، کورد لەو بارودۆخانەدا چیبکات؟ پێویستە کورد هەوڵبدات تەرکیز لەسەر دەستووری عێراق بکات، دەستووری عێراقی بەو شێوەی هەیە کەلێیشی نارازین بمێنێتەوە سوودی کوردی تێدایە، کورد تەنها دەستووری وەک کارتێکە بەدەستییەوە، ئێستا داوادەکەن لەم خولەی داهاتوودا ٥١ بەندی دەستوور گۆڕانکاری تێدا بکرێت، بێگومان هەوڵدەدەن ئەوانەی دژی کوردن، جێگیری بکەن، ئەوەی پەیوەندی بەفیدراڵیو داهاتو پێشمەرگەوەیە ئەوانە لەناو دەستوورەکەدا لابدەن، ئێستا سوننە کار بۆ ئەوە دەکات، باعەلاوی ببێتە سەرۆک وەزیران بزانە هەموو ئەوانە ناکەن، بەڵام کورد وەک پێکهاتەیەک لەکوردستان هێزو پێگەی هەیە، دەتوانێت وەکو پێکهاتەکە پێ لەسەر مەسەلە گرنگەکان داگرێ، دەبێت کورد یاریچییەکی باشبێت لەو بارودۆخەی ئێستا لەعێراقدا هەیە، کورد تائێستا ئامانجی خۆی دیارینەکردووە، کاتێک مالیکیو ئێران دەبینێت، دەڵێت مالیکیو شیعەمان پێباشە، کاتێک عەلاویو ئەمەریکا دەبینێت، دەڵێت سوننەو عەلاویمان پێباشە، کورد ئامانجێکی نییە بڕیاری لەسەربدات لەعێراقدا، چیدەکاتو چیدەوێت لەعێراقدا؟ لەکوردستانیش دوو بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆچوونێک عەلاوی پێباشە بۆچوونێکیش مالیکی پێباشە.



**محەمەد حاجی محمود** فۆتۆگراف: گۆران



## دەگەڕێتەوە بۆ شانۆ

# بورهان محەمەد بەپێشمەرگە وەرنەگیراوەو نازانێت چەند گۆرانی هەیە

سازدانی: موحسین یاسین

**هونەرمەندی گۆرانیبێژ بورهان محەمەد ساڵی ١٩٦٢ لەگەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لەدایکبووە، تاوەکو قۆناغی ناوەندی خوێندوەو هەر لەتەمەنی منداڵیەوە چووەتە چالاکی قوتابخانەکانو لەبواری گۆرانیو شانۆدا کاریکردووە، خاوەنی دەنگێکی رەسەنو ستایلێکی تایبەتەو تاکو ئێستا چەندین کاسێتو گۆرانی بڵاوکردووەتەوەو چەندین کۆنسێرتی لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان کردووە.**

**جگەلەوەش وەکو ئەکتەرو گۆرانیبێژ بەشداری لەچەندین بەرهەمی شانۆییدا کردووە، لەساڵی ١٩٩٦ روویکردووەتە وڵاتی هۆڵەنداو پاشان لەساڵی ٢٠٠٧ بەیەکجاری گەڕاوەتەوە، لەدیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی دەستوور باسی بەشێک لەژیانیو کارە هونەرییەکانی دەکات.**

**دەستوور:** لەتەمەنی منداڵیدا جگە لەهونەر حەزو خۆزگەکانت چی بوون؟

**بورهان محەمەد:** هیواو ئاواتم ئەوە بوو، پێش ئەوەی ببم بەپێشمەرگە بچوومایەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکان، بەڵام زۆربەداخەوە نەمتوانی بخوێنم، لەبەرئەوەی ناچاربووم بچمە شاخو ببم بەپێشمەرگە. لەشاخیش، بووم بەیەکێک لەدامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان.

**دەستوور:** ژیانی هاوسەریت چۆن پێکهێنا؟

**بورهان خۆشناو:** بەرێکەوت بوو، ماوەی ١٠ ساڵیشە لەیەکجابووینەتەوەو منداڵێکم هەیە بەناوی دییە، ئێستاش دووبارە ژیانی هاوسەریم پێکهێناوەتەوە.

**دەستوور:** خاوەنی چەند گۆرانیت، چەند کاسێتی گۆرانیت هەیە؟

**بورهان خۆشناو:** باوەڕبکە ئێستاش گۆرانییەکانی خۆم نازانم چەندە، بەڵام گۆرانیم زۆرەو ئاوازیشم زۆرەو تاکو ئێستاش چەند شیعرێکم وەکو کۆپلە داناوەو کردوومە بەگۆرانی.

**دەستوور:** لەحەفتاکاندا تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆیان بەئەندام وەرنەگرت هۆکاری ئەوە چیبوو؟

**بورهان محەمەد:** بۆ ماوەی ساڵێک لەتیپی مۆسیقای سلێمانی بووم، بەڵام بەئەندام وەریاننەگرتم، وتیان لەبەرئەوەی تۆ لەتیپی شانۆی سالار ئەندامیت ناتوانیت لای ئێمەش ببیت بەئەندام، چونکە ئەوە یاسایە، بەڵام وەکو ئەندامێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردم.

**دەستوور:** ماوەیەکە هاتنی گۆرانیبێژانی بیانی بووەتە مۆدێل، تاچەند گرنگە ئەو هەماهەنگیە لەنێوان هونەرمەندانی بیانیو کورددا هەبێت؟

**بورهان محەمەد:** من خۆم لەئەوروپا بووم، منیش کۆنسێرتم لەهۆڵەندا کردووەو بێگانەبووم لەو وڵاتە، هەنگاوێکی گەورەیە هیوادارم ئەو پەیوەندییە بەردەوامبێتو ئەوان بێنە ئێرە، بیاناسینو ئێمەش بچین بۆ ئەو وڵاتانە.

**دەستوور:** تۆ ساڵی هەشتا بوویت بەپێشمەرگە، منداڵ بوویت، چۆن لەپێشمەرگایەتی وەریانگرتیت؟

**بورهان محەمەد:** بەپێکەنینەوە .. جاری یەکەم دەریانکردمو وەریاننەگرتم، لەدوای ئەوەش کەسوکارم پێیانزانی ئەوانیش نەیانهێشت، بەڵام جاری دووەم وەریانگرتم.

**دەستوور:** کاریگەری چ هونەرمەندێکت بەسەرەوەیە؟

**بورهان محەمەد:** هەموو هونەرمەندەکان گەورەن لەلامو قوتابخانەن بۆ منو سوودم لێوەرگرتوون، بەڵام کاریگەری هیچ هونەرمەندێکم بەسەرەوە نییەو گۆرانی کەس ناڵێمەوە.

**دەستوور:** چۆن چویتە تیپی شانۆی سالار؟

**بورهان محەمەد:** بەهۆی هاورێی ئازیزو خۆشەویستم کاک نەهرۆی ساڵح دەلۆیی بوو چوومە ئەو تیپە، ئێستا لەشانۆگەرییەکدا بەشدارم، کەی مامۆستا ئەحمەد سالار گەڕایەوە لەئەوروپا شانۆگەرییەکە پێشکەشدەکەین.

**دەستوور:** کەی گوێمان لەبەرهەمی نوێت دەبێت؟

**بورهان محەمەد:** کۆمەڵێک ئاوازی نوێم هەیە، گۆرانییەکم تۆمارکردووە بەنیازم کلیپی بکەم بەناوی (تاسەبار)ە، دوو گۆرانیشم لای مامۆستا (گۆران کامیل)ەو ئێستا کاری تێدا دەکات، کەیەکێکیان تێکستی (محەمەد عەزیز)ەو ئاوازی خۆمەو ئەوەی کەشیان هۆنراوەو ئاوازی خۆمە، شیعرێکی (ئەحمەد محەمەدو حەسەن هەڵەبجە)یم لایەو ئاوازم بۆ داناوە، بەڵام من نامەوێت سیدی بکەم، چونکە ئەو پارەیەی کەتیای خەرجدەکەم نایەتەوە دەستم، لەبەرئەوە هەوڵدەدەم ساڵی چەند گۆرانییەک تۆماربکەمو بڵاویبکەمەوە، هەروەها لەبەرنامەمدا بوو بەرنامەیەک پێشکەش بکەم، بەڵام ماوەکەیە سەرقاڵم بەشانۆگەرییەکەوە بەناوی "برایمۆک"، من میوانمو بەرهەمی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانەو بەنیازین بیبەینە دەرەوە لەپرۆڤەش بووینەتەوەو چاوەڕێدەکەین کەلەوڵاتی ئەڵمانیا لەشاری بەرلینو چەند شارێکی تر نمایشی بکەین، بۆیە نەمتوانیوەو کاتم زۆرکەمە.

# نهێنی چاوەکانی دانیا گەیشتە سڕبیا

دەستوور

خانمە گۆرانیبێژی دوورە وڵات دانیا کەئێستا لەوڵاتی هۆڵەندا دەژی، سەرقاڵی کلیپکردنی گۆرانییەکی نوێیە بەناوی (چرا)، گروپی مۆزیکی کورد کاری ئامادەکردنی موزیکی لەشاری سلێمانی بۆ ئەنجامداوە، لەوڵاتی هۆڵەنداش کاری میکسو دەنگی بۆ کراوە.

جگە لەو گۆرانیەش، گۆرانییەکی دیکەی بەناوی (نهێنی چاو) لەستۆدیۆی بەڵکان لەوڵاتی سڕبیا تۆمارکردووەو لەلایەن مۆزیسیان (هاریس لیۆ) وە کاری دەنگی بۆ کراوە.



# فرمێسکەکانی بەکر مەعروف بۆ مانگی رەمەزانە

ژەنیار لە هەولێر


دوای چل رۆژ وێنەگرتنی زنجیرە درامای تەلەفزیونی "فرمێسک" لەدەرهێنانی بەکر مەعوف، ئێستا لەقۆناغی مۆنتاژدایەو بڕی ٩٥ ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە.

بەکر مەعروف لە لێدوانێکیدا بۆ "دەستوور" وتی "زنجیرە درامای تەلەفزیونی "فرمێسک" لەنووسینی نازم دڵبەندو سیناریۆی سەلاح حەسەنو لەدەرهێنانی خۆم، بەر لەچەند رۆژێک کاری وێنەگرتنی لەهەولێر کۆتایی پێهاتو ئێستا کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێت".

وتیشی "ئەم بەرهەمە کە ٩٥ ملیۆن دیناری بۆ خەرجکراوە، باس لەچەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگای کوردی دەکات".


ئاماژەی بەوەشکرد ئەم بەرهەمە "لە ١٥ ئەلقە پێکهاتووە، نزیکەی ٧٠ ئەکتەری شاری هەولێر تیایدا بەشدارن، لەمانگی رەمەزاندا پێشکەشدەکرێت".





**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

ئاگات لەخەرجیەکانت بێت، لەبەرئەوەی حەزدەکەیت لەوە زیاتر خەرج بکەیت کەدەستتدەکەوێت. دەستبڵاویت کێشەی زۆرت بۆ دروستدەکات، بەڵام ئەگەر بەرنامەت هەبێ ژیانت باشتر دەڕوات.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەستی قوڵو بەهێز خۆیان بەسەر ژیانتدا سەپاندووەو سۆزەکانت رەقی زۆر بەخۆیانەوە دەبینن. پێویستەکات بیر لەو شتانە نەکەیتەوەو خۆت بەهەندێک شتی دیکەوە سەرقاڵ بکەیت.




**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

هەندێک شت روودەدەن کەدەبنە هۆی ئەوەی هەست بەنارەزایەتی بکەیت. پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆت بکەیت کەئایا یەکلاییبوویتەتەوە لەسەر شتێکی دیاریکراو، بیرت لەئامانجێکی روون کردووەتەوە.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

پلان بۆ کارەکانت دابنێ پێش ئەوەی دەستیان پێ بکەی. سەرگرتنی هەرکارێکت پێویستی بەکاتێک هەیە، لەبەرئەوە نابێت پەلەبکەیت. لەسەرەتای هەفتەوە هێمنیو کۆتاییەکەی پرچالاکی دەبێت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

ئەم هەفتەیە زۆر دڵت خۆشدەبێت، بەتەواوەتی لەوە تێدەگەیت کەدەبێت چی بکرێتو بەچ شێوازێکیش ئەنجامبدرێت. ئەو کارانەی بەنیوەناچڵی بەجێتهێشتوون کاتی تەواوکردنیان هاتووە.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

هەستدەکەیت کەدەبێت کەسێکی سەربەخۆو ئازادبیت نەک کەسێکی گشتیو کۆمەڵایەتی. بەرەو رووی کێشەیەک دەبیتەوە کەپێویستە بەباشی بیر لەچارەسەرەکەی بکەیتەوە.

# مەلەک ڕۆژهات، دەریایەك لەعشقو خۆشەویستی



دەستوور

خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان مەلەک ڕۆژهات کەئێستا لەشاری هەولێر دەژی، لەئایندەیەکی نزیکدا ئەلبومێکی خۆی بەناوی (دەریا ئەڤینێ) بڵاودەکاتەوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور ناوبراو ئاشکرایکرد کەئەلبومەکەی ١٢ گۆرانی لەخۆگرتووەو ئێستا کارەکانی لەقۆناغی کۆتاییدایە.

مەلەک ئاماژەی بۆئەوەشکرد کەئەلبومەکەی لەلایەن کەناڵی ڤین تیڤی بڵاودەکرێتەوە.

ڕۆژهات وتی "گۆرانیەکانم باسی دڵداریو عەشقو خۆشەویستی دەکات، داواکارم لەگوێگرانم، ئەلبومەکەم کۆپی نەکەنو ڕێز لەماندووبونی هونەرمەندان بگرن".

# کامکاران بەکۆمەڵێک چالاکییەوە دەچنە ئەوروپا



ژەنیار لەهەولێر

کامکارەکان دوو کۆنسێرت لەشاری ئۆسلۆو لەندەن سازدەکەنو بەشداری لەدوو فێستیڤاڵی جیهانیدا دەکەن.

هونەرمەند هۆشەنگ کامکار لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور ڕایگەیاند "ئەگەر گرفتی ڤیزەمان نەیەتە پێش، ئەوا بەنیازین لە ٧ی مانگی تەممووزدا بەشداری لەفێستیڤاڵی جیهانی (فۆرد) لەشاری ئۆسلۆدا بکەین، هەروەها ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد لەهەمان مانگدا لەڕۆژی ٢٤ی تەمموز لەشاری لەندەن بەشداری لەفێستیڤاڵی مۆزیکیwomad دەکەن، دواتریش ڕۆژی ٢٥ی هەمان مانگ لەشاری مانچستەر کۆنسێرتێکی گۆرانیو مۆزیکی کوردی سازدەکەن.

# چۆپی بەرەو ٢٠١١ هەنگاو دەنێت



دەستوور

چۆپی فەتاح سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ ئەلبومە نوێیەکەی، کەلە ١٢ گۆرانی پێکهاتووەو تاوەکو ئێستا بێناوەو بڕیارە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١دا بڵاویبکاتەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لەخانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ چۆپی فەتاح، بەڕۆژنامەی دەستووری ڕاگەیاند کەناوبراو یەکێک لەگۆرانییەکانی ئەلبومە ئینگلیزیەکەی بەناوی (بیر لەمن بکەرەوە) کەتێکستو میلۆدی گۆران بورهان موفتی زادەیە لەوڵاتی لوبنان لەلایەن ستافێکی هونەری پرۆفیشناڵ کاری کلیپی بۆکراوەو دوای تەواوکردنی کارەکانی لەئایندەیەکی نزیکدا بڵاویدەکاتەوە.

ئەو سەرچاوەیە ئاشکراشیکرد جگە لەو گۆرانیە، چۆپی لەئێستادا سەرقاڵی گفتوگۆکردنە لەگەڵ کۆمپانیایەکدا بۆ سازکردنی کۆنسێرتێک لەشاری قامیشلۆ.

ئەو سەرچاوەیە وتی "چۆپی سەرقاڵی خۆئامادەکردنە بۆ کارکردن لەئەلبومێکی نوێدا کەنزیکەی ١٢ گۆرانی لەخۆدەگرێت، بەڵام تاکو ئێستا هیچ ناوێکی دیاری نەکردوە بۆ ئەلبومەکەی، میلۆدی گۆرانییەکانی ئەو ئەلبومەش لەلایەن هەریەک لە (بورهان موفتی زادە، ڕۆزبیێ، مەمۆ، زانا ئەنوەر، نیگار کامیل، هێمن حسێن) دانراوەو سودی لەتێکستی ژمارەیەک شاعیری کۆنو نوێ وەرگرتوە، کاری دابەشکردنی ئەم ئەلبومەش هونەرمەند "هێمن حسێن" ئەنجامی دەدات، واش بڕیارە ئەم ئەلبومە لەسەرەتای ساڵی ٢٠١١ بڵاوبکرێتەوە.

# بارانی مەریوان لەسلێمانی دەبارێت



دەشتی ئەنوەر

دوای هەڵاتنیان لەمەریوان، گروپی شانۆیی باران بەنیازن لەسلێمانی گروپەکەیان زیندووبکەنەوەو درێژە بەکارەکانیان بدەن.

گروپی باران کەدواتر بوو بەگروپی شانۆی سەرشەقام، ئێستا لەشاری سلێمانینو بەنیازن چالاکیە هونەرییەکانیان دەستپێبکەنەوە.

جەمشیدی بەهرامی لەبارەی هاتنی بۆ کوردستانو هەڵهاتنیان لەئێران بەدەستووری وت "کاتێک لەماستەر وەرگیرام، کێشەیان بۆ دروستکردم بەهۆی مەسەلەی ناوچەگەریتیو نەتەوەییو بزووتنەوەی خویندکاری، ڕێگەی وتنەوەی وانەم پێنەدراو نەیانهێشت کەماستەرەکەم تەواوبکەم، بڕیارمدا لەگەڵ چەند کەسێکی گروپەکەی خۆماندا لەکوردستانی باشوور درێژە بەکارەکانمان بدەین".

بەهرامی وتی "بەرنامەمان هەیە بۆ ئەوەی ئیش بکەین، بەڵام هێشتا چاو و دەممان نەکراوەتەوە، کۆمەڵێک فیلمو کاری خۆمان پێیە وەک ئەرشیفو لەگەڵ کۆمەڵێک کەس قسەمانکردووە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو گروپە، چەند شتێکمان بەدەستەوەیە وەک وۆرکشۆپو کاری هونەری بۆ شانۆ لەکوردستان، بەڵام شانۆ لای ئێمە نامۆیە، بۆیە هەر ئەوە وایکردووە جۆرەکانی شانۆ بەباشی نەناسرێت".

بەهرامی ئاماژەی بەوەدا لەساڵی ٢٠٠٥ یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی سەر شەقام لەمەریوان دەستپێکرد، لەتەواوی ئێرانەوە بەشداری تێداکرا، چەند خەڵاتێکیشان بەدەستهێناوەو لەچەند فێستڤاڵێکدا بەشدارییانکردووە.




## کاوڕ (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

بەباشی بیر لەو ئامانجانە بکەرەوە کە لەرابردوودا بۆ ژیانی تایبەتیت دانابوو، چونکە لەوانەیە ئامانجەکانی ئێستاو رابردووت جیاوازییان هەبێت. ئەم هەفتەیە چالاکیت زۆر دەبێت.



## گا (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

پێویستە گفتوگۆ بکەیت لەبارەی ئەو بابەتانەی کاریگەریی لەسەر ژیانت جێدەهێڵن، بەڵام پێویستە پەلەنەکەیت تێیاندا. رەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن پێش بڕیاردان بەباشی بیربکەیتەوە.



## دووانە (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ئەم هەفتەیە تووشی هەندێک لەبیرچوونەوە دەبیت، بەڵام هۆکاری سەرەکی هەموو ئەوانە نەبوونی تەرکیزە. هەروەک پێویستە ئاگات لەدەوروبەرەکەت بێتو نەبێتە هۆی بێزارییان لەو ڕێگەیەوە.



## قرژاڵ (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

لەم ماوەیەدا هەواڵێک لەبارەی تەندروستی کەسێک لەهاوڕێکانت دڵتەنگت دەکات. لەپشووەکانتدا سەردانی سەیرانگاکان بکە، چونکە گەشتکردن سوودێکی زۆری بۆ تەندروستیو دەروونت دەبێت.



## شێر (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

لەم هەفتەیەدا یەکێک لەهاوڕێکانت دەبینی کەزۆر دەمێکە هەواڵی یەکتر نازانن. هەسارەکان پێت دەڵێن کەجارجار کەسە نزیکەکانت بەسەربکەیتەوە، چونکە هاوڕێ ڕاستگۆکانت ڕۆڵیان دەبێت لەژیانتدا.



## فەریک (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ئەم هەفتەیە پێویستت بەپشووە، هەروەک نابێت کارەکان لەخۆت قورس بکەیت. هەموو کاتێک پێویست دەکات کەئەو کارانە کە بەئەنجامیان دەگەیەنیت پێیاندا بچیتەوە، هەواڵێکی خۆشت پێدەگات.

arsivakurd.org

# لەخانەقین زمانی کوردی شکاوە!

## خوێندکارانو راگرایەتی کۆلێژی ئادابی خانەقین، داوادەکەن خوێندنیان بکرێتە عەرەبی

فەرمان خێلانی لەخانەقین

خوێندکارانو مامۆستایانو راگرایەتی کۆلێژی ئادابی خانەقین، داوادەکەن یان مامۆستایەکیان بۆ دابنێن، کەزمانی کوردی بەباشی بزانێت یان خوێندنیان بکرێتە عەرەبی، بۆئەوەی لەکێشەی زمان رزگاریان بێت.

مامۆستایانی چەند بەشێکی کۆلێژی ئادابی خانەقین لەبەرئەوەی خوێندنیان بەزمانی عەرەبی بووە، ناتوانن بەباشی وانەکانیان بڵێنەوەو پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان بنووسن، لەکاتێکدا لەلایەن زانکۆی سلێمانیەوە ناچارکراون خوێندن لەو کۆلێژە بەزمانی کوردی بێت.

هەنار خالید کچە خوێندکارێکی بەشی جوگرافیایە لەقۆناغی یەکەم، دەڵێت لەهەموو گەرمیاندا یەک پرۆفیسۆر هەیە، ئەویش لەبەشەکەی ئێمەیەو ٤ مادده دەڵێتەوە، بەڵام نە لەموحازەرەکانی بەباشی تێدەگەین، نە پرسیارەکانیشی دەخوێنرێتەوە.

هەنار ئاماژە بەوە دەدات بەهۆی کێشەی زمانەوە، کەمامۆستاکانیان هەیانە ئەوان باجەکەی دەدەن، وتی "هەموو ساڵێک زۆرینەی خوێندکارانی ئەم بەشە دەکەونە خولی دووەم".

کوێستان رەفیق خوێندکاری بەشی دەروونناسی لەهەمان کۆلێژە لەقۆناغی سێیەم، دەڵێت نازانێت بۆچی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی ئەو بڕیارەیان دەرکردووە، کەبەزمانی کوردی لەکۆلێژەکەی وانە بخوێنرێت، لەکاتێکدا جگە لەمامۆستای کوردۆلۆجی یەک مامۆستا نییە لەم کۆلێژە بزانێت بەکوردی بنووسێتو بخوێنێتەوە.

کوێستان وتی "بەزمانی عەرەبی بخوێنین باشترە لەوەی بەم کوردییە ناتەواوە بخوێنین".

بەرپرسانی کۆلێژەکە هاوڕان لەگەڵ خوێندکارەکانیانداو خوازیارن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی وەڵامیان بداتەوە.

د. عیزەدین پاڵانی سەرۆکی بەشی جوگرافیا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت مامۆستاکانی کۆلێژەکە زۆربەی بەهەوڵی هاوڕێیەتی هێنراون لەبەعقوبەو خانەقینەوە کەخوێندنیان هەر بەعەرەبی بووە، هیچ ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ زمانی کوردیدا نییە، "بۆیە پرسیارو مەلزەمەکانیان، کوردییەکی شکاوەو تەواو نییە".

کۆلێژی ئادابی خانەقین، سەربەزانکۆی سلێمانیەو لەساڵی ٢٠٠٤ کراوەتەوەو لەبەشەکانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزیو مێژوو و جوگرافیاو دەروونناسی پێکدێت.

د. فواد حسێن یاریدەدەری راگری کۆلێژی ئادابی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت، تەنها بەشی دەروونناسیو جوگرافیایان کێشەی زمانی کوردییان هەیە.

د. فواد حسێن وتی "لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانیەوە ناچارکراوین بەزمانی کوردی بخوێنین، مامۆستایانیش زمانی کوردیان تەواو نییە، بەمەش کێشە بۆ خوێندکارانو ئێمەش دروستدەبێت".

م. مەحمود شەفیق سەرۆکی بەشی دەروونناسی کۆلێژی ئادابی خانەقین لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، وتی "ئێمەش پێمان باشە سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی یان کۆمەڵێک مامۆستامان بۆ بنێرن، یان بڕیارێک دەربکەن بۆئەوەی بتوانین خوێندنمان بکەین بەزمانی عەرەبی".



هەڵەی رێنووسی تاقیکردنەوەکان، خوێندکارانی کۆلێژی ئادابی خانەقینی نیگەرانکردووە.

# پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوك لەسەربازگەدایە

## وەزارەتی پەروەردەی عێراق مۆڵەتی لەپەیمانگاکە سەندووەتەوەو هاوکاریان ناکات

زانیار داقوقی لەکەرکوک

وەزارەتی پەروەردەی عێراقی مۆڵەتی لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک سەندووەتەوەو هیچ هاوکارییەکیان ناکات، بەرپرسانو خوێندکارانی پەیمانگاکە ئاماژە بەوە دەدەن پەیمانگاکەیان بەدەست کۆمەڵێک کێشەوە گیرۆدە بووە.

ماوەی ٥ساڵە خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکوک لەناو بینای سەربازگەی رژێمی پێشوودا دەوام دەکەن، حکومەتی عێراقیش مولەتی لێسەندونەتەوەو هیچ هاوکارییەکیان ناکاتو رەخنەی لەپەروەردەی کەرکوک هەیە.

چالاک سدیق حەسەن بەرێوەبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک، ئاماژەی بەوەدا پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک سەر بەوەزارتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، تائێستا حکومەتی ناوەند خۆی بەخاوەنی نەزانیوە.

بەرێوەبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک وتی "وەزارەتی پەروەردەی عێراقو بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوک، نەک خۆیان بەخاوەنی پەیمانگاکەمان نازانن، بەڵکو دژایەتیشمان دەکەن".

بەرێوەبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک باس لەکێشەو گرفتەکان دەکاتو دەڵێت "بینای ئەو پەیمانگایە پاشماوەی سەربازگەی بەعسی لەناوچووە، تائێستا بینای تایبەتمان بۆ نەکراوە".

چالاک روونیکردەوە بەهۆی کۆنی بیناکە ساڵانە نۆژەنی دەکەینەوە، بەڵام ئەوە سودی نییە، هەروەها شوێنەکەی بچوکەو جێگای خوێندکارەکانی تێدا نابیتەوە.

پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک نزیکەی ٤٥٠ خوێندکار لەسەرجەم بەشەکان لەهەر چوار نەتەوەی شارەکە لەکوردو عەرەبو تورکمان کلدو ئاشوور تێیدا دەخوێنن.

ئەرکان فەرهاد خوێندکاری هونەرەجوانەکانی کەرکوک لەبەشی شانۆ بەدەستووری وت "ئێمە لەم پەیمانگایەدا وەک سەربازێک دەوام دەکەین، نەک وەک خوێندکار".

خوێندکاران رەخنەی ئەوە دەگرن کەحکومەتی هەرێم تەنها گرنگی بەکردنەوەی پەیمانگاکە داوە، هیچ بەتەنگ کەموکوڕیو پێداویستیەکانیەوە نییە.

فاتمە ناهز موتعب خوێندکاری قۆناغی پێنجی بەشی شانۆیە ئاماژەی بەوەدا حکومەتی عێراقی دەستی لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک هەڵگرتووە، ئەگەر حکومەتی هەرێمیش دەستی لەپەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک هەڵگرێت شارەکەمان لەهونەرمەند بێبەش دەکرێت.

دەربارەی کێشەو گرفتەکانی پەیمانگاکەیان، فاتمە وتی "زۆرجار بەهۆی بچوک پۆلەکان لەباخچەی پەیمانگاکەدا وانە دەخوێنین".

بەرێوەبەری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکوک ئاماژەی بەوەدا لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو، حکومەتی ناوەند مۆڵەتی لێسەندونەتەوەو وەزارەتی پەروەردە خۆی کشانەوەو بەهیچ جۆرێک خۆی بەخاوەنی ئەو پەیمانگایە نازانێت، وتی "حکومەتی ناوەند تائێستا تەنها پێنوسێکی بۆ ئەو پەیمانگایە تەرخان نەکردووە، نیازی هاوکاریکردنیشی نییە".



فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

## جیهانبینی پەروەردە

# بەڕێوەبەرە دەرکراوەکان

ئەگەر دادپەروەری کۆمەڵایەتیو راستگۆییو بەئەمەکبوون بۆ هیچ بوارێکی دیکە گرنگ نەبێت، ئەوە بۆ بواری پەروەردە یەکێکە لەو بنەمایانەی بەبێ ئەوانە نەوەیەکی زۆر بێ ئابڕوو بێکەڵک پەروەدە دەبێت.

پرسی دەرکردنو گەڕانەوەو دووبارە دەرکردنو سێ بارە گەڕانەوەی ئەو بەڕێوەبەرانەی بەشێوەیەکی جیاواز لەدەسەڵاتی سیاسی بیردەکەنەوە، بووەتە حیکایەتی رۆژو خەریکە ئابڕوی نەوەیەک دەبات. دەسەڵاتێک نەتوانێت بیروڕای جیاوازی چەند بەڕێوەبەرێکو هاونیشتمانییەکی خۆی قبوڵ بکات، دەبێ چۆن وڵاتێک بەڕێوەببات. بێگومان ئێستا ئێمە باس لەو بەڕێوەبەرانە دەکەین کەبەهۆی ئینتیمابوون یا پشتیوانیکردنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بەر غەزەبی یەکێتی نیشتمانی کەوتوون، بەڵام ئەو کارمەندو بەڕێوەبەرو دادوەررو رۆژنامەنووسانەی دیکەش کەم نین کەبەهۆی رەخنەگرتنیان لەهەردوو حیزبی دەسەڵات لەکارەکانیان دوورخراونەتەوە، بەبێ ئەوەی کاربەدەستە حیزبییەکان جورئەتی ئەوە بکەن بەڕوونی هۆکاری ئەو دەرکردنانەیان بۆ خەڵک روونبکەنەوە.

ترسنۆکی دەسەڵاتی سیاسی لەوڵاتی ئێمەدا تا ئەندازەیەکە کەئامادەیە نکوڵی لەهەموو کارێکی نەشیاوی خۆی بکات. ئەگەر ئەو کارمەندو بەڕێوەبەرانە لەدادگایەکی نێودەوڵەتی یا لەلای رێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤو لێبوردنی نێودەوڵەتی سکاڵا لەدەست دەسەڵاتی کوردستان تۆمار بکەن، ئەوە دوای دوو رۆژ هەمان ئەو دەسەڵاتە بەوە ناشیرینیان دەکات کەئەوان هەوڵی ناشیرینکردنی دەسەڵاتی کوردی دەدەن.

ئەگەر دواکەوتوویی پەروەردەو فۆڕمو شێوازەکانی وانەووتنەوە کاریگەری نێگەتیڤانەی بەسەر یەک بەیەکی منداڵانو خوێندکارانی ئەم وڵاتەوە هەبێت، ئەوە لەلایەکی دیکەوە رەفتارە ناشیرینەکانی پیاوە ناعاقڵەکانی دەسەڵات ئەوەندەی دیکە جیهانێکی پارادۆکساڵیان بۆ وێنا دەکات.

کاتێک خوێندکارەکان ئەوە دەبینن مامۆستاو بەڕێوەبەرو باوکەکانیان تەنها لەبەرئەوەی دونیا بەشێوەیەکی دیکە دەبینن، پێیانوایە رەنگی سور لەشین یا قاوەیی جوانترە، پێیانوایە حیزب دەبێ دادپەروەرتر بێت، پیانوایە باخچەکان دەبێ بەشێوەیەکی دیکە بڕازێندرێنەوە، پێیانوایە مرۆڤ دەتوانێت بەچەندین شێوەی جیاواز بیربکاتەوە ... هتد. کاتێک ئەو خوێندکارو منداڵانە ئەوە دەبینن تەنها لەبەر ئەو شتە سادانە بەڕێوەبەرەکانیان لەقوتابخانەکانیان دەردەکرێنو ناگەڕێنەوە، تەنها لەبەر ئەو شتانە مامۆستاکانیان ناتوانن جارێکی دیکە لەهەمان پۆلدا وانەیان پێ بڵێنەوەو گاڵتەیان لەگەڵدا بکەن بەبێ ئەوە بتوانن خواحافیزییەکی ئاساییان لێبکەن. کاتێک ئەوان ئەم نادادپەروەریو جوداکاریو هەڵوێستە ناشیرینانە لەدەسەڵاتێکی خۆماڵییەوە دەبینن، کەخۆی بەداهێنەری هەموو شتە جوانەکانی ئەو وڵاتە دادەنێت، ئەوکاتە هەموو شتەکانی دەوروپشتیان وەکو دوو جیهانی پارادۆکسال دەبینن. ئەوەش فێردەبن نە ئەو دەسەڵاتە خۆماڵیو دڵسۆزەو نەدڵیشیان بەوانە خۆش دەبێت کەوانەیان پێدەڵێنەوە، چونکە فێری درۆیان کردوون. ئەم شێوە مامەڵەکردنەی دەسەڵات یاریکردنە بەئاگرێک کەهەموان لەگەڵ خۆیدا دەسوتێنێت. ئەو منداڵانە ئەوە لەبەڕێوەبەرو مامۆستاکانیانەوە فێربوون کەمرۆڤ دەبێ بەشێوەی جیاواز بیربکاتەوەو تادەتوانێت دادپەروەرو راستگۆ بێت. ئەوەش فێربوون کەدەبێ هەموو کەس لەبەرامبەر یاسادا وەکو یەکبنو هیچ کەسێکیش بۆی نییە بەهۆی بیروبۆچوونی جیاوازەوە هەڕەشەی لێبکرێت. هاوکات ئەو منداڵانە ئەوەش دەبینن لەبەرئەوەی دادوەرێک رەخنەیەکی دڵسۆزانە دەگرێت لەکارەکەی دووردەخرێتەوە، ئەوەش دەبینن کاتێک رۆژنامەنووسێک موناجات لەگەڵ خۆیدا دەکات، خەڵتانی خوێن دەکرێت. ئەوەش دەبینن کاتێک سەرۆک بەهەموو ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحەی کەهەیەتی لەلایەک هەڕەشە لەهاونیشتمانەکانی خۆی دەکاتو لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کەنابێت هیچ کەسێک لەبەر بیروبۆچوونی جیاواز هەڕەشەی لێبکرێت. ئەو خوێندکارو منداڵانە ئەوەش دەبینن کاتێک دەسەڵات هەر شتێک لەدەستی خۆیدا نەبێتو وەکو خۆی بیرنەکاتەوە بەهەموو شێوەیەک بەفەوزا وێنای دەکاتو ناشیرینیان دەکات ...هتد کاتێک ئەوان ئەو هەموو نادادپەروەرییو درۆیە دەبینن کەتەنانەت گەیشتووەتە ناو پۆلەکانیشیان ئیدی بەچ شێوەیەک بڕوایان بەو دەسەڵاتە هەبێت. بەچ شێوەیەک بڕوایان بەمامۆستاو بەڕێوەبەرەکانی خۆیان بمێنێتو متمانەیان پێبکەن.

ئەمە دادکۆکیکردن نییە لەو بەڕێوەبەرە دەرکراوانە لەبەرئەوەی پشتیوانی لەگۆڕان دەکەن. ئێمە بەهەمان شێوە داکۆکی لەهەموو مامۆستاو بەڕێوەبەرو رۆژنامەنووسو دادوەرێک دەکەین کەخۆی لەبارودۆخێکی لەم شێوەیەدا ببینێتەوە، ئیدی سەر بەدەسەڵات بێت یا کەسێکی ئاسایی ئەم نیشتیمانە. دەبێ ئەم هێرشو رەوتە ناشیرینەی دەسەڵاتی کوردی گرتوویەتیەبەر کۆتایی پێ بێت.

ئەم هەنگاوەی دەسەڵات دەبێ بەهەر شێوەیەک بووبێت لەرێگەی عەقڵو مەنتیقەوە چارەسەر بکرێتو بڕیار بدرێتە دەست کەسانێکی بەویژدانو عاقڵ. دەسەڵات دەبێ هەموو ئەو کەسانە بگەڕێنێتەوە سەر کارەکانیانو چیتر جیهانبینی خوێندکارو منداڵەکانمان نەشێوێنێت، ئەگەرنا هیچ مانایەک بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا نامێنێتەوە.

# لەهاویندا، گۆشتی بازاڕەکانی هەرێم زیانی زۆرترە لەسوودەکانی

بێستون فەتاح

بەپێی ستاندارده جیهانییەکانی شوێنی هەڵگرتنو فرۆشتنی گۆشت، ئەو گۆشتەی لەبازاڕەکانی هەرێمدا دەفرۆشێت، مەرجی تەندروستیو ستانداردی جیهانی تێدانییە.

بەپێی ئەو ستانداردە جیهانیانە، نابێت گۆشت بۆ چەند خولەکێکیش بێت لەدەرەوەی ساردکەرەوەدا بەدانەپۆشراوی دابنرێت، هەروەها ڕێنماییەکانی بەشی چاودێری تەندروستیو ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڤێتنەری هەرێم، جێبەجێ نەکراوە لەو فرۆشگایانەدا.

بەپێچەوانەوەی ڕێنماییەکانەوە لەهەموو شارەکانی هەرێمدا، لەم پلە گەرمایەی هاویندا گۆشت بۆ ماوەی چەندەها کاتژمێر بەدانەپۆشراویو بێ ساردکەرەوە هەڵدەواسرێت، گەر پاراستنی گۆشتو فرۆشتنی لەناو بازاڕەکانی هەرێمدا بەسیستمە جیهانییەکان بەراورد بکرێت، ئەو گۆشتەی هاووڵاتیان بەکاریدەهێنن زیانی زۆرترە لەسوودەکانی.

شوێنی فرۆشتنی گۆشت لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، وا ڕێکخراوە لەرووی جوانییەوە زۆرجار دەشوبهێنرێن بەدەرمانخانەکان، گۆشتەکان جیاکراونەتەوەو لەناو ساردکەرەوەی شووشەیدان، لاکەکان لەناو ساردکەرەوەو بەستەردان، بەپێی پێداویستی دەردەهێنرێن، پارچەی گۆشتەکە جیاکراوەتەوەو بەنایلۆنی سلبۆفان داپۆشراوەو لەبەردەمیدا جۆرەکەی نووسراوە، ئەو کەسەی دەیکرێت تەنها لێنانی لەسەرە.

### مەرجەکانی فرۆشتنی گۆشت لەهەرێمدا

گەر ئەم مەرجانە جێبەجێ بکرێت، دەبێت دوکانی گۆشتفرۆشەکانی ئەم هەرێمە دابخرێن، وەک ئەوەی زۆرینەی ئەو فرۆشگایانە گۆشتیان بەبێ ساردکەرەوە هەڵواسیوە.

بەپێی ڕێنماییەکانی ڕێبەری سەربڕینخانەکانی هەرێم (چاپی ١٩٩٩)، پێویستە "گۆشت لەشوێنی تایبەت بەخۆی بفرۆشرێت، ناکرێت فرۆشتنی جۆرێک زیاتر لەگۆشت لەهەمان شوێندا بێت، پێویستە ریکلام دەربارەی جۆری گۆشتەکەیو نرخەکەی هەڵبواسرێت.

### مەرجە تەندروستییەکانی فرۆشتنی گۆشت

بەپێی هەمان ڕێنمایی کەگرنگترین خاڵەکانی جێبەجی نەکراوە، "پێویستە گۆشتەکە سەلامەت بێت، بۆ خواردنی مرۆیی بشێت، مۆری تەندروستی پێوەبێت، لەلایەن سەرپەرشتیاری تایبەتەوە پشکنینی بۆ کرابێت، پێویستە لەناو ساردکەرەوە دابنرێت، داپۆشرابێت بەپارچەیەک شاش یان جۆرە نایلۆنێک بۆ پاراستنی لەکاریگەرییەکانی ژینگەو تەپوتۆزو مێرووەکان".

### ئەو مەرجانەی پابەندن بەگۆشتفرۆشەکانەوە

"نابێت فرۆشیارەکان تووشبووبن یان هەڵگری نەخۆشییە گواستراوەکان بن، خاوەنی بڕوانامەی تەندروستی لەشساغی بن، دەستیانو روویان پاک بێت، بەرگی سپی تایبەتی بپۆشن، ڕێنماییە تەندروستییە گشتییەکانو کەسایەتییەکان جێبەجێ بکەن".

### ئەو مەرجانەی پابەندە بەشوێنی فرۆشتنەوە

دوکانێکی گۆشتفرۆشێک دەستناکەوێت هەموو مەرجەکانو ڕێنمایی حکومەتی جێبەجێ کردبێت، لەهەموو هەرێمدا گۆشتفرۆشێک نابینیت بەرگی سپی پۆشی بێت، لەدووسەدە لەمەوپێشو زیاتریش کۆتەی دار بەکاردەهێنن، هیچ گۆشتفرۆشێک نییە چەقۆی کارەبایی بەکاربهێنێت، گەلێک کەموکوڕی تر.

### گرنگی گۆشت

گۆشت دادەنرێت بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی پرۆتینی ئاژەڵیی، سەرەڕای کۆمەڵێک سوودیتر، کەدەبێتە هۆکاری چالاککردنی دەردانی ڕژێنەکانی جەستەی مرۆڤ وەک دەردانی دەرهاویشتەکانی گەدە، لەهەمانکاتدا بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەدەدا دەمێنێتەوە، هەر بۆیە کەسەکە هەست بەبرسێتی ناکات، پێشکەوتنی گەلانو دواکەوتنیان بەئاستی چەند پێوانەیەک بەستراوەتەوە، یەکێک لەو پێوانانە بریتیە لەوەی تاکێک ڕۆژانە چەند پرۆتینی ئاژەڵی دەستدەکەیت، بۆ نمونە لەئەورووپاو ئەمەریکاو وڵاتانی کەنداو هەرتاکێک ڕۆژانە ٥٠-٧٠ گرام دەخۆن، بەڵام بەپێی ڕێنمایی ڕێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکان، نزمترین ئاستی دەسکەوتنی ڕۆژانەی گۆشت بۆ تاکێک ٣٥ گرامە.

### ئاکارەکانی گۆشتێکی تەندروستو شیاو بۆ خواردن

گۆشت دادەنرێت بەناوەندێکی باش بۆ گەشەکردنو زۆربوونی بەکتریاکان، لەبەرئەوە زوو خراپ دەبێت، ئەگەر کەوتە بەر بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەکردنی بەکتریاییو یان کارلێکە کیمیاوییەکانو ئەنزیمییەکان.

پێویستە پارێزگاری لەبەرهەمهێنانی گۆشتێکی خاوێن بکرێت، بەکەمکردنەوەی هۆکارەکانی پیسبوونی بەو پەڕی تواناو کارکردن لەسەر گەشەنەکردنی ئەو هۆکارانەو زۆرنەبوونیان.

### دەبێت ئەم خاڵانە بەهەند وەربگیرێت لەهەڵگرتنی گۆشتدا:

١.بڕی کاریگەری ڕێگای هەڵگرتن لەسەر بەرهەمهێنەر.

٢. زەرەرمەندی تەندروستی لەسەر بەکارهێنەر.

٣.پلەی دابەشکردنو خستنە بازاڕو گیروگرفتەکانی.

٤.ماوەی گونجاو بۆ هەڵگرتنی گۆشتەکە.

٥.بڕی تێچوونی سەرو ئەوانە.

### ساردکردنەوەی گۆشت

دوای کرداری ئامادەکردنو پاککردنەوەی کەلاکی گۆشتەکە، پێویستە ڕاستەوخۆ پلەی گەرمیەکەی دابەزێنرێت بەخێرایی، تارێگا نەدرێت ژمارەی ئەو بەکتریانە زیادبکات کە لەسەر رووی کەلاکەکەن، مەبەست لەساردکردنەوە، گەیاندنی پلەی گەرمی ماسولکەکانە بۆ پلەیەک نزیک بێت لەپلەی سفری سەدیەوە نەک پلەی بەستن، ئەم گۆڕانکاریە پشت دەبەستێت بەقەبارەی کەلاکەکە، بڕی چەوری کەلاکەکە، سیستمی ساردکەرەوەکە لەپێناوی دوورکەوتنەوە لەخراپییەکانی ساردکردنەوەی هێواش، کەدەبێتە هۆی خاوبوونەوەی گۆشتەکە، بەکورتی توانای هەڵگرتنی، بۆ دوورکەوتنەوە لەمانە بۆ کەمکردنەوەی کاتو زیادکردنی رووبەری ساردکردنەوەی هەوای ساردی پاڵێنراو بەکاردێت بەهۆی پانکەی گەورەی تایبەتەوە بۆ ساردکردنەوەی کەلاکەکانی ناو ژووری سەربڕینخانەکە، بەکارهێنانی ئەم پانکە گەورانە بۆ پاراستنی ئەو بەشانەیە کەبەیەکەوە نووساوە، لەماوەیەکی کەمدا کە لەماوەی ١٢ بۆ ٢٤ کاتژمێردا دەگاتە ئەو پلەیەی لە ٠بۆ٣ پلەی سەدی بەمەرجێک پارێزگاری لەرێژەی شێی ژورەکە بکرێت لە٩٠٪ دانەبەزێت، بەڵام کەلاکی گیاندارە گەورەکان پێویستیان بە ٤٨ کاتژمێر دەبێت.



لەکوردستاندا گۆشت داواکاری زۆری لەسەرە

> لەهەموو شارەکانی هەرێمدا لەم پلەگەرمایەی هاویندا، گۆشت بۆماوەی چەندەها کاتژمێر بە دانەپۆشراویو بێ ساردکەرەوە هەڵدەواسرێت

# چەند تۆپێك، سەرچاوەی ئاوی ئاوارەکان پیسدەکات

## سکچوونو تەنگەنەفەسیو حەساسییەتی پێست لەنێو ئاوارەکاندا بڵاوبووەتەوە

فەرمان چۆمانی لەرانیە

چەندین خێزانی گوندەکانی سەر سنوور لەترسی تۆپباران، رووریان لەناوچە ئارامەکان کردووەو لەژێر خێوەتدا دەژین، بەهۆی خراپی شوێنی نیشتەجێبوونیانو پیسی ئاوەکەیان چەند نەخۆشیەکیان لەناودا بڵاوبووەتەوە، هەندێ لەو کەمپانەش تائێستا بنکەی تەندروستی نییە.

لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن، بارودۆخی ئاوارەکان لەناو خێوەتداو پیسبوونی سەرچاوەی ئاویان بەتۆپباران، چەند نەخۆشییەکی لەناویاندا بەرەو زیادبوون بردووە.

ساڵح خدر سورە یاریدەدەری پزیشکی لەبنکەی تەندروستی گوندی دەشتێوان، وتی "لەنزیکەوە سەردانی ئەو ئاوارانە دەکەم، بۆم دەرکەوتووە کەچەند نەخۆشییەک لەناویاندا بڵاوبووەتەوە".

ساڵح خدر دەڵێت چەند تۆپێک لەناو ئاوی رووباری قەڵاتوکانی دایە، ئەو رووبارە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەیەو بەهۆیەوە تووشی سکچوون بوون، ئاماژە بەوەشدەدات جگەلەوەش بەهۆی ئەو دوکەڵەی لەئەنجامی تۆپباران درووستبووە، هەندێک توشی تەنگەنەفەسی بوون، هەروەها نەخۆشی حەساسییەتی پێستیش لەناویاندا دەرکەوتووە.

بەپێی ئامارێک کە لەبنکەی تەندروستی دەشتێوان کەنزیکەی پێنج سەد مەتر دوورە لەکامپەکەوە دەسکەوتووە، تائێستا ١٥٠ حاڵەتی جۆراو جۆری نەخۆشی تۆمارکراوە، کە لەناویاندا ١٠ نەخۆشی سکچوونو ٣٩ حاڵەتی تەنگەنەفەسیو ١٥ حاڵەتی حەساسییەتی پێستو دوو حاڵەتی پێوەدانی دووپشک هەبووە.

ساڵح وتی "لەبنکەی تەندروستی دەشتێوان ڕێژەی نەخۆشەکان لەچاو جاران بووەتە دوو بەرانبەر".

سالار عەلی یاریدەدەری پزیشکی لەنەخۆشخانەی سەنگەسەر، ڕێپێدراوە لەلایەن نەخۆشخانەی سەنگەسەرەوە بۆ قسەکردن لەسەر تەندروستی ئاوارەکانی کامپی شەهیدان، بەدەستوری وت " سەردانی ئاوارەکانی کامپی شەهیدانمان کردووە، نەخۆشییەکی زۆری تێدا بڵاونەبووەتەوە، تەنها سکچوون نەبێت کەپەیوەندی بەو ئاوە پیسەوە هەیە کەدەیخۆنەوە، هەروەها هەندێ منداڵیش تووشی چاوئێشەو سووتانو سووربوونەوەی پێست بوون".

کامپی شەهیدان تائێستا بنکەی تەندروستی نییەو چەندین گوندی تریش لەسنووری ژاراوەدا ئاوارەبوونو بنکەی تەندروستییان نییە، بەرپرسانی تەندروستیش ئاماژە بەوە دەدەن، بەهۆی کەمی کارمەندەوە نەیانتوانیوە سەردانی ئاوارەکان بکەن.

بابەکر عەبدوڵڵا حەسەن کارگێری مەڵبەندی تەندروستی ژاراوە، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند تائێستا بەهۆی زۆری کارەکانیانو کەمی کارمەندان، نەیانتوانیوە سەردانی ئەو ئاوارە تازانە بکەن کە لەنزیک گوندەکانی خۆیان لەخێوەتدا ژیان دەگوزەرێنن، بەڵام بەنیازن لیژنەیەک درووستبکەنو سەردانیان بکەن.

موسا حەمەد نوێنەری باڵای ئاوارەکانە لەکامپی دەشتێوان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "کەهەندێ نەخۆشیی وەکو سکچوونو حەساسیەتو تەنگەنەفەسی لەناویاندا بڵاوبووەتەوە".

موسا حەمەد لەکامپی دەشتێوان ئاماژەی بەوەدا شوێنەکەیان گەرمەو مێشولەی زۆر هەیە، بەتایبەت شەوانە کەئەوەش خەڵکی هەراسانکردووە، دەڵێت دووپشکو ماریش هەیە، دوو حاڵەتی پێوەدانی دووپشک هەبووە.

موسا داواکارە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان، دەوروبەری کامپەکەیان بەدەرمانی دژە مێروو بۆ بڕشێنن.



# "مەسەلەی کۆبوونەوەو کۆنفرانس لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا لەئارادا نییە"

## سەفینی مەلاقەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دەستوور

**گۆران وەهاب**

سەفینی مەلا قەرە هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لەهەولێر، دەڵێت تائێستا بزووتنەوەی گۆران باسی بەستنی کۆنفرانسو کۆبوونەوەی نەکردووەو رایدەگەیەنێت کەمەسەلەی لەو شێوەیە لەئارادا نییە. ئاماژە بەوەشدەدات کەبزووتنەوەی گۆڕان تووشی کێشەی دارایی بووەو بەو هۆیەوە تەلەفزیۆنی KNN لەسەر مانگی دەستکردی ئەوروپا نەماوە.

**دەستوور:** پێشتر سەرکردەکانی گۆڕان دەیانووت هەرکاتێک مۆڵەتمان وەرگرت، ئەوکاتە خۆمان رێکدەخەینەوەو سیاسەتی داهاتوومان ئاشکرادەکەین، بەڵام تائێستا سیاسەتو ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە روون نییە؟

**سەفینی مەلاقەرە:** لەسەرەتای راگەیاندنی لیستی گۆڕانەوە ئێمە بەرنامەو ئامانجەکانمان ئاشکراکردووە، راشمانگەیاند کەدەمانەوێت سیستمی حیزبی بکەینە سیستمی حکومیو کۆمەڵگای مەدەنیو سەروەریی یاسا بچەسپێنین، ئامانجی بنەڕەتی ئێمە بەو شێوەیە، دەمانەوێت دەسەڵات لەدەست حیزبێک نەبێت کەهەموو شتێکی قۆرغکردبێت، پەرلەمانو حکومەت شکڵێکی کارتۆنی نەبێت، بەڵکو حەقیقی بێت.

**دەستوور:** بەنیازن کەی کۆنگرە، کۆنفرانس یان کۆبوونەوەیەکی جەماوەری سازبدەنو سەرکردایەتییەک یان دەستەیەکی بەڕێوەبردن بۆ خۆتان دیاریبکەن؟ ئەمە پێویست نییە؟ کاتی ئەوە نەهاتووە؟

**سەفینی مەلاقەرە:** ئەوەمان باسنەکردووە، ئێمە لەدوای ٧/٢٥ خۆمان رێکخستەوەو لەدوای ٣/٧ هەر خۆمان رێکخستەوە، بەڵام مەسەلەی کۆبوونەوەو کۆنفرانسو شتی لەو شێوەیە لەئارادانییە، کەی کاتی هات ئاشکرایدەکەین، ئێستا لەهەموو شارێک لیژنەو رایەڵەمان هەیە، ئەوەی پێویستی خەڵک بێت هەمووی دەیزانێتو بەرچاوروونە.

**دەستوور:** لەدوای وەگرتنی مۆڵەتو بوون بەحیزب، ئێستا لەناو سەرکردەکانی گۆڕاندا بۆچوونی جیاواز هەیە، بەوەی گۆڕانیش بەهەمان سیاسەتی یەکێتیو پارتی کاربکات، واتە کەبوو بەحیزب متمانەی جەماوەر لەدەستدەدات؟

**سەفینی مەلاقەرە:** ئەوە شیکردنەوەی هەندێک رۆژنامەنووسە، هیچ بنەمایەکی واقیعی نییە، کەسیش بۆچوونی وانییە لای ئێمە وەکو پارتیو یەکێتی کاربکات، ئێمە نەبووین بەحیزب، مۆڵەتی یاسایی شتێکی ئاساییە، ئێمە هیچ شتێکمان لەسەر وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی رانەگرتووە، لەدوای ٧/٢٥ەوە داوای مۆڵەتمان کردووە، بەڵام حکومەت تەگەرەی دەخستەبەردەمیو هیچ کاریگەری لەسەر ئیشوکارەکانمان نەبووە، ئێمە لەڕێی فراکسیۆنەکەشمانەوە ئەو داوایەمان پێشکەشکردبوو بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، ئێمە خۆمان بەیاساییو شەرعی دەزانین، دوای ئەوەی لیستەکەمان دەنگی هێناو چووینە ناو پەرلەمانەوە، بەپێی یاسای بریمەریش هەر حیزبێک دەنگی هێناو کورسی هێنا، ئەوە حیزبێکی شەرعیو یاساییە، بەڵام لێرە کێشەیان بۆ دروستکردین لەسەر مەسەلەی مۆڵەت، ئەو مەسەلەیە چارەسەربووە، ئەوەندەش گرنگ نییە بەلای ئێمەوە تابڵێیت قۆناغی پێش مۆڵەتو قۆناغی دوای مۆڵەت، پێش مۆڵەتەکەو دوای مۆڵەتەکەش لەئیشوکاری خۆمان بەردەوامین، مەسەلەی خۆڕێکخستنەوە هیچ پەیوەندی بەمۆڵەتەکەوە نییە، ئێمە نەبووین بەحیزبو ئەو مەسەلەیەش لەئارادانییە کەدەبینە حیزب یان نا، راستە گۆڕانیش وەکو هەر لایەنێکی تر خاوەنی ئیرادەیەو کەسەکانی ئازادن لەدەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان، هەرکەسەو بیروبۆچوونێکی هەیە، بەڵام لەسەر کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی پێکهاتووین، هیچ کێشەشمان نییە کێ بەچ شێوەیەک بیردەکاتەوە، مەسەلەی وەحدەی فیکریو وەحدەی ئایینی، ئەوە هی کاتی حیزبە ستالینیەکانی رۆژهەڵاتییەکانو حیزبە کۆنەکانە، ئێمە لەسەر کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش کۆبووینەتەوە کەئامانجی خەڵکو جەماوەری کوردە.

**دەستوور:** بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرەتادا توانی دەنگێکی ناڕەزایی زۆری هاووڵاتیان لەخۆی کۆبکاتەوە، بەڵام دەوترێت لەبەرئەوەی نەیتوانی پرۆگرامێکی هەمەلایەنەی نوێ پێشکەشبکات، بۆیە زۆر لەلایەنگرانی لەو بزووتنەوەیە کشانەوە؟

**سەفینی مەلاقەرە:** وەڵامی ئەوەمان داوەتەوە، چونکە ئەوە هیچ پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە ئایا ئێمە لە٧/٢٥دا پرۆگرامێکی رێکترمان هەبوو یان دەنگی ناڕەزایی زیاتر هەبوو، کۆمەڵێک هۆکار کاریگەری هەبووە، دەنگەکانیشمان کەمینەکردووە بە بەراورد بە ٧/٢٥.

**دەستوور:** هەندێک کەس بۆچوونیان وایە، بزووتنەوەی گۆڕان بزووتنەوەیەکی تایبەتی کاک نەوشیروانەو پرۆگرامێکی سیاسی جیای نییە، چونکە تائێستا گۆڕان چوارچێوەیەکی رێکخراوی سیاسی نییەو سەرکردایەتییەکی هەرەمەکی هەیە، هەروەها فەلسەفەو ئایدۆلۆجیایەکی جیاوازی لەیەکێتیو پارتی نییە؟

**سەفینی مەلاقەرە:** هەر رێکخستنێکی سیاسی، دەبێت هەیکەلەی رێکخستنی هەبێت، جا رێکخستنێکی پێشکەوتنخوازە یان مارکسییە یان ئیسلامییە، دەبێت هەیکەلی رێکخستنی هەبێت، ئەگەر لەوەدا وەکو پارتیو یەکێتی یان وەکو هەر حیزبێکیتر بێت، هەموو رێکخستنێک هەیکەلی رێکخستنی هەیە، خۆ بزووتنەوەی جەماوەریش دەبێت هەیکەلی رێکخستنی هەبێت، ئەگەر لەوەدا وەکو یەکبین، ئەگینا گوناهە بوترێت شێوەی کارکرنمان وەکو پارتیو یەکێتییە، ئەوان دەیانەوێت هەموو دەسەڵاتێک لەپەرلەمانەوە، لەحکومەتەوە، لەبازارەوە، لەراگەیاندنەوە هەمووی قۆرغبکەن، ئێمە دەمانەوێت ئازادی بکەین یان بیانکەینە مواسەفاتی خەڵک نەک مواسەفاتی حیزبی، ئەگەر پێشتر بۆ خەڵک روننەبووبێتەوە دوای ساڵێک ئەوە روونبووەتەوە، سیاسەتمان لەپەرلەمانو لەشێوەی ئۆپۆزیسیۆنو هەڵوێستمان لەزۆربەی دیاردەکانی کەڕوودەداتو پشتگیریکردنمان بۆ هەموو مافێکی خەڵک، هەڵوێستێکی روونو ئاشکرایە.

**دەستوور:** خەڵک دەڵێن لەوکاتانەی پارتی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕانو سەرکردەکانی بەدەنگ هاتووە، گۆڕان بێدەنگی هەڵبژاردووە؟

**سەفینی مەلاقەرە:** لەڕاستیدا شەڕەکە لەگەڵا شەقامی کوردیو رۆژنامەی ئازاددا بوو، هیچ پەیوەندی بەگۆڕانەوە نەبوو، کۆمەڵێک رۆژنامەنوس دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوەو گۆڕانیش پشتگیری لێکردن، شەڕەکە شەڕی پارتیو گۆڕان نەبووە، ئەوان دەیانویست بەزۆر بیخەنە ملی گۆڕان، شەڕی شەقامی کوردیو رۆژنامەی ئازاد بووە لەگەڵ دەسەڵات، شەڕی گۆڕانو پارتی نەبووە تا وەڵامیان بدەینەوە، ئەگەر وەڵاممان بدانایەتنەوە دەچووە ئەو قاڵبەوە. ئەو شتەم پێهەڵەیە کەهەندێک شت خۆمانی تێوەبگلێنن کەهی ئێمە نەبێت، سەردەشت عوسمان رۆژنامەنوسێکی ئازادبووە، تیرۆرکراوە ئەوەش لێپرسراویەتی حکومەتو دەسەڵاتە بکوژانی ئاشکرابکەن، فراکسیۆنی گۆڕانیش لەپەرلەمان پشتیگری لەوەکردووە، کەدەبێت بکوژان بدرێنە دەست یاساو حکومەت روونکردنەوە بداتو لێکۆڵینەوە بکات، نەک ئەوەی شەڕ بێت لەنێوان پارتیو گۆڕاندا، گۆڕان لایەن نەبووە تا بێدەنگ بێت.

**دەستوور:** بۆ لەبەرامبەر پارتی بێدەنگن؟ لەکاتێکدا بۆ هەر وتەیەکی سەرکردەیەکی یەکێتی قسەتان هەبووەو بەیاننامەتان دەردەکرد؟

**سەفینی مەلاقەرە:** ئەگەر ئەوان تۆمەتیان بۆ ئێمە دروستنەکردبێت، بەهیچ شێوەیەک وەڵاممان نەداونەتەوەو پشتگوێمانخستوون، ئەوان بیانەوێت بەشەڕی لابەلاوە خەریکمان بکەن، بەڵام ئێمە هەرگیز ناکەوینە ئەو داوەوە.

**دەستوور:** تائێستا داهاتی ئەو بزووتنەوەیە روون نییەو ناشەفافە، لەکاتێکدا دەزگا راگەیاندنەکانی سەدان کارمەندی هەیەو پارەیەکی زۆری دەوێت، مەبەستم ئەوەیە دەوترێت ئێوە باسی شەفافی دەکەن، بەڵام تائێستا بەروونی داهاتی خۆتان روونەکردووەتەوە؟

**سەفینی مەلاقەرە:** پێشتر باسمان لەسەرچاوەی داهاتمان کردووە، ئێمە لەسەرەتای بزووتنەوەکەوە تائێستا کێشەی داراییمان هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی رۆژنامەی رۆژنامە لەرۆژانەوە کرا بەهەفتانە، ماوەی پەخشی بەرنامەی تەلەفزیۆنەکەمان لە ٢٤ کاتژمێرەوە کراوەتەوە نیوەی ئەو کاتە، ئێستا KNN لەسەر مانگی دەستکردی ئەوروپا نەماوە، ئەوە هەمووی کێشەی داراییە، ئێمە بە بەخشیشو هاوکاری خەڵک دەژین.

> ئەگەر پارتی تۆمەتیان بۆ ئێمە دروستنەکردبێت، بەهیچ شێوەیەك وەڵاممان نەداونەتەوەو پشتگوێمانخستوون

# لەفەرماندەییەکانی سەر بەپارتیش نانبڕاوەکان وەرناگیرێنەوە

**فەرمان خێلانی**

چەندین پێشمەرگەی نانبڕاوی فەرماندەیی پارتی، تائێستا نەگەڕێنراونەتەوە سەرکارەکانیان کەپێشتر بەوتەی خۆیان لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکرابوون، لەفەرماندەییەکانی سەر بەیەکێتیش قبوڵنەکراون بگەڕێنرێنەوە سەر کارەکانیان.

عەبدوڵڵا محەمەد یەکێکە لەنانبڕاوانی هێزی سێی فەرماندەی سەفینی پارتی، بەدەستووری وت «ئێمە زیاد لە ٥٠ پێشمەرگەی فەرماندەیی پارتینو پێشتر بەبیانووی ئینتیمامان بۆ بزووتنەوەی گۆڕان نانبڕاوکراوین، بەڵام لەئێستاشدا چەندینجار پەیوەندیمان کردووە بەفەرماندەییەکانمانەوە، بۆئەوەی وەرماتنگرنەوە، بەڵام وەرمانناگرنەوە».

ئەو پێشمەرگەیە وتی «هەموومان خاوەن ماڵو منداڵین بێ موچەو ئیشوکارینو بارودۆخی ژیانمان زۆر ناخۆشە».

لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە٢٠٠٩/٧/٢٥دا بەپێی ئامارێک کەلیژنەیەکی پەرلەمان بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نانبڕاوان کۆکراوەتەوە، ٢٠٠٠ کەس نانبڕاوکراون، کە ١١٤ کەسیان لەلایەن پارتیو ٧ کەسیان لەلایەن سۆشیالیستو ٩ کەسی تریان لەلایەن زەحمەتکێشانو ٢ کەسیان شیوعیو ئەوانی تریشی یەکێتی بوون.

ئەگەرچی سەرۆکی هەرێم بڕیاریدا کەئەوان هیچ کەس نانبڕاوناکەنو وتیشی «دەبێت هەموو ئەوانە بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر کارەکانیان»، بەڵام جگەلەوەی لەفەرماندەییەکانی سەر بەیەکێتی وەرنەگیراونەتەوە، لەفەرماندەییەکانی سەر بەپارتیش بەنانبڕاوەکان وتراوە ئەم فەرماندەییە سەر بەپارتیەو کەسانی تر وەرناگرن.

لەرۆژی ٢٠١٠/٤/١٩ بەنووسراوی ژمارە ٣٩٧٧ سەرۆکی حکومەتیش بڕیارێکی دەرکرد بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەرکراو و نانبڕاوانە، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەوانەی کەگواستراونەتەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام تائێستا لەو ٢٠٠٠ نانبڕاوە ٧١٥ کەسیان لەفەرماندەییەکانی سەر بەپارتیو یەکێتی بوونو چەندینجار داوای دەستبەکاربوونەوەیان کردووە، بەڵام بەرپرسانی فەرماندەییەکانی یەکێتیو پارتی وەریانناگرنەوە.


فەرماندەییەکان نانبڕاوەکان وەرناگرنەوە

عەبدوڵڵا محەمەد لەفەرماندەی سێی سەفینی پارتی وتی «پێمان دەڵێن ئەم فەرماندەییە هی پارتییەو وەرتانناگرینەوە».

لەلایکی ترەوە پەیام ئەحمەد پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان کەبەدواداچوونی بۆ کێشەی نانبڕاوانی هەرێم کردووە، بەدەستووری وت «دوای ئەوەی ئەو زانیاریانەمان کۆکردەوەو پێشکەش بەهەریەکە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی حکومەت کردو داوامانکرد ئەو نانبڕاوانە بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر کارەکانیان، لەدوای دەرکردنی بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەکابینەی شەشەم زۆربەیان گەڕێنرانەوە، وەزارەتی پێشمەرگەش هەموو دەرکراوەکانی سەر بەوەزارەتەکەی گەڕاندەوە، بەڵام ٧١٥ کەس لەفەرماندەییەکان وەرناگیرێنەوە».

پەیام وتی «دوێنێ لەرانیە بەچەند پێشمەرگەیەکیان وتووە، ئەمە فەرماندەیی یەکێتییەو وەرتانناگرینەوە، لەهەولێریش چەندین پێشمەرگەی پارتی سەر بەفەرماندەیی وەرناگیرێنەوەو پێیاندەڵێن ئەمە فەرماندەیی پارتییەو وەرتانناگرینەوە، ئێمەش بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، دووبارە سەردانی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمان کردووەو چاوەڕێی وەڵامی سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمینو بەجددی هەوڵی چارەسەری کێشەکانیانو گەڕانەوەیان دەدەین».

# ئایا هەرێمی کوردستان فریای ئێران دەکەوێ؟

## بەهۆی سزا ئابوورییەکانی ئەوروپاو ئەمریکاوە، ئێران هانا بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنێت

هیوای سەلیمی

بۆ دەرچوون لەو قەیرانانەی کە بەهۆی سزا توندەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیو یەکێتی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیا، بەسەریدا سەپێنراوە، ئێران هانا بۆ هەرێمی کوردستان دەهێنێتو دەیەوێت بیکات بەگەورەترین دەروازەی بازرگانی ناڕەسمی خۆی.

چەند هەفتە لەمەوپێش ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی نوێی دژی ئێران پەسەندکرد، خولی چوارەم لەسزاکانی دژی ئێران لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش، زۆرێک لەکەرتە ئابوورییەکانی سەر بەسوپای پاسداران وەک ئامانجی سەرەکی ئەم سزایانە دیاریکراون.

یەک هەفتە دوای پەسەندکردنی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش، هەریەک لەئوسترالیا، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو وڵاتانی ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا، بەشێوەی یەکلایەنە کۆمەڵێک سزای توندتریان بەسەر ئێراندا سەپاند، دەنگۆی ئەوەش هەیە کەوڵاتانی کۆریای باشوورو ژاپۆن هاوشێوەی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا بەشێوەی یەکلایەنە ئابڵوقەی ئابووری ئێران بدەن.

حکومەتی ئێران لەکاردانەوە بەم بارودۆخە نوێیە، ئەم هەنگاوانەی بە نایاسایی وەسفکردووەو ڕایگەیاندوە کەوەڵامی شیاو بەم ڕەفتارانە دەداتەوە. هاوکات چەندین لیژنە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاو حکومەتی ئەمریکا بۆ بەدواداچوونی ڕێگاکانی جێبەجێکردنی ئەم سزایانە ڕاسپێردراوە، تاچەند هەفتەی دیکە ئەم پەسەندکراوانە دەکەونە پرۆسەی جێبەجێکردنەوە. لەسەرجەمی ئەو پەسەندکراوانەدا ئاماژە بەوەکراوە کەپێویستە ئێران بۆ سەرمێزی گفتوگۆکان بگەڕێتەوە. هاوکات تاڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، ئەم سزایانە بەردەوام دەبێ، لەئەگەری وەڵامنەدانەوەی ئێرانیش، ڕێوشوێنی گونجاوتر کەیەکێکیان لێدانی گورزی سەربازییە، لەداهاتوودا دەگیرێتە بەر.

### گەمارۆکان چڕتر دەکرێنەوە

سزاکانی ئەمجارەی سەر ئێران توندترو بەربڵاوتر لەجارەکانی پێشووترن. لەپەسەندکراوی ئەمجارەی ئەنجومەنی ئاسایش کە بەبڕیارنامەی ١٩٢٩ ناودێرکراوە، بوارەکانی قەدەغەکردنی هەناردەکردنی چەکو تەقەمەنی بۆ ئێران، بانک، پشکنینی کەشتییە بارهەڵگرەکان بۆ ئێرانو چەندین بواری دیکە لەخۆدەگرێ.

باراک ئۆباما سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەیەکەمین لێدوان دەربارەی سزاکانی ئەم خولەی ئەنجومەنی ئاسایش، وتی " ئەم بڕیارنامە توندترین سزایە کە تائێستا لەبەرامبەر ئێران گیراوەتەبەر."

سوزان رایس نوێنەری ئەمریکا لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەمبارەوە وتی " هەنگاوگەلێکی جیدی لەم بڕیارنامەدا هەڵگیراوە، ئێمە لەناوەڕۆکی بڕیارنامەکە ڕازینو بێگومان ئەم بڕیارنامە بەهێزە، فشارێکی جیدی لەسەر ئێران دادەنێ."

بابەتێکتر کەسزاکانی ئەمجارەی سەر ئێرانی لەجارەکانی پێشووتر جیاکردەوە، بڕیاردانی یەکلایەنەی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو تەنانەت ئوسترالیا بۆ ئابڵوقەی زیاتر لەسەر ئێرانە. دوابەدوای پەسەندکردنی سزاکان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش، هەریەک لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوسترالیاو یەکێتی ئەوروپا بەشێوەی یەکلایەنانە کۆمەڵێک سزای توندتریان بەسەر ئێراندا سەپاندووە. سزا یەکلایەنەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا، بوارەکانی پیشەسازی گازو نەوت، کۆمپانیاو لایەنەکانی پەیوەندیدار بەسوپای پاسداران، کۆمپانیاکانی هاتوچۆی ئاسمانیو ئاویی، هەروەها ئاڵوگۆڕە ماددییەکانی کردووەتە ئامانج. لەبڕیارەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا ناوی بەشێکی بەرچاو لەفەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران دەبیندرێ، کەسەفەرکردنی ئەوان بۆ وڵاتانی ئەوروپایی یاساغ دەکرێو هەروەها ڕێگەدەگیرێ لەوەی کە لەبانکەکانی ئەوروپا حسابی بانکی بکەنەوە.

تەها حەسەنیانی ڕۆژنامەنووسو چاودێری سیاسی دانیشتووی کەنەدا، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشو هەروەها پێشبینی سزاکانی یەکێتی ئەوروپا بە بەرفراوان وەسف دەکا، دەڵێت " بەبڕوای من ئابڵوقەی بوارەکانی بانکو دارایی گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر کۆماری ئیسلامی، لەبەرئەوەی کەسەرجەمی پێوەندییە ئابوورییەکانی ئێران پێویستی بەئاڵوگۆڕی پارەو سەرمایەیە، ئەم هەنگاوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەتوانێ لەمپەرێکی گەوەر بۆ ئێران دروستبکا."

لەنوێترین هەواڵدا، هەواڵنێری ڕۆیتەرز ڕایگەیاندووە کەئاڵوگۆڕە نەوتییەکانی ئێران بەرەورووی قەیران بووەتەوە، لەتازەترین هەنگاو وڵاتانی قرغیزستانو تورکمەنستان دەیانەوێ هێڵی هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی ئێرانەوە بگۆڕنو هەناردەکانی نەوتی خۆیان لەڕێگەی دەریای ڕەشی ڕووسیا بۆ کڕیاران بگوازنەوە.

### هەڵوێستە ناکۆکەکانی تاران

پێش پەسەندکردنی خولی نوێی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران ڕایگەیاندبوو کە لەئەگەری پەسەندکردنی سزاکان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، پێوەندییە دیپلۆماسیەکانی خۆیان لەگەڵ ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دەوەستێنن. لەدوای



کوردستان بووەتە هاوکارێکی باشی لایەنی ئابووری ئێران

پەسەندکردنی سزاکان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، حکومەتی ئێران لەنووسراوێکی ڕەسمیدا هێرشیکردە سەر ئەنجومەنی ئاسایشو ئەمریکا، ڕایگەیاند کەئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، مەرجەعێکی شیاو بۆ دابینکردنی ئاسایشو مافی نەتەوەکان نییەو ئەمریکاش لەگەڵ قەیران بەرەورووە.

مەهدی بەرزەگەر چاودێری سیاسیی دانیشتووی ئەڵمانیا، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت، کاردانەوەی ئێران بەبڕیارنامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، چەشنێک تەحەفوزو نەرمو نیانی پێوەدیارە. وتی "کاردانەوە ڕەسمییەکەی ئێران، زۆرتر باس لەبابەتە لاوەکیو پەراوێزەکان کراوەو هیچ ئاماژەیەکیش بەدرێژەدان بەپیتاندنی یۆرانیۆمی لە٢٠٪ی نەکراوە. من لەو بڕوایەدام کەحکومەتی ئێران نیگەرانی داهاتووی ئەم سزا تازانەیەو هەر بۆیە ڕێگەیەک بۆ ئەگەرەکانی دانووستانو دەربازبوون لەم قەیرانەی هێشتووەتەوە."

لەبەرامبەر سزا یەکلایەنەکانی یەکێتی ئەوروپا، حکومەتی ئێران کاردانەوەی توندی نیشانداوەو هەڕەشەی وەڵامدانەوەی لەوڵاتانی ئەندام لەیەکێتی ئەوروپا کردووە.

ماڵپەڕی دویچیوێلەی ئەڵمانی لەراپۆرتێکی پەیوەندیدار بەم بابەتە ڕایگەیاندووە کەجێگری کاروباری ئەوروپای وەزارەتی دەرەوەی ئێران، ڕەخنەی توندی لەوڵاتانی ئەوروپایی گرتووەو باسی لەوەکردوە کەئەگەر یەکێتی ئەوروپا ئەم بڕیاری سزادانە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا وەڵامێکی ئاشکراو شیاو بەوان دەدەنەوە.

هاوکات عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند "بەهیچ شێوەیەک ڕێگەنادەین کە کەشتییەکانی ئێران لەئاوەکانی ئازادی جیهانی لەلایەن وڵاتانی دیکەوە پشکنینیان بۆ بکرێ، لەئەگەری هاتنەئارای ئەم مەسەلە پێکدادان لەنێوان ئێرانو وڵاتانی دەرەکی دێتە ئاراوە."

سوپای پاسداران کەبەردەنگی سەرەکی ئەم سزا تازانەیە، لەزمانی جێگری فەرماندەی ئەم هێزەوە نیگەرانییەکان لەداتەپینی ئابووری ئێرانی نەشاردووەتەوە، ڕایگەیاند کەڕێکخستنەوەی ئابووریو ئابڵوقە بەشێک لەسیاسەتە دوژمنکارانەکانی وڵاتانی زلهێز لەدژی ئێرانە، بەڵام حکوومەتێک کەئەساسەکەی لەسەر ئایینو مەعنەویات بێ، هیچ کات بەهەڵوەشاندنەوەی ئابووری تووشی هەڵوەشاندنەوەی سیاسیی نابێ.

### کاریگەری سزاکان لەسەر حکومەتو خەڵک

بەردەوام پرسی کاریگەرییەکانی ئابڵوقەی ئابووری ئێران لەسەر حکومەتو ژیانی خەڵکی ئاسایی جێگەی مشتومڕ بووە. ئەگەرچی وڵاتانی ڕۆژئاوایی باس لەوەدەکەن کەسزا ئابوورییەکانی ئێران، وشیارانە دارێژراونو کەمترین زیان بەخەڵکی ئاسایی دەگەیەنێ، بەڵام خراپتربوونی باری گوزەرانی خەڵک لەناوخۆی ئێرانو پێوەندی ئەم مەسەلە بەسزا ئابوورییەکانی سەر ئێران، نیگەرانییەکی زۆری دروستکردووە. کۆرت لێشنێر نوێنەری حزبی سۆسیال مەسیحی ئەڵمانیا، سزا ئابوورییەکان بەشمشێرێکی دوولایەن بۆسەر خەڵکو حکومەتی ئێران وەسف دەکات. وتی " ڕاستە کەئامانجی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسزادانی ئابووری ڕوو لەحکومەتی ئێرانە، بەڵام پێدەچێ لەزۆر بواردا کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک دانێ، بەڵام چارەیەک بۆ ئەم مەسەلە لەبەردەستدا نییە."

بەشێک لەسزا ئابوورییەکانی ئەمجارە کەرتەکانی نەوتو گازی گرتووەتەوە، ئەم مەسەلەش کاریگەری نێگەتیڤ دادەنێ. گرنگیدان بەکەرتی نەوتی عێراقو هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە، دەتوانێ سیاسەتێک لەپێناو کەمکردنەوەی ئاستی پێداویستی وڵاتانی جیهان بەنەوتی ئێران بێ. بۆ ئێرانێکیش کەزۆربەی هەرە زۆری ئابوورییەکەی بەفرۆشتنی نەوتو غازەوە گرێدراوە، مەسەلەی ئابڵوقەی کڕینی نەوت لەئێرانو گرنگیدانی زیاتر بەپیشەسازی نەوتی عێراق کەکۆمەڵێک تایبەتمەندی وەک سووکبوون، هەڵکێشانی ئاسانترو...هتدی هەیە، دەتوانێ ئێران بەرەو قەیرانێکی ترسناک ببات.

هەواڵەکانی ناوخۆی ئێران باس لەنیگەرانی لەڕادەبەدەری خەڵک لەم بارودۆخە نوێیە دەکا. گرانی ڕوو لەهەڵکشانە، نیگەرانی حکومەتی ئێرانیش لەگرانتربوونی کاڵاو کەلوپەلەکان، بابەتێک بەناوی کۆکردنەوەو ئەنبارکردنی کاڵاکانی لێکەوتووەتەوە. وەزارەتی بازرگانی ئێران بڕی دوو ملیارد دۆلاری بۆ زەخیرەکردنو ئەنبارکردنی ١٣ کاڵای بنەڕەتیو لەوانە مریشک، هێلکە، نیسک، شەکرو ... تەرخانکردووە.

گۆڤاری تایم لەلێکدانەوەیەک دەربارەی کاریگەرییەکانی سزا ئابوورییەکان دەنووسێ "ئەگەرچی تائێستا سزا ئابوورییەکان کاریگەریەکی بەرچاوی نەبووە، بەڵام حکومەتی ئەمریکا هیوادارە کەئەم هەنگاوە تازانە کەبەرژەوەندییەکانی توێژی دەسەڵاتداری ئێرانی کردووەتە ئامانج، ببێتە هۆکار بۆ کەلێنی قوڵتر لەنێوان خەڵکو دەسەڵات. سزا ئابوورییەکانی ئەم چەند هەفتە، کاریگەری لەسەر بەهێزبوونی نەیارانی حکومەتی ئێران دادەنێو دەتوانێ ئەم قەیرانە بۆ دەرفەت بگۆڕدرێ."

تەها حەسەنیانی دەربارەی کاریگەرییەکانی سزا ئابوورییەکان لەسەر حکومەتو خەڵک وتی "یەکێک لەو بوارانەی کەسزاکانی ئەمجارە دەیگرێتەوە، بواری نەوتە. "بەڕای من حکومەتی ئێران بەدرێژایی ئەم ساڵانە هێزی سەرکوتی خۆی لەسەرچاوە ماددییەکانی نەوتەوە وەرگرتووە، هەر بۆیە چەککردنی ئێران لەم ئامرازە دەتوانێ لەئاڕاستەی بەهێزکردنی خەباتی خەڵکو دابەزینی توانای کۆماری ئیسلامی بێ."

### ئایا هەرێمی کوردستان فریای ئێران دەکەوێ؟

لەساڵەکانی ڕابردوو دوبەی وەک پایتەختو ناوەندێکی بەهێزی بازرگانیو هەروەها شوێنێک بۆ گیرسانەوەی بارو پێداویستییەکانی ئێران، ڕۆڵێکی کاریگەرو بەرینی بینیوە. گرنگی ئەو بابەتە لەوەدایە کەحکومەتی ئێران لەساڵەکانی ڕابردووش کۆمەڵێک سزای ئابووریی لەسەر بووە، بەڵام بەکەڵکوەرگرتن لەم شێوە ناڕاستەوخۆیە، بازی بەسەر سزاکاندا داوەو توانیوویەتی تاڕادەیەکی پێداویستییەکانی لەم ڕێگەوە هاوردە بکا. تێوەگلانی وڵاتانی عەرەبی بەمەسەلەی دژایەتیکردن لەگەڵ ئێرانو ئەگەرەکانی دروستبوونی جەنگ لەکەنداو، هاوکێشەکەی پێچەوانە کردووەتەوە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆمپانیاو بازرگانانەی کە بەدرێژایی ئەم ساڵانە لەدوبەی بوون، ڕوویان لەباشووری کوردستان کردووەو لەم مانگانەی دوایی ئاستی پێوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیووە.

سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کەهەرێمی کوردستان ڕۆڵی دوبەی بۆ ئێران دەنوێنێ، ئەم مەسەلەش بۆ بابەتی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێرانو ئابڵوقەکانی دەگەڕێتەوە. سەرەڕای مەسەلەی سزا ئابوورییەکان، ئەگەرەکانی دروستبوونی جەنگێکی نوێ لەکەنداویش خۆی وەک هاندەرێکو هۆکارێک بۆ ئەم مەسەلە ڕۆڵ دەبینێ. هەوڵدان بۆ دروستکردنی فرۆکەخانەی تازە لەهەرێمی کوردستانو چڕتربوونەوەی پێوەندییە بازرگانییەکانی نێوان ئێرانو هەرێمی کوردستانو هەروەها ئومێدەکانی تورکیا بۆ دانیشتن لەسەر سفرەیەکی دەیان ملیارد دۆلاری لەڕێگەی هاوردە ناڕاستەوخۆکانی ئێران لەوڵاتانی ئەوروپایی لەڕێگەی تورکیاوە بۆ هەرێمی کوردستانو دواتر بۆ ئێران، خێرایەکی زیاتری بەم ڕەوتە داوە.

ماڵپەڕی پەیک نێتی ئێرانی لەنووسراوێکی پەیوەندیدار بەم مەسەلەوە باس لەوە دەکا کەستراتیجی ئێران هەنگاونان بەرەو حکومەتێکی لەچەشنی کۆریای باکوورە، لەئاڕاستەی ئەم ستراتیجییەو دڵنیابوون لەڕێگەگرتنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەچوونی سووتەمەنی بۆ ئێران، چەندین مانگە لەڕێگەی سنوورەکانی عێراقو ئێران بەشێوەیەکی خێرا بەنزین بۆ ئێران دەگوازرێتەوە. لەم ڕاپۆرتەی ماڵپەڕی پەیک نێت ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کەتانکەرەکانی بەنزین لەڕێگەی بانەو سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە داخڵی ئێران دەبن، ئەم تانکەرانە ژمارەی "ئەربیل"و "نەینەوا"یان پێوەیە.

دکتور محەمەد سەعید ڕەووف پرۆفیسۆری ئابووری لەزانکۆی سلێمانی، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور گرنگی هەرێمی کوردستان بۆ بارودۆخی ئێستای ئابووری ئێران پشتڕاست دەکاتەوە. وتی "ئێمە ئەگەر وڵاتەکەمان بکەینەوە، بەبێ هیچ یاسایەکی گومرگی ڕێکو پێک کە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێ، هیچ قازانجێک ناکەینو تەنانەت لەبەرامبەریشدا وڵاتانی دیکە بەسیاسەتی داپۆشینی ئابووری، وڵاتەکەی تۆ پڕدەکەن لەکاڵا، تۆ لەخێرو بێرەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە بەرفراوانە بازرگانییە بێبەش دەکەن، هەر بۆیە دەبێ بەوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەینو هەوڵبدەین زۆرترین قازانج بکەین."

# کلتووری دەسەڵاتو کلتووری ئۆپۆزیسیۆن



دەسەڵاتو ئۆپۆزیسیۆن وەک یەک هاووڵاتییان ئاراستەدەکەن

نەجمەدین حەمەعەلی

لەپاش راپەرینەوە بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ وە تائێستا ئێمە لەهەرێمی کوردستاندا ئەزموونی جۆرێک لەدەسەڵاتو حوکمکردن دەکەین، کە لەڕاستیدا ئەم دەسەڵاتە ئەوەندەی دەسەڵاتێکی هەڕەمەکیو بێ سەروبەر بووە، هیچ ئەوەندە دەسەڵاتێکی دیسپلینکراو تەندروست نەبووە، ئەوەندەی بەرخوردی لەگەڵ ستەمکاریو ناعەدالەتیو رەزیلەتدا هەبووە، هیچ ئەوەندە دەسەڵاتێکی دادپەروەرو خاوەن فەزیلەت نەبووە. هۆکاری ئەمەش گەلێک زۆرو زەوەندەن، بەڵام یەکێک لەگرنگترین هۆکارەکان بریتی بووە لەنەبوونی ئەویتر بەرامبەر بەم دەسەڵاتە، ئەویتر واتە دەنگی ئۆپۆزیسیۆنبوونو نەخێرکردنو هەڵوێستوەرگرتن لەبەرامبەر ئەو ناعەدالەتیو چەوساندنەوانەی کەبەردەوام رووبەڕوویان دەبووینەوە، ئەو دەسەڵاتەی کە تائێستا ئێمە لەم هەرێمە ئەزموونی دەکەین، بریتییە لەدەسەڵاتی بەڕێکردنو جێبەجێکردنی کارەکانی رۆژانەی هاووڵاتیان، بەڵام لەراستیدا ئەم دەسەڵاتە تەنانەت نەشی توانیوە ئەمەش بکاتو پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان تاڕادەیەک جێبەجێ بکات، چونکە دونیابینی دەسەڵات دونیابینییەکی زۆر خەفەکراو تەسکبووە، ئەمەش لەدەرەنجامی ئەقڵییەتی هەڕەمەکیو بیرنەکردنەوەی ئەم دەسەڵاتەوە سەرچاوەیگرتووە.

پاش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ی ساڵی رابردوو دواتریش هەڵبژاردنەکانی ٣/٧ی ئەم ساڵ، لەناخی بەشێک لەم دەسەڵاتەوە گروپێک جیادەبنەوەو وەک ئۆپۆزیسیۆن بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا دەکەنو دواتر زۆرێک لەهاووڵاتیان ئەم رەوتە دەکەنە نوێنەری خۆیانو دەنگی خۆیانی پێ دەدەن. وەک ئاماژەمان پێدا گەر دەسەڵاتێک ئەوە بارودۆخو بیرکردنەوەو ئەزموونی حوکمڕانی بێت، ئایا ئەو گیانی ئۆپۆزیسیۆنبوونەی کەبەشێکی زۆری کەسانی خاوەن بڕیارو ئاڕاستەکەری ئەم رەوتە، پێشتر خۆیان بەشێک بوون لەو دەسەڵاتە، ئایا دەکرێ بتوانن مومارەسەی هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست بکەن.؟ ئایا زەمینەی بیرکردنەوەی دەسەڵات تا چ رادەیەک هاوکارو کۆمەکی هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزدەکات.؟

پاش بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتەی کەلەم چەند رۆژەی رابردوودا لەلایەن رێکخراوی ئاسک (ASK) ەوە ئامادەکراو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کەدەسەڵات مامەڵەیەکی دوژمنکارانە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا دەکات.

بەرمەبنای ئەو دوو پرسیارەی سەرەوەو ئەو دەرەنجامەی ئەو راپۆرتە پێی گەیشتووە، هەروەها پاش نزیکەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆندا، دەکرێو شوێنی خۆیەتی چەند سەرنجێک لەم بارەیەوە بخەینەڕوو.

وەک ئاماژەمان پێدا هەر لەسەرەتاوە لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری سەرکردەکانی ئەم مۆدێلە "ئۆپۆزیسیۆن" ساڵانێکی زۆر لەچەقی دەسەڵاتدا بوونو لەهەندێ کاتدا خۆشیان بەشێک بوون لەو دەسەڵاتە، بۆیە ئەمە بۆ خۆی گومانی لای هاووڵاتیان دروستکرد لەئیمکانییەتی مومارەسەکردنی ئۆپۆزیسیۆنبوون لەلایەن ئەم هێزەوە، هەروەها لەلایەن خۆشیانەوە ئەمە بوو بەیەکێک لەو کێشانەی کە لەخودی خۆیاندا رووبەڕووی ئەم هێزە بوویەوەو هەر لەسەرەتاوە گوتاری ئەم هێزەی بەرەو گوتارێکی پەرچەکردار ئاڕاستەکرد. ئەم پەرچەکرداربوونەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی کەئەم گوتارە لەلایەن زیاترینی ئەو هاووڵاتیانەوە پێشوازی لێبکرێت کەتوڕەبوون بەرامبەر بەدەسەڵاتو زووربەشیان لەدەرەوەی بازنەی حیزبەکانەوە بوون. کاتێک دەسەڵاتیش لەپڕێکدا رووبەڕووی هێزێکی لەو جۆرە دەبێتەوە، بێگومان لەبەر ئەوەی خۆی دەسەڵاتێکی نادادپەروەرو گەندەڵ بووە، هەموو رێگەیەکی نامەدەنی دەگرێتەبەر بۆ سەرکوتکردنو پوکانەوەو سەرهەڵنەدانو دروستبوونی ئەم هێزە، ئەم حاڵەتەش وای لێ دەکات زیاتر لەهێزی ئۆپۆزیسیۆن، دەسەڵات ئەم هێزە وەک دژو دوژمن سەیربکات. دەبوایە ئۆپۆزیسیۆن هەمان هەڵەی دەسەڵاتی نەکردایە، بەڵام لەبەر ئەوەی کلتوورەکەی هەمان کلتووری دەسەڵاتە، نەیتوانیوە لەم روانگەوە مۆدێلێکی تەواو جیاوازتر پێشکەشبکات.

بەدرێژایی چەندین ساڵ دەسەڵات خاوەنی گوتارێک نەبووەو هەڕەمەکیانە حوکمی کردووەو بەرمەبنای هەستو سۆزی جەماوەر گوتاری خۆی دارشتوە. واتە لەبری ئەوەی ئەو جەماوەر ئاڕاستە بکات، جەماوەر ئەوی ئاڕاستەکردووە. لێرەوە نەپێویستی کردووە بیربکاتەوەو نەخوێندنەوەی هەبێ بۆ خۆی، ئەمەش وای لێکردووە کەتووشی نەخۆشیی هیستریای خۆشخەیاڵیو شانداداان لەسەر رابردوو و خەریکی لێخوڕینی جەماوەر بێتو جەماوەریش بەپێچەوانەوە خەریکی لێخوڕینی دەسەڵات بێت و لەکۆتایدا مەبدەئی لێخوڕە دەشتە دەبێتە گرنگترین سەنتەری بیرکردنەوەو ئاڕاستەکردنی دەسەڵاتو ئەم مەبدەئەش شوێنی بیریارو لێکۆڵەرو لێکۆڵینەوەی بۆ دەگرێتەوە.

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک بەسەر ئەزموونی ئۆپۆزیسیۆندا، بەهەمان شێوەی دەسەڵات تائێستا ئۆپۆزیسیۆن خاوەنی گوتارێکی دیسپلینکراو نییەو لەراستیدا خراپتر لەمەش خاوەنی سەرکردایەتییەکی دیسپلینکراو نییە تاڕادەیەکی زۆر هەڕەمەکیانە گوتاری خۆی ئاڕاستە دەکات. ئەبوایە ئۆپۆزیسیۆن بەپێچەوانەی دەسەڵات پێش هەموو شتێ هەوڵی دامەزراندنو دروستکردنی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی بدایەو کۆمەڵێک لێکۆڵەرو پسپۆری لەم سەنتەرانەدا کۆبکردایەتەوە، دەبوایە پێش ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن دروستبێ، ئەم سەنتەری لێکۆڵینەوانە هەبوونایەو خەریکی کاری خۆیان بوونایە، تا خوێندنەوەیەکی گشتگیرو چڕوپڕیان لەهەموو روانگەو ئاڕاستەو لایەنەکانەوە بۆ بارودۆخی هەرێمو بەتایبەتی بۆ دەسەڵات بکردایەو بەشێوەیەکی زانستیانە هەموو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەم دەسەڵاتەیان لەدوو توێی چەندین لێکۆڵینەوەدا بخستایەتەڕوو. دواتر بەرمەبنای دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە بەرنامەو ستراتیجێکی گشتگیرو زانستیانەیان دابڕشتایەو ئامادەبکرایە بۆ پراکتیزەکردنی. دواتریش لەگەڵ لەدایکبوونو کارکردنی ئەم ئۆپۆزیسیۆنەدا ئەم لێکۆڵەرو سەنتەرانە خەریکی کاری خۆیان بوونایەو چاودێری هەموو هەنگاو و کارو گوتەیەکی ئۆپۆزیسیۆنیان بکردایەو ببونایە بەئەقڵی بڕیاردەری ئەم هێزە، چونکە هەموو سیاسیو دەسەڵاتو دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی دنیا لەپشتیانەوە کۆمەڵێک ئەقڵو بیریارو لێکۆڵەر کارو حوکمو ئاڕاستەیان دەکەنو بەڕێوەیان دەبەن.

بەداخەوە پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک بەسەر ئۆپۆزیسیۆندا ئەم هێزە تائێستا بیری لەوەها شتێک نەکردووەتەوەو لەراستیشدا هەروەک دەسەڵات ئەمیش پێویستی پێی نییەو بەهەمان شێوەی دەسەڵات لەلایەن گوتاری هەڕەمەکی خەڵکو بەرمەبنای هەستو سۆزیان ئاڕاستە دەکرێت. ئەم هێزەش کەبینی لەپڕێکدا نیو ملیۆن هاووڵاتی دەنگیان پێدا لەهەڵبژاردنەکاندا هەروەک دەسەڵات تووشی هیستریاو خۆشخەیاڵیو لەخۆرازیبوون بووە.

هەروەک چۆن دەسەڵات بەرەهایو بەدرێژایی چەندین ساڵ حوکمی کردووەو خۆی بەخاوەنی هەموو شتە باشەکان زانیوەو ئەویتریشی بەئێستاشەوە بەلاوە قابیلی قبوڵکردن نییەو هەموو نەیارێکی گوتاری خۆی بەدوژمن وێناکردووە، بۆیە تەبەنیکەری گوتارێکی دوژمنکارانە بووە، بەهەمان شێوەش لەئێستادا ئۆپۆزیسیۆن بەرەهایی هەموو خراپییەک بەدەسەڵاتدا هەڵدەواسێتو هەموو چاکەکانیش دەداتە پاڵ خۆی؟ ئۆپۆزیسیۆنێک لەئێستادا کە لەدەسەڵاتدا نییە بەو رەهاییە دەدوێ، ئەی ئەگەر دەسەڵاتی گرتەدەست گەرەنتی چی دەبێ کەبەم گوتارەوە بگرە بەزیاتریشەوە ئەزموونی دەسەڵات نەکات، ئەو کاتە هەروەک دەسەڵات هەموو شتە باشەکان بەخۆیدا هەڵاواسێتو هەموو شتە خراپەکانیش بەوانی کەدا. ئایا ئۆپۆزیسیۆنێکی لەم جۆرە بەم گوتارە رەهایەوە گەر لەکاتی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا فاسدو گەندەڵبوو، تۆ بڵێی تەحەمولو قبوڵی ئۆپۆزیسیۆنو گوتارێکی تری لەخۆی جیاوازتر بکات؟ ئایا هەموو ئەو رێگا نامەدەنیو نائەقڵانیانە ناگرێتەبەر بۆ مانەوەی لەدەسەڵاتداو هەوڵی تێرکردنو خەساندنی ئەقڵی خەڵک نادات بۆئەوەی لەهەموو حاڵەتێکدا کاریان تەنها دەست ماچکردنو بەڵێو ملتەکاندن بێتو گروپە نارازییەکانی تریش پەراوێزبخاتو گوێ بۆ دەنگیان نەگرێتو بەخائینو دژی دەسەڵاتی خۆی ناویان ببات؟

راستە لەئێستادا دەسەڵات هەموو هەوڵێک دەدات بۆ خەفەکردنو سەرکوتکردنی ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام نابێ گوتاری ئۆپۆزیسیۆنیش هەمان گوتار بێتو تەبەنیکەری گوتارێکی دوژمنکارانە بێت بەرامبەر بەدەسەڵات، چونکە گەر یەکێتیو پارتی ئامانجیان بە بەردەوامی مانەوەبێت لەدەسەڵاتدا، ئەوا پێویستە ئۆپۆزیسیۆن ئامانجی خزمەتکردنی هاووڵاتیان بێت لەڕێگەی چاککردنی ئەم دەسەڵاتە، یان دواتر گۆڕینی بەدەسەڵاتێکی تری دادپەروەر. بەدڵنیاییەوە گەر ئۆپۆزیسیۆن فریای گوتاری خۆی نەکەوێتو چاکو دیسپلینی نەکات، ئەوا لەداهاتوودا بەرەو پوکانەوە دەچێتو بەمەش زیانێکی زۆر گەورە لەگیانی ئۆپۆزیسیۆنبوون دەداتو لەولاشەوە خزمەتێکی ئێجگار گەورەش بەخۆسەپاندنو ئایدیای ستەمکاری دەسەڵات دەدات.

---

# بورجەکەی سەردەشت

ئارام شەمێرانی

ئەستێرەناسەکە: زۆرسەیرە، هەموو بورجەکانی ئەم مانگە لەیەکدەچنو دەڵێن، بەهەزار داماویی تادەبی بەشتێک دوایی کۆتایت پێدەهێنن، سەیرتریش ئەوەیە لەم هەرێمەدا دەستکاری قەدەریش دەکرێت.

تیرۆریستەکە: داری زڕ بۆ بڕین باشە، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن، هێشتا فێری ئەوە نەبوویت کەڵلەپووت؟

ئەستێرەناسەکە: لەخەوما سەردەشت پێدەکەنی، وەک ئەو گوڵە وابوو کە لەزانکۆ دەیگرت بەدەستیەوە، رووخساری لەمانگێ دەچوو کەنازبکات بەسەر جوانیدا.

تیرۆریستەکە: راستدەکەیت، هەر ئەو زەردەخەنانە بوو وایکرد فیشەک ددانەکانی ماچبکات، ئەوانەی کەوادەی مردنیان دێت زۆر قەشەنگ دەبن، چونکە دوادواییانە.

ئەستێرەناسەکە: بورجەکەی سەردەشت دەیووت: سەختە لەبەردەم ناعەدالەتییەکانی ئەم کاولەیەدا خۆت رابگریت، سەختە بدەی بەلای سۆزانیو سواڵکەرو رووتو برسیو ئەم هەموو هەژارو بێ دڵسۆزەداو خۆتی لێ گێل بکەیت، ویژدانێ هەلاهەلات دەکات، لەناختدا کەوەک رمێکی ژەهراوی وایە بەسەر دڵتەوە جێگیری بکەن، وەک هەڵکۆڵینی چاوەکانت وایە بەچەقۆ.

تیرۆریستەکە: ئێ، ژیرە گیان ئێمەش هەر لەبەر ئەمە بوو ئەو هەمووە مەینەتییەی گەلەکەیمان لەکۆڵکردەوە، خۆ بەو جوانکیلەییەوە فەقیرە سەری سپی بووبوو.

ئەستێرەناسەکە: بورجەکەی سەردەشت بەمنی وت: بۆ زەماوەندەکەی سەردەشت جەماوەرێکی زۆر بەشداری دەکات، بەوانەشەوە کەنایناسن، بەوانەشەوە کەسەری خۆیان هەڵگرتووە،هەر کەسەو بۆ خۆی چۆپیگر دەبێت.

تیرۆریستەکە: سەهووی، من دەمزانی ئەوانە بۆ خۆپیشاندان دێنە سەر شەقام، بەدەسڕی ئاوریشمەوە نا، بەلافیتەو وێنەوە.

ئەستێرەناسەکە: لەبورجەکەی سەردەشتدا هاتووە، هاوڕێیانی سەردەشت خۆیان دانامەزرێنن تابکوژەکانی نەهێننە بەردەم دادگا.

تیرۆریستەکە: مەجبورن خەریکی ئەوەبن، چونکە دانامەزرێن، ئەی لەبەتاڵیدا خۆ شێت دەبنو پارەی ئەوەشیان پێنییە بچنە لای پزیشکێکی دەروونی.

ئەستێرەناسەکە: با واز لەوان بێنین، لەپێچێکی بورجەکەدا ئاماژەیەک کراوە بەوەی رۆژنامەنووسان بڕیاریانداوە، کەبەردەوام بن تاخوێنی شەهیدان (سۆرانی مامەحەمەو دکتۆر عبدالستار تاهیرو منو تۆ) یش بە بەردەم ماڵی ئەوانەدا نەچێت کەلێی نوستوونو خۆشیان بەخاوەنی ئەم نیشتمانە دەزانن.

تیرۆریستەکە: وەک قسەکەی فلانی وایە (ئەم یاپراخە، نە بەگەرمی سارد دەبێتەوە، نە بەساردی گەرم دەبێتەوە) ماوەیەکی تر ئەم گاڵە گاڵەی سەر شەقامەکانیش نامێنێت، کپ دەبنەوە، ئەوە گەرماو گەرم بوو، ئیتر ساردا سارد دەبێتەوە.

ئەستێرەناسەکە: جا چییە؟ بورجەکە وا دەڵێ: خۆ هیچ نەبێت ماوەیەکی تر خەڵاتی سەردەشت بۆ ئازادی رادەربڕینو شەهیدی قەڵەم لەهەولێر یان سلێمانی دەدرێت، شتی واش دێتە بەردەم کامێرا بۆئەوەی شەو خۆی ببینێتەوە بایی تروسکەیەک ئیمانی بەکاری رۆژنامەنووسی نییە، کورە هەی داد بەجاسوسو شتی تریشی دەزانێت.

تیرۆریستەکە: بەوانەش دەبەخشرێت، کە لایەک لەپەرتوکخانەکان نووسراوی ئەوانەو جوکەیەکیشیان لێوە نەهات، یان ئەوانەی کە بەبیانووی پورمان نەشتەرگەری هەیەو نەنکمان حەزی لەپیتزایەو دەرەوە تەپوتۆزەو عەینەکەکەمان بیرچووەو نایەینە بەر هەتاو خۆیان دزیەوە، نەک لەو قەرەباڵغیەدا ببینرێنو نانیان ببڕدرێت بە بەلاش، ئاخر لەسەر سەردەشتێک کەنایناسن بۆ ماڵوێران بن؟

ئەستێرەناسەکە: ئەدی حکومەتی هەرێم چی؟ باوای میللەت دەڵێم، بورجەکەی دەڵێت: سەد لەسەد پشتگوێی ناخات.

تیرۆریستەکە: لاژگ، ئەوەندە گێرمەو کێشمەکێشم دێتەپێشەوە ئەو مەسەلە لەبازاڕی هیچ زەڕەنگەرێکدا بەنرخی تەنەکەش ناکێشرێت، تۆپبارانی تورکیاو ئێران نابینی؟ ئەوە نییە رەوشی منداڵ لەتورکیا چ خراپە، ئەوە نییە کۆماری ئیسلامی منداڵی ئێمەی کافر دەکاتە قوربانی؟ بەینی خۆمان بێ با باسی ئەوانە بوەستێت لەسێدارەیان دەدەن، ئەوان لەمدیو ئەوەندە ئاسودەن دەڵێی لەژووری میوانەکەی خۆیاندا خەریکی دانسن.

ئەستێرەناسەکە: بورجەکەی سەردەشت دەڵێت: هەندێ رۆژنامەنووس وا دەپژمن کەگوایا ئەم مەوزوعە ئەوەندە قەبە نەکرێت، خۆ عێراق ئەوەتا لەپەنا گوێمانداو رۆژانەش رۆژنامەنووس دەکوژرێتو دەفڕێنرێتو لەو گوێ چەمو کەناردەریاو شتانەدا تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە، تەنانەت کاتژمێرەکەی دەستیشی دەبەن بۆ بەیتولمالی گروپەکەیان.

تیرۆریستەکە: دروستیان فەرموو، سەیری ئەو کەناڵانە بکە کە لەبەرنامەکانیاندا باس هەر باسی سەردەشت بوو، مەخەوە لەگەڵ تۆمە، بزانە ئیتر تاچلەی ماتەمینیوساڵیادی تیرۆرکردنی قسەدەکەن، ئەوانیش ئیشیان پێی هەبوو، خوا پێمنەگرێت بزانە چ مەبەستێکیان هەبوو.

ئەستێرەناسەکە: من بورجەکەم وردە وردە هیچی پێنەما، دەڵێ: ئەوەندە زانیاری مەدە بەو تیرۆریستە.

تیرۆریستەکە: منیش هەرچیم وت کامێرای شاراوەبوو، گەورەم بانگم دەکات، چونکە ئیشی زەرورمان هەیە.

# ئەنفالی سپی ڕەشماڵی ڕەش لەکوردستان هەڵدەدات

## تەنها لەسلێمانیو دەورووبەری زیاتر لە٤٠٠ کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون

فەرمان خێڵانی*

بەپێی ئەو ئامارانەی لەپارێزگای سلێمانیو گەرمیانو خانەقینەوە دەست دەستوور کەوتوون، زیاتر لە ٤٠٠ کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون، بەرپرسانی ئاسایشی هەرێمیش ئاماژە بەزیادبوونی ئەو مادانە دەدەن لەکوردستان.

هەڕەشەکانی مادە هۆشبەرەکان وەک "ئەنفالێکی سپی" لێکدەدرێتەوە کەدەبێتە هۆی گیانلەدەستدانی بەکارهێنەرانی.

### عێراق .. پاکترین ناوچە لەمادەی هۆشبەر سنوورەکانی دەکاتەوە

بەپێی ڕای پسپۆڕانی بواری مادەی هۆشبەرو ئەو لێدوانانەی لەلایەن بەرپرسانی ئاسایشەوە رادەگەیەنرێت، بەر لەساڵی ١٩٩٠ عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە پاکترین ناوچە بووە لەبەکارهێنانی مادەی هۆشبەر.

عەمید جەلال بەگ لێپرسراوی بەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی، ئاماژەی بەوەدا تاساڵی ١٩٩٠ لەعێراقدا ئەم مادانە نەبووە، بەڵام لەکاتی کۆڕەوەکەی گەلی کورد، سنوورەکان بەباشی کۆنترۆڵ نەکرابوونو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتو کوردی باشووری خۆشمان تێکەڵیەک دروستبوو لەنێوانیانو ئەو تێکەڵیەش بوو بەهۆی ئەوەی ئەم مادانە بڵاوببنەوە.

لێپرسراوی بەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی بەدەستووری راگەیاند "لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە ئەم مادانەو بەکارهێنانیان بەڕوونی بەدیارکەوتووە، لەبەرئەوەی کۆچی خەڵکی ڕۆژهەڵاتو خەڵکی خۆشمان وایکرد ئەم مادانەو بەکارهێنانو بازرگانیکردن پێوەی روو لەزیادبوون بکەن، جگە لەڕۆژهەڵات لەوڵاتانی تری دراوسێی وەکو (ئێرانو سوریاو تورکیاو عێراق)ەوە ئەم مادانە دێنە کوردستان".

### یاسای سزادانی عێراقیو مادەی هۆشبەر

بەپێی یاسای ١٤ی سزادانی عێراقی کەتایبەتە بە بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکان، هەرکەسێک بەتاوانی بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر دەستگیر بکرێت، حوکمی هەتاهەتایی دەدرێت.

### بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر لەکوردستان ڕوولەزیادبوونە

بەرپرسانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەزیادبوونی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەدەنو سەدان کەس بەهۆیەوە دەستگیرکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور تەنها لەپارێزگای سلێمانی بەگەرمیانو خانەقینەوە، لەماوەی ٥ساڵدا نزیکەی ٥٠٠ کەس بەتاوانی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون، ئەم ڕێژەیەش ساڵ بەساڵ ڕووی لەزیادبوون کردووە.

بەپێی ئەو ئامارەی لەبەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی دەست دەستوور کەوتووە، لەساڵی ٢٠٠٥ەوە تا ئێستا ٣٠٠ کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون، لەو ڕێژەیەش ٣٠ کەسیان بازرگانیان بەمادەکەوە کردووەو بەپێی یاسای ١٤ی سزادانی عێراقی کەتایبەتە بە بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکان حوکمی هەتاهەتاییان بەسەردا دراوە، ٢٧٠ کەسیشیان بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکانو ئێستا لەزیندانن، حوکمەکانیشیان لە ٣ساڵ کەمتر نییە، جگەلەوەش چەندین کەسی تر کەبەم مەسەلەیەوە تێوەگلاون یان بڕێکی کەمیان بەکارهێناوە بەلێبوردنی گشتی ئازادکراون.

هەر بەپێی ئامارەکەی ئاسایشی سلێمانی تائێستا دەست بەسەر زیاتر لە ٥٠ کیلۆ لەمادە هۆشبەرەکانی وەک (تریاک، حەشیشە، هێرۆین، شیشە، کۆکاین، کراک)دا گیراوە.

لەماوەی ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠/٦/٢٠ دا ٦٧کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەخانەقین دەستگیرکراون.

مولازم ئەسیر بەرپرسی بەشی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خانەقین بەدەستووری راگەیاند "لەماوەی ساڵی ٢٠٠٩ دا ٤٥ کەسمان دەستگیرکردووە بەتۆمەتی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، لەسەرەتای ئەمساڵیشەوە تا ٢٠١٠/٦/٢٠، ٢٦ کەسمان بەتۆمەتی بەکارهێنانی مادەکەوە دەستگیرکردووە، چەند کەسێکیان پاش چەند هەفتەیەک لەدەستگیرکردنەکەیان ئازادکراونو ئەوەی کە لەو ماوەیە زیاتر دەمایەوە ڕەوانەی پۆلیسی بەعقوبەو ئاسایشی سلێمانیمان دەکردن".

بەرپرسی بەشی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکان لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خانەقین وتی "ساڵ بەساڵ ڕێژەی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر روو لەزیادی دەکات".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە بەدەستوور گەیشووە لەقەزای کفریو ناحیەکانی، لەساڵی ٢٠٠٤ کەسێک دەستگیرکراوە بەبڕێک مادەی هۆشبەرەوە، بەهۆی ئەوەی بەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیاندا نەبووە، ڕەوانەی ئاسایشی سلێمانی کراوە.

لەقەزای دەربەندیخانو ناحیەکانی، تا ئێستا ٥ کەس دەستگیرکراوە، ٢ کەسیان ساڵی ٢٠٠٧ ، کەخەڵکی سەرپێڵی ڕۆژهەڵات بوونو بڕێک تریاکیان هێناوە بۆ دەربەندیخانو ٢ کەسی تریان ساڵی ٢٠٠٨ بەمادەی تریاکەوە گیراون کەبڕەکەی ٣ ,٢ غم بووە، کەسێکی تریشیان ساڵی ٢٠٠٩ دەستگیرکراوەو تائێستا لەزینداندایە.

لەقەزای کەلارو ناحیەکانی، ساڵی ٢٠٠٨ تەنها ٦ کەسو ساڵی لەساڵی ٢٠٠٩دا ١٩ کەس دەستگیرکراون، ئەو مادە هۆشبەرانەی کەبەم کەسانە گیراون، تریاکو هەموو جۆرەکانی حەپ بوون، ئەم ٢٥ دەستگیرکراوەش حوکم دراون بە ٦ مانگو ساڵو ساڵونیوێک.

سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بەدەستووری وت "چەند کەسێکیشمان لەخانەقینەوە بۆ هاتووە، لەڕێگەی ئاسایشی خۆمانەوە لەخانەقین کەئیدارەی خانەقین پێی نەزانیوونو ڕەوانەی ئێمە کراون".

ئەو سەرچاوەیە وتی "ساڵی ٢٠٠٧ تەنها یەک کەسیان بەدەستگیرکراوی بۆ ناردووین، ساڵی ٢٠٠٨ ، ٤ کەسیان بۆ ناردووینو لەساڵی ٢٠٠٩شدا ١٥ کەسو ئەمساڵیش تائێستا ١ کەسیان بۆ ناردووین".

بەگوێرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا ١٨کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەرەوە لەسنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەیان دەستگیر کراون.

سەرچاوەیەکی تایبەت لەئاسایشی شارەزوور لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئاشکرایکرد "لەشەش ساڵی رابردوودا ئاسایشی شارەزوور توانیویەتی ١٨ کەس دەستگیر بکات کەسەرجەمیان بڕی ئەو مادە هۆشبەرەی کەپێیانەوە گیراوە دوو کیلۆو شەش سەدوو نەوەدوو دوو گرام مادەی هۆشبەر بووە".

ئەو سەرچاوەیە وتیشی لەناو ئەو کەسانەی کە بەکاریان هێناوەو بازرگانییان پێوەکردووە کەسانی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێرانیشی تیادایە.

ملازم عەلی لەئاسایشی سۆران دەڵێت ناتوانن زانیاری لەسەر مادەی هۆشبەر بدەن بەراگەیاندنەکان، لەبەرئەوەی زانیاریەکانیان ڕەوانەی بەڕێوەبەرێتی گشتی نەهێشتنی مادەی هۆشبەری هەرێم لەهەولێر کردووە.

فرسەت دۆڵەمەڕی بەڕێوەبەری گشتی نەهێشتنی مادەی هۆشبەر لەهەرێم ئامادەنەبوو بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم هیچ لێدوانێک بدات.

دەستوور چەند جارێک پەیوەندی کرد بەعیسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەرێم، بەڵام وەڵامی پەیوەندییەکەی نەدایەوە.

### مادەی هۆشبەر دەچێتە ناو زیندانەکانەوە

زۆربەی ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە بەکارهێنانو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە لەناو زیندانەکاندا زیندانی دەکرێن، بەرپرسانی ئاسایشو پۆلیسو پسپۆڕانی بواری دەروونیو کۆمەڵایەتیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بەهۆی تێکەڵبوونی زیندانیەکانەوە مادە هۆشبەرەکان لەناو زیندانیەکانی تردا بڵاودەبێتەوە.

شوان عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی بەدەستووری وت "مادەی هۆشبەر وەکو تریاک نەهاتووە، بەڵام حەپ هاتووەتە ناوەوەی زیندان، ئێمە چاودێری وردمان هەیەو ڕۆژانە حەپ دەگرین".

شوان عەبدوڵڵا وتی "سزای توندمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کەئەو جۆرە حەپانە بەکاردەهێنن، لەو کەسانەی کەتریاک بەکاردەهێنن، ئێستا یەک کەس کاریگەرییەکانی ئەو مادانەی بەسەرەوە ماوە، کەنابێتە هۆی تووشکردنی زیندانیەکانیتر".

بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی وتی "زیندانییەکان تێکەڵاون، بەپێی جۆری تاوانو ساڵی تاوانەکە زیندانییەکان دابەشبوون، نەک ئەوەی کەمادەی هۆشبەر بەکاردەهێنێت زیندانییەکەی جیابێت، لەبەرئەوەی لەژێر چاودێرییەکەی وردان، ناتوانن بەئاسانی ئەو مادانە بەکاربهێننو زیندانییەکانیتر تووش بکەن".

عەمید جەلال دەڵێت "نابێت ئەو زیندانیانەی کە لەسەر مادەی هۆشبەر دەستگیردەکرێن، بخرێنە ناو زیندانییەکانی ترەوە، بەڵام ئێستا هەموو زیندانییەکان پێکەوەن لەزیندان، ئەمەش کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر زیندانییەکانی ترو ڕەنگە زیندانییەکانی تر تووشی بەکارهێنانی ئەو مادانە بکەن".

لێپرسراوی بەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی وتی "چەندینجار حەپی جۆری (ترامادۆڵ) مان بەزیندانی گرتووە، کە لەڕێگەی هاوەڵەکانیانەوە لەدەرەوە بەدەستیان گەیشتووە".



مادەهۆشبەرەکان کاریگەری جەستەییو دەروونیو کۆمەڵایەتی لەسەر بەکارهێنەرانی دادەنێت

لوقمان سیوەیلی هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەمادە هۆشبەرەکاندا لەزانکۆی سلێمانی بەدەستووری وت "هەندێک لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کەئەم نەخۆشیە سارییە، واتە بڵاودەبێتەوەو هەر نەخۆشێک دەتوانێت پێنج کەس تووش بکات، ئەم پێنجەش بۆ پێنجی تر، واتە مەترسی کەسێک یەک بۆ بیستو پێنجە، بەشێوەیەکی گشتی ژینگەی زیندانو زاڵبونی کلتووری دەستەجەمعیو ویژانی جەمعی ناو زیندانو گروپی هاوڕێیانو بارودۆخی خەمۆکی ناو زیندان، بێگومان زەمینە سازییەکی لەبارە بۆ بڵاوبوونەوەی مادەهۆشبەرەکان".

د. دانیال پسپۆڕی نەخۆشیە دەروونیەکان لەنەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی بەدەستووری وت "من خۆم سەرپەرشتی بەندیخانەیەک دەکەم، حاڵەتی وا هەیە لەناو زینداندا کەسانی تریش تووشی کێشانی مادە زیانبەخشەکان بوون".

### هێنانی مادەی هۆشبەر کۆنترۆڵ ناکرێت

تائێستا لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستانو عێراقەوە مادە هۆشبەرەکان دێتە ناو هەرێمی کوردستانو عێراقەوەو ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت.

عەمید جەلال بەرپرسی بەشی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی وتی "لەئێستادا سنوورەکانمان کۆنترۆڵکردووە، بەڵام مادە هۆشبەرەکان هەر دزە دەکەنە نێو هەرێمەوە، لەبەرئەوەی ئەوانەی بازرگانی بەو مادانەوە دەکەن چاوچنۆکنو تاکتیکو پلانی جۆراوجۆری ئەوتۆیان هەیە کەبتوانن مادەکە بهێننە ناو هەرێمەوە".

مولازم ئەسیر بەرپرسی بەشی قەڵاچۆکردنی مادە هۆشبەرەکانە لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خانەقین بۆ دەستوور وتی "لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەهۆی گەڕانەوەی کوردە ئاوارەکانی ئێرانو سەردانی شیعەکانی ئێران لەمەرزی مونزەریەی سەر بەقەزای خانەقین بۆ نەجەفو کەربەلا، ئەم مادانەو بەکارهێنەرانیان پەیدا بوون، جگەلەوەش بەهۆی کۆنترۆڵ نەکردنی بازگەکانی عێراق کە لەسوریاوە ئەو مادانە دێتە بەغداو لەوێشەوە بۆ شارەکانی تری عێراق دەڕوات".

### کاریگەرییەکانی مادەی هۆشبەر

د. دانیاڵ پسپۆڕی نەخۆشیە دەرونییەکان لەنەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی دەربارەی کاریگەرییەکانی مادە هۆشبەرەکان، وتی "کەسی ئالودەبوو بەمادەی هۆشبەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز دەبێت، لەرووی جەستەیشەوە کاریگەری لەسەر چاو و مێشکو دڵو گەدە هەیە، چەند کەس بەکارهێنەری بووە، بووەتە هۆی لەدەستدانی چاوی، چەند کەس هەیە دڵی لەدەستداوەو جگەرو گورچیلەو لاوازبوونی توانای سێکسی، لەرووی دەروونیشەوە تووشی بێهۆشیو لەبیرچوونەوەو دڵەڕاوکێ دەبن".

***ئەیوب کەریم، زانا ئەحمەد، مەعاز فەرحان، بەشدارییان لەئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا کردووە.**


پۆڵ ریکۆر

# ڕێبازەکانی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دەق

بەشی دووەم

ئاری عوسمان خەیات

**یەکەم/ ڕێبازی دەرەکی دەق**

ئەم ڕێبازە، لەڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ دالو مەدلولەکانی نێو دەقدا دێتو گرنگی بەنووسەر (خاوەنی دەق) دەداتو کاردەکات لەسەر ڕاڤەکردنی ماهییەتی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی نووسەر. دواجاریش هەر بەهەمان کەرەستەوە، بڕیار لەسەر دەقەکە دەدات.

ئەگەرچی "ناتوانین پاش ناسینی ڕوانگەی نووسەر، خۆمان بخەینە جێگای ئەوەوە، بۆیە شیکار بۆ ئەنجامی ئەم کارەی دەبێ توێژینەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبارەی نووسەرەوە فەراهەم کات. پاش ئەوەش نابێت متمانەیەکی ئەوتۆمان لەبواری زانستی، چۆنییەتی بارودۆخی ژیانی نووسەرەوە ببێت، چونکە ئەگەر هەتوانی ئەوەمان بووایە، کەدووبارە ڕوانگەی تایبەتی نووسەر بخولقێنینەوە، ئیتر پێشگۆیی نە مانای دەبوو و نە پێویستی. جا بەناچاری هەرکات ئەم ڕەوشتە دەگرینە بەر، بەتەواوی نابێت بەتەمای ناسینی بیروبۆچوونی نووسەر (دانەر)بینو هەروەها دەستمان بگاتە ناسینی پلەی هەرەمەزنی ئەو.." (١)

(د. لەمیا باعیشن) لە (نظریات قراوە النص)دا، ئەو لایەنانە دەخاتەڕوو، کەڕێبازی دەرەکی گرنگیان پێدەدات، بۆ ڕاڤەکردنو خوێندنەوەی دەق، کەئەویش بریتین لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. ژیانی تایبەتیو ڕووداوەکانی ژیانی نووسەر.

٢. کەسایەتیو سایکۆلۆژییەتی نووسەر.

٣. ئاستی ڕۆشنبیریو ڕادەی موتاڵاکردنی نووسەر.

٤. کارو بەرهەمەکانی پێشووی نووسەر.

٥. چۆنێتی دنیابینیو هەڵوێستە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر.

٦. ئەو زەمینەو بارودۆخە سیاسیو ڕۆشنبیریو هونەرییەی لەسەردەمی ئەودا بەرقەرا بووە.

٧. دابونەریتی کۆمەڵگەکەیو چۆنێتیو چەندێتی ڕەنگدانەوەو کاریگەربوونی لەسەر نووسەر.

٨. شێوازو ستایلەکانی نووسینو ئاخاوتنو دەربڕین، لەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە..(٢)

ئەمانەو دەیان شتی تریش هەن، کەڕۆڵیان هەیە لەچۆنێتی بەرهەمهێنانی دەقدا، بەوپێیەی نووسەری دەق بەجۆرێک لەجۆرەکان دەچێتە نێو هاوکۆڵکەیەکی ئاوێزان بەکۆمەڵێک لایەنی ژیان، کە لەزەینو نەستیدا ڕەگ دادەکوتنو دواتریش لەسیاقی دەقێکدا بەرکەڵک (تەوزیف)یان، دەکات. ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ، ئەم ڕێبازە زیاتر گرنگی بەو لێکۆڵینەوانە دەدات، کەپەیوەندییان بەلایەنی ڕووخسارەوە هەیە، هەروەک (ڕیینی وێلک) لەیەکێ لەکتێبەکانیدا، ئاماژەی پێکردووە.

کەواتە پاساوی لایەنگرانی ئەم ڕێبازەو سووربوونیان لەسەری، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێیانوایە "دەق دیاردەیەکی شارستانییەو لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئاوێتەی یەکتربوون، بۆیە لێکدابڕانیان ئاستەمە. هەر بۆنمونە ئەوان دەڵێن: "ئەدەبو ژیان یان ئەدەبو کۆمەڵگا، بەهیچ شێوەیەک ناکرێ لەیەکیان جیابکەینەوە" (٣).

کەواتە ئەم ڕێبازە هەوڵی ئەوەمان بۆ دەدات، ئەو بارودۆخەی نووسەر پیاتێپەڕیوەو کاریگەریی لەسەر داناوەو لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بخاتە ڕوو و شرۆڤەی بکات. بۆنمونە لەوانەیە نووسەریک بەهۆی ئەوەی لەبارودۆخێکی سەقەتو ناهەمواری کۆمەڵایەتیو خێزانی پڕ زەبرو زەنگدا ژیاوە، دەقێکی تراژیدی بەرهەم بهێنێت، کەڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە. هەڵبەت ئەم حاڵەتەش لەمێژووی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکاندا، بەدیار دەکەوێت، بۆ نمونە: لەئەنجامی جەنگی جیهانیو شەڕەماڵوێرانکەرەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا، چەندین بەرهەمی تراژیدی لەقاڵبی مەسخەرەپێکردنو گاڵتەجاڕیدا لەلایەن دادایيو سوریالییەکانەوە نووسرانو بڵاوکرانەوە.

سارتەر کە بەخاوەنی فەلسەفەی بوونگەرایی دەناسرێ، یەکێک بووە لەوانەی بڕوای بەم ڕێبازەی دەق هەبووەو قسەی خۆی لەسەر کردووە.

"سارتەر جگە لەزمان بڕوای بەژیانی نووسەریش هەبووە (بایۆگرافی)، کەئەم بۆچوونەش گرنگە، واتە سارتەر لای وابووە چۆنیەتی ژیانی نووسەرو ئەو سەردەمەی نووسەری تێدا ژیاوە، لەسەر پێکهاتەی دەقو ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی نێو دەق، بایەخو گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە سەرنجی بدرێتێ، چونکە هێندێ دەق لێڵیو پرسیارو..تێدایە، کەزۆرجار خوێنەر تاک ڕەهەندانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکاو بەم ئاکامە دەگات، کەدەقەکە فرەلایەن نییەو حوکمی یەک لایەنی بەسەر دەقدا دەسەپێنێ، بەڵام ئەگەر لەهەندێ دەقدا بەم بۆچوونەی سارتەرەوە بچینە ناو دەقەکەوە، نەک هەر بیری تاک ڕەهەندانەو ڕەشبینی سەبارەت بەدەق دەگۆڕدرێ، بەڵکو دەق لەباری زمانو هێماو ماناشەوە چێژی تایبەت بەخۆی دەبەخشێ." (٤)

ئەوەی جێی سەرنجە بۆ ئێمە، ئەوەیە کەدوای وردبوونەوە لەم ڕێبازە، بۆمان دەردەکەوێ، لەوەی نووسەر وەک کۆیلەی دەق تەماشاکراوەو هەربەو شێوەیەش لێیدەڕوانرێ. نووسەر دەخرێتە ژێر کاریگەریی بونیادی دەقەوە، نەک دەسەڵاتی ڕەهاو دادوەری دەق، بەومانایەی ئەم ڕێبازە زیاتر جەخت لەسەر ناوەوەو نهێنییەکانی دەق دەکاتو بە بەشێکی گرنگی دادەنێت.

"مەبەستی ئەم ڕێبازە، گەیشتنە بەدیوی ناوەوەی دەقو پەیامی دەق لەڕێگەی هۆکارە دەرەکییەکانەوە، چونکە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم ڕێبازە ئەوەیە، کەدەق لەکۆشی کۆمەڵگەدایە، بۆیە لەڕێگەی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیەوە گرنگی بەژیاننامەی نووسەر دەدرێتو ڕینی ویلک دەڵێت: ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە تاڕادەیەک هۆ و گرنگی ئەدەب ڕووندەکاتەوە، بەڵام ناتوانێت دەقێکی ئەدەبی بەشێوەیەکی تەواوەتی شی بکاتەوە" (٥)

لەبارەی ڕۆڵو ئەرکی خوێنەر یان ڕەخنەگرو ئەوانەی بەپێی ئەم ڕێبازە دەق دەخوێننەوەو هەڵیدەسەنگێنن، ئەوا بۆ ئەوەی وزە بدرێتە دەقەکە، دەبێ ڕووبکرێتە لایەنە جیاجیاکانی دەروونزانی، زمانناسی، مێژووناسی و..

"ڕاڤەکار لەم بوارە جۆراوجۆرانەدا، ئەرکێکی دژواری هەیە. ئەویش ئەوەیە، کەئەو دەبێت تایبەتمەندییەکانی دەروونی، بیروڕاکان، زمانی دەقو بەستێنی کۆمەڵایەتی نووسەر بەجوانی پێناسە بکات، بەڵام هیچ کات ئەم هەڵە بەتەواوی بۆی نارەخسێتو ناتوانێت بەسەر تایبەتمەندییەکانو کەوشەنەکانی ناوبراودا، زانستییەکی تەواو بەدەست بهێنێت، لەئاکامدا کاری ڕاڤەی دەق ناتەواو دەمێنێتەوەو.." (٦)

### لایەنە لاوازەکانی ڕێبازی دەرەکی

هیچ شتێک نییە لەجیهاندا ڕەها بێتو بواری ڕەخنەلێگرتنو گومانی تێدا نەبێ. بەو پێیەی ڕێژەییبوونی دیاردەو حاڵەکاتەکان زیاتر بەسەر ئەو ڕاستییەدا زاڵن، کەواتە ڕێبازی دەرەکی دەقیش، بەدەر نییە لەو یاسایە. بۆیە پێمباشە لێرەدا، ئەو تێبینیو سەرنجانەی (د. لەمیا باعیشن) بخەمەپێش چاو، کەناوبراو وەک لایەنی لاوازی ئەم ڕێبازە دیاریکردوون:

١. ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسەی نووسین، خاوەنی دەق ناچاربکات بەوەی بەشێوەیەکی خودئاگایی بنووسێ، واتە کارەکەی لەجوغزی پلاندانەوە دەچێتەوە سەر جۆرێک لە (عەفەوییەت)، کە لەوانەیە خودی نووسەریش نەتوانێ سەرجەم ڕەهەندەکانی بدۆزێتەوە.

٢. ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە هێماییانە، لەدەقدا بەرجەستە دەبن، کەنووسەر توانای ڕوونکردنەوەیانی نییە، مەگەر لەسیاقێکی مێژوویی ڕۆشنبیری ئایندەگەردا نەبێ، چونکە ئەوجۆرە دیاردانە نهێنیو ئاڵۆزن.

٣. پێدەچێ هەندێ بیرۆکەی تایبەت لەئەنجامی بێئاگایی (عدم الوعی) نووسەرەوە، بچەسپێن بەسەر دەقدا، بێئەوەی مەبەستو سەرچاوە دەروونییەکانیان دیار بن.

٤. دیاریکردنی ئەو بارودۆخە مێژووییەی نووسەر دەقەکەی تێدا نووسیوەو بەرهەمیهێناوە، دەبێتە هۆی بەندکردنی بینینو ڕوانینی خوێنەر لەمەودایەکی کۆنو ڕابردوودا.

٥. هەموو دەقێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بۆیە زۆرجار بۆی هەیە لەسەر ڕێڕەوی دیاریکراو لابداتو دۆخی کاتو شوێنی واقیعی خۆی تێپەڕێنێو توانای ئەوەی هەبێ دیالۆگ لەگەڵ کەسانی ڕۆشنبیری جیاوازدا دابمەزرێنێ. (٧)

**- سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**١. عەلی ڕەزا قایمی نیا: دوو شێوە بۆ شیتەڵکاری دەق لەگۆشەنیگای شلایر ماخێر، و.عادل محەمەد پور، چاپی یەکەم ١٣٨٠ی هەتاویی، تاران، لا ١٤**

**٢. د.لمیاو باعشن: *نظریات قراوە النص*، موقع (*الجزیرە الثقافیە*)، فجاوات، العدد (٢٢٨)، ٢٠٠٨/١/٧**

**٣. د. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان: موحازەرەکانی قۆناغی یەکەمی بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، ٢٠٠٩/٢٠٠٨**

**٤. کەریم حیکمەتی: دەق خوێنەری چەند ڕەهەندی دەوێ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٠) ٢٠٠٩/١١/٥، لا ١٣٢**

**٥. د. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان: موحازەرەکانی قۆناغی یەکەمی بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار، ٢٠٠٩/٢٠٠٨**

**٦. چارلز بریسلێر، و: عەبدولخالق یەعقووبی: ڕەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی،چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٢، لا ١٨**

**٧. د. لمیاو باعشن: *نظریات قراوە النص*، موقع (الجزیرە الثقافیە)، فجاوات، العدد (٢٢٨)، ٢٠٠٨/١/٧.**

# دوو شیعری هاشم عەلی وەیسی

### بەچییەوە هەڵواسراوی؟

دەزانم
ڕۆحت بەو شیعرانەوە
هەڵواسراوە
خەم مەخۆ
دەمزانی هەتا ئەو ڕۆژەی
ئەستێرەی گەورە
لەلوتکەکان بەئەسپایی
دێتەدەرێ
تۆ بەتەمای چیت
خەم مەخۆ
ئەو خورەی، هۆی
دەروشانەوەیە
هەتا تەی بوونی ڕۆژو
ئاوابوونی تۆ
پەنجەرە لەسەر بەستەزمانیو
کزۆڵیمان
دەکاتەوە
ئەویش وەک شەم
ئاماژەیە
پێمان ئەڵێت
وەک پەروانە لەغوربەتی شەما
بمرن
یان وەک بولبول
هاواربکەن
پڕ بەدڵ
بڵێین
"بولبولم پەروانە نیم
حەز بەسووتانم مەکە"
هاوڕێم ئیسمائیل
ژیان مۆسیقایە
ژیان خەندە، بزەو ڕوانینە
ئەوە بچوکی ڕۆحی ئێمەیە
ئەوە بێ خەیاڵی خەیاڵمانە
دەنا دەبا
بەرز بەرز
بەرەو لووتکە
بۆ ئاسمان
بچووبایەین
لەتۆ فێربووین
هۆی بوونی خۆر لەچیدایە
لەتۆ فێربووین
ژیان کەشفە
بەڵام ئێمە بەچاو بەگوێ بەتام
بەبۆن
بەدوای گەڕاین
تۆ پێت گوتین بەتەمای چین
شوین چی کەوتوون؟
گوێ ڕاگرن
من دەزانم
کەشەو دادێ
بەهیوای خۆر
غەرق دەبن
تابەیانی خەیاڵ دەدەنە دەس
بێ خەیاڵی ڕۆژگاری خۆر
گەر دەتانەوێ بەهیوابن
باش بزانن هەر شتێکو خەندەو
بزەو هەناسەیەک
هێمایەکە
پێمان دەڵێ:
بەسە ئیدی خۆرگیرانیش بۆ
ساتێکە
خۆری دەروون ئازادبکەن
تابیبنن
تاببیستن
تابزانن تێبگەن
تاریکی ڕۆح بەهۆی چییە
لەبۆ چییە.




### چاوت شینە ئاسمان شێوەن

ئەی ژین
بۆ بەردەوامی
لەکام کەشتی مەودا بگرم
بۆ چەرمەسەری
کامە شەپۆل
دامرکێنم
لەبەر تیشکی
وشەیەکی مان گرتووما
ئۆقرە ناگرم
لەکەنارێک
لەنگەر بگرە
چاوت داخە
ئاسمان دەرفەتێکە
بۆفڕینی
پێڵاو
پەیژەی ژانی
ژینی ژانگرتوومە
هەنگاوەکان بڕ ناکەنو
لەناو گڤەی
فڕۆکەیەک
خەسار دەبن
چاوت لەمانگە
تاحەقیقەتی
ڕووبار دەرخەی
لەڕووبارا شتێک داهێنی
پێشکەش بەڕۆحی
منداڵیت بکەی



# ژیانو بەرهەمەکانی ساراماگۆ

ئا: مستەفا زاهیدی



ساراماگۆ

> ساراماگۆ دووجار لەسەرکار دەرکراو ئەگەری ئەوەی کەپیشەیەکی نوێ بدۆزێتەوە زۆر کەمبوو

خۆزیە دی سووسا ساراماگۆ (José de Sousa Saramago) ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢ لەگوندێکی بچوک " ئازینهاگا" (Azinhaga) لە ١٠٠ کیلۆمەتری باکووری رۆژئاوای لشبۆنە، پایەتەختی پرتوگال لەدایکبوو. ئازینهاگا لەلێوار رووباری "ئالموندا" (Almonda) دایە.

ساراماگۆ ناوی گیایەکی کێوییە، کەئەو کات خواردنی خەڵکی هەژار بوو. بنەماڵەی خۆزیە ساراماگۆ وەرزێری بێ زەوی بوون. باوکی خۆزیە لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا لەسوپای فەرەنسا سەرباز بوو. باوکی خۆزیە ساڵی ١٩٢٤ بڕیاریدا بۆ باشتربوونی بژێوی ژیانی دەستبەرداری وەرزێریو کشتوکاڵ بێتو لەگەڵ بنەماڵەکەی کۆچیانکرد بۆ پایەتەختی پرتوگال (لشبۆنە). باوکی خۆزیە لەلشبۆنە بوو بەپۆلیس. لەبەرئەوەی پۆلیسبوون تەنها پیشەیەک بوو کەپێویستی بەخوێندەواری بەرز نەبوو و ئەگەر تەنها بتزانیایە بخوێنیو بنووسیو تۆزێکیش بیرکاری بزانی دەتتوانی ببی بەپۆلیس.

چەند مانگ دوای مانەوەیان لەلشبۆنە، برا چوار ساڵەکەی خۆزیە مرد. باری ژیانی بنەماڵەی باوکی خۆزیە دوای کۆچکردن تۆزێک باشتربوو، بەڵام هیچکات بەتەواوەتی باش نەبوو. خۆزیە زۆربەی زۆری کاتی سەردەمی منداڵیو مێرمنداڵی لەگوند لەگەڵ ماڵی دایکی بردە سەر.

ساراماگۆ لەسەردەمی سەرەتاییدا قوتابییەکی زۆر وریاو باش بوو. کە لە پۆلی دووهەم بوو، بێ هیچ هەڵەیەک دەینووسیو توانی پۆلی سێو چواری سەرەتایی پێکەوە بخوێنێت. دوای ئەم ماوە ساراماگۆ رۆیشتە قوتابخانەیەکی ناوەندی کەزمانی تێدا دەوترایەوە. ساڵی یەکەمی خوێندن خۆزیە زۆر سەرکەوتوو بوو. لەساڵی دووهەمدا هەرچەن نمرەکانی وەک ساڵی پێشتر نەبوو، بەڵام لەباری کەسایەتییەوە مامۆستاکان زۆریان خۆشدەویستو لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا وەک خەزێنەداری یەکێتی قوتابییان هەڵبژێردرا.

هەر ئەو ساڵە دایکو باوکی بەو قەناعەتە گەیشتن کە بەهۆی کێشەی ئابووریو باری ماڵیەوە ناتوانن تێچووی خوێندنی خۆزیە دابین بکەن. هەر بۆیە ناردیانە خوێندنگەیەکی تەکنیکی. خۆزیە ٥ ساڵ لەوێ خوێندی بۆئەوەی ببێت بەمیکانیک، بەڵام لەبەختی ئەودا، ئەو کات، هەرچەن هەموو ئەو وانانەی دەوترانەوە هەموویان تەکنیکی بوون، بەڵام زمانی فەرەنسیش دەوترایەوە. خۆزیە لەتەمەنی ١٣ یان ١٤ ساڵیدا بوو کەسەرەنجام بنەماڵەی توانیان خانوویەکی بچوک بکڕنو بڕۆنە ماڵی خۆیان. ئەم خانووە زۆر بچوک بوو و چەن خێزانێکی تریشی تێدا بوو. لەبەر ئەوەی خۆزیە لەماڵەوە کتێبی نەبوو (خۆزیە لەتەمەنی ١٩ ساڵیدا بوو کە بەپارەیەک کە لەهاوڕێیەکی قەرزکردبوو کتێبێکی کڕی.) تەنها شتێک کەدەلاقەی خوێندنی ئەدەبی بەرووی ئەودا دەکردەوە، کتێبەکانی زمانی پرتوگالی بوو، بەشیعرە هەڵبژێردراوەکانیان. تەنانەت چەندین ساڵ دوای مەرگیشی سەرەڕای تێپەڕبوونی کات، خۆزیە ئەو شیعرانەی هەر لەبەربوو.

دوای تەواوکردنی خوێندن، ماوەی دوو ساڵ وەک میکانیک کاریکرد. ئەو کات، لەکاتی بێکارییداو ئێواران ، سەردانی کتێبخانەی گشتی شاری لشبۆنەی دەکردو خەریکی خوێندنەوە دەبوو. ساراماگۆ ساڵی ١٩٤٤ بۆ جاری یەکەم لەگەڵ "ئیلدا ریس"(Ilda Reis) کەدواتر بوو بەیەکێک لەهونەرمەندە دیارەکانی پرتوگال زەماوەندی کرد. ساڵی ١٩٤٧ تەنها منداڵەکەی "ڤیۆلانتە" (Violante) لەدایکبوو. هەر ئەو ساڵەو لەتەمەنی ٢٥ ساڵیدا یەکەم رۆمانی خۆی بەناوی سەرزەمینی تاوان (The Land of Sin)بڵاوکردەوە. هەرچەن خۆی ناوی رۆمانەکەی نابوو پەنجەرە (The Widow)، بەڵام لەلایەن ناوەندی بڵاوکەرەوەوە بەمەبەستی فرۆشی زیاترو راکێشانی سەرنجی زیاتری خوێنەران، ناوەکەی گۆڕا بەسەرزەمینیک لەتاوان.

هەر لەو سەردەمەدا رۆمانیکی تری بەناو "نووری ئاسمان" (The Skylight) نووسی کە تائێستا بڵاونەبووەتەوە. هەر ئەو کات دەستیکرد بەنووسینی رۆمانێکی تر بەناو (Honey and Gall) کەهیچکات تەواو نەبوو و تەنها چەند لاپەڕەی نووسی. ئەویش لەبەر ئەوە بوو، ساراماگۆ خۆی ئەو کات وازی لەنووسین هێنا. بۆ ماوەی ١٩ ساڵ، واتە ساڵی ١٩٦٦ کە (Possible Poems)بڵاوکردەوە، ساراماگۆ دووربوو لەپانتای ئەدەبی پرتوگال. بەهۆکاری سیاسی ساراماگۆ ساڵی ١٩٤٩ لەسەر کار دەرکرا، بەڵام بەهۆی مامۆستایەکی سەردەمی ناوەندییەوە ساڵی ١٩٥٠ توانی لەناوەندی بڵاوکراوەی "ستۆدیۆز کۆر" (Estúdios Cor)دابمەزرێت. بەم شێوەیە جارێکیتر ساراماگۆ گەڕایەوە بۆ دونیای وشە، بەڵام نەک وەک نووسەر. ئەمە دونیایەک بوو کە لەمێژوو بوو جێی هێشتبوو. پیشە تازەکەی ئەو دەرفەتەی بۆ دەخولقاند ژمارەیەکی زۆر لەنووسەرە دیارەکانی ئەو کاتی پرتوگال بناسێت. لەساڵی ١٩٥٥ەوە بۆئەوەی داهاتێکی زیاتر بەدەستبێنێت بۆ بژێوی ژیانی بنەماڵەکەی، هەروەها لەبەرئەوەی خۆشی کاری وەرگێڕانی پێخۆش بوو. دەستیکرد بەوەرگێڕانو تا ساڵی ١٩٨١ لەم کارە بەردەوامبوو. لەم ماوەدا بەرهەمی ژمارەیەکی زۆر لەنووسەران لەوانە، تۆلستۆی، مۆپاسان، جین کاسۆ، بۆدلێر، نیکۆس پۆلانتزاس، هێگل و... ی وەرگێڕایەوە سەر زمانی پرتوگالی. لەمانگی ئایار ١٩٦٧ەوە تاتشرینی یەکەمی ١٩٦٨ هاوکات لەچەن شوێن وتاری رەخنەی ئەدەبی بڵاودەکردەوە. ساڵێ ١٩٦٦ خۆزیە لەتەمەنی ٤٤ ساڵیدا کتێبی شیعری (Possible Poems) بڵاوکردەوەو ئەمە گەڕانەوە بوو بۆ جیهانی ئەدەبی پرتوگالی .

ساڵی ١٩٧٠ دیوانە شیعرێکی بەناو "رەنگە خۆشحاڵی" (Probably Joy)بڵاوکردەوەو ماوەیەک دواتر لەساڵەکانی ١٩٧١ و ١٩٧٣ لەم دونیایەو ئەویتر (From this World and the Other) و جانتای رێبوار (Traveller's Baggage) ی بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٧٠ لەژنەکەی ئیلدا جیابووەوەو دواتر لەگەڵ ئیزابل دوو نۆبرگا (Isabel da Nóbrega) ژنە نووسەری پرتوگالی پێوەندی گرت هەر چەن ئەم پێوەندییە زەماوەندکردنی ئەم دوو نووسەرەی لێ نەکەوتەوە. لەساڵی ١٩٧١دا ناوەندی بڵاوکەرەوەی بەجێهێشتو لەرۆژنامەی ئێوارانی "دیاریۆ دی لیسبوا (Diário de Lisboa) دەستیکرد بەکار. ساراماگۆ ساڵی ١٩٧٤ نووسراوەکانی خۆی بەناوی "باوەڕەکانی دی ئێل هاد" (The Opinions the DL Had) بڵاوکردەوە. کەباس لەمێژووی رابردووی دیکتاتۆری پرتوگال دەکات. ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرییەی کە لەمانگی ئاپریلی ١٩٧٥دا بەهۆی شۆڕشەوە رووخا. ساراماگۆ ساڵی ١٩٧٥، وەک جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی بەیانیانی "دیاریۆ دی نوتیسیا" (Diário de Nóticias) دەستیکرد بەکارکردن، بەڵام لەمانگی تشرینی یەکەمی هەمان ئەو ساڵەدا بەهۆی باوەڕە سیاسییەکانییەوەو ئەنجامەکانی پاش شۆڕش، ئەم پیشەیەی لەدەستدا.

کتێبی "ساڵی ١٩٩٣" (The Year of ١٩٩٣) و کۆمەڵە وتاری سیاسی لەژێر ناوی "نۆتەکان" (Notes) دوو کتێبن کەئاماژەن بەم سەردەمە. کتێبی "ساڵی ١٩٩٣" کە شیعرێکی درێژە ساڵی ١٩٧٥ بڵاوبووەوەو ژمارەیەک لەرەخنەگران وەک سەرەتایەکیان زانی ئەو کارانەی کەدوو ساڵ دواتر بەچاپی رۆمانی "کلتووری شێوەکاریو خۆشنووسی (Manual of Painting and Calligraphy) دەستیپێکرد. "نۆتەکان" ئەو وتارانە بوون کە لەو رۆژنامەیدا کەوەک جێگری سەرنووسەری ئیشی تێدا دەکرد بڵاوبووەوە.

ساراماگۆ دووجار لەسەرکار دەرکراو ئەگەری ئەوەی کەپیشەیەکی نوێ بدۆزێتەوە زۆر کەمبوو. ئەم دۆخەو باری سیاسی پرتوگال بوو بەهۆی ئەوەی ساراماگۆ ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات. ئێستا کاتی ئەوە بوو بزانێت وەک نووسەرێک تا چەن سەرکەوتوو دەبێتو چی هەیە بۆ وتن؟

ساڵی ١٩٧٨ کۆمەڵە چیرۆکێکی بەناو (Quasi object) بڵاوکردەوەو ساڵی ١٩٧٩ شانۆنامەیەکی بە ناو "شەو" بڵاوکردەوە. ساڵی ١٩٨٠ دەستیکرد بەنووسینی رۆمانی "هەستان لەزەوی" (risen from the ground) کەدواتر شێوەی گێڕانەوەی ئەم رۆمانە بوو بەتایبەتمەندی گێڕانەوەی ساراماگۆ.

جگە لەنووسینی چەن شانۆنامە، بەدرێژایی دەیەی ١٩٨٠، سەرقاڵی نووسین بوو، رۆمانەکانی "بالتازارو بلیمۆندا" (Baltazar and Blimunda) لەساڵی ١٩٨٢، ساڵهاتی مردنی ریکاردۆ ریش (The Year of the Death of Ricardo Reis) لە ساڵی ١٩٨٤، (The Stone Raft) لە ساڵی ١٩٨٦ و "مێژووی گەمارۆی لشبۆنە" (The History of the Siege of Lisbon) لەساڵی ١٩٨٩ لەبەرهەمە دیارەکانی ساراماگۆن لەم دەیەدا.

ساڵی ١٩٩٣ دەوڵەتی پرتوگاڵ ناڕەزایەتی دەربڕی بەوەی رۆمانی "ئینجیل بەگێڕانەوەی عیسایی مەسیح" (The Gospel According to Jesus Christ) خەڵاتی ئەدەبی ئەورووپا وەربگرێت. بیانووی دەوڵەتی پرتوگال ئەوە بوو کەئەم رۆمانە سووکایەتییە بەباوەڕی کاسۆلیکەکان. نووسینی ئەم رۆمانە ناڕەزایەتی زۆری لێکەوتەوەو هەر بۆیە ساراماگۆو ژنەکەی، کەساڵی ١٩٨٨ زەماوەندیان کردبوو، شوێنی ژیانی خۆیان گواستەوە بۆ دوورگەی "لانزاروتە" (Lanzarote) لەکۆمەڵە دوورگەی کەناریی لەوڵاتی ئیسپانیا.

ساراماگۆ ساڵی ١٩٩٣ دەستیکرد بەرۆژمێرنووسێک بەناو (Lanzarote Diaries)کە زیاتر لە ٥ بەرگی لێ بڵاوبووەتەوە.

ساراماگۆ لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدا رۆمانی کوێری (Blindness) نووسی کەئەم رۆمانە خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیاتی لەساڵی ١٩٩٨ وەرگرت. دواتر رۆمانی "هەموو ناوەکان (All the Names)ی لەساڵی ١٩٩٧ بڵاوکردەوە

ساراماگۆ ساڵی ١٩٩٥ بوو بەبراوەی خەڵاتی "کامۆ" و ساڵی ١٩٩٨ لەتەمەنی ٧٦ ساڵیدا خەڵاتی نوبڵی ئەدەبیاتی بردەوە. ساراماگۆ لەزاری میوانداری فرۆکەیەک هەواڵی ئەوەی بیست کەبووە بەبراوەی خەڵاتی نوبڵ ئەو کاتەی لەپیشانگەی فرانکفۆرتەوە دەگەڕایەوە بۆ مەدرید بۆ لای خێزانەکەی. ئەمە یەکەم جاربوو ئەدەبی پرتوگال، خەڵاتی نوبڵ بباتەوە.

ساراماگۆ ساڵی ٢٠٠٠ رۆمانی ئەشکەوتو ساڵا ٢٠٠٥ شانۆنامەی "دون جیوانی" بڵاوکردەوە. ساڵی ٢٠٠٥ رۆمانی "مەرگی بەردەوام"ی بڵاوکردەوە. ئەم رۆمانە هاوکات لەوڵاتەکانی پرتوگال، ئیسپانیا، بەڕازیل، ئەرجەنتین، مەکسیکو ئیتاڵیا بڵاوبووەوە. هەروەها ساراماگۆ خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی ترە لەوانە، بینایی، بەرەو دوورگەی نەناسراوە.

ساراماگۆ تادواساتەکانی ژیانی هەر لەنووسین بەردەوامبوو و سەرەنجام رۆژی هەینی ١٨ی حوزەیران لەتەمەنی ٨٧ ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیان کرد.

دەستوور
**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف
**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811
**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

دەلاقە

بەیان عەزیزی*

# چەکەکان بۆ هەڵەبجەیەکیتر ئامادەن

لەسەرەتای ئەم هەفتەیەدا، هەواڵێک باسی لەوەکرد، کەکۆنسوڵی ئەڵمانیا ئاماژەی بەوەداوەلەکاتی دەسەڵاتی سەدامدا، ئەو ئامێرە کیمیاییانەی کە بەکاربران‌و کارەساتی هەڵەبجەو هەروەها سەردەشتییان لێکەوتەوە، لەئەورووپاوە هەناردەی عێراق کرابوون‌و لەو بارەوە نیگەرانیی خۆی ڕاگەیاند. جیا لەوەش نزیک بەیەک ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان‌و شوێنەوارەکانی چەکی کیمیایی لەسەر جەستەو ڕۆحی قوربانییەکان.

**بۆچی وڵاتانی ئەورووپی کەلایەنگرانی مافی مرۆڤن، بازرگانیی مەرگ دەکەن؟**

ئەگەر جیهان دابەشبکەین بەسەر دوو بەشدا کە لەشەڕ یان لەئاشتییدا دەژین، بەداخەوە کەزۆرێک لەناوچەکان دەکەونە ناو ئاگرەوە. بەردەوام سێ خاڵی گرنگ لەهەر شەڕێکدا ئامادەیە، کەبریتیین لەشەڕکارەکان‌و ئەوانەی شەڕدەکەن، ئامێرەکانی شەڕو شوێنی شەڕەکان. لەسەرەتای مێژووی مرۆڤەوە تائێستا، هەرگیز شەڕ ڕانەوەستاوەو بەبچوکبوونەوەی شوێنی شەڕەکان‌و بەرتەسکبوونی جوگرافیاکەیانەوە، ئامێرەکانی شەڕ مۆدێرنتر بوون‌و کاریگەرییەکەیان کوشندەتر بووە. بازرگانیی ئامێرەکانی مەرگیش، دووەمین بازرگانی پڕ قازانجی دنیایە، بەڵام هەمیشە سەربازەکان لەدوو سەنگەری بەرامبەردا شەڕناکەن‌و هەندێجار خەڵکی مەدەنی‌و بێتاوان دەبنە قوربانی‌و ئامێرەکانی شەڕ شێوەو شێوازیان دەگۆڕێت‌و دەبنە چەکی کیمیایی‌و بەمەبەستی جینۆساید یان کۆمەڵکوژی‌و سڕینەوەی خەڵکی ئاسایی بەکار دەهێنرێن.

**مێژووی چەکەکیمیاییەکان**

لەسەردەمی کۆندا یەکەمین ئامێرە کیمیاییەکان بریتیبوون لەو تیرو شمشێرانەی ژەهراویی دەکران. مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کەیەکەمین ئامێرە ژەهراوییەکان لەشەڕی پێلێرپۆنزی لەیۆناندا کەهەتا٤٣١ بەکاربرا. لەوێدا دووکەڵی مادەی ئارسێنیک وەک چەک کەڵکی لێوەرگیراو خەڵکی مەدەنییان بەوە دەخنکاند. بەهەرحاڵ هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی کە لەبەلجیکا چەکی کیمیایی بەکاربرا، ئەوانە وەک ڕێگەکانی شەڕ ئاماژەی پێدەدرێت. لەبەلجیکا ٩٠ هەزار کەس کوژران‌و نزیک بەملیۆنێک بریندارو نەخۆشی لێکەوتەوە. تادەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی، تەکنەلۆجیای دروستکردنی پێشکەوتووترین چەکەکانی کیمیایی پەرەیسەند، بەتایبەت دووبەرەی هێزی ئەوکات، واتە یەکێتیی سۆڤیەت‌و ئەمەریکا دەیان هەزار تۆن مادەی کیمیاییان بەرهەمهێنا. لەکاتی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران‌و عێراقیشدا زۆرێک لەوڵاتان کەبەجۆرێک لەو تەکنەلۆجیایە خاوەن قازانج بوون، لەهەموو ئەو ساڵانەدا چەکی کیمیاییان بەسەدام دەفرۆشت، کەلەکاتی شەڕدا دژ بەسەربازە ئێرانییەکان بەکارهێنرا، هەروەها بەترسناکترین شێوە، لەهەڵەبجە بووەهۆی مەرگی هەزاران کەس.

**کۆنوانسیۆنی سڕینەوەی چەکەکیمیاییەکان**

لەیاساکانی نێونەتەوەیدا، بەدەر لەو یاسایانەی تایبەت بەشەڕە جیاوازەکان دانراون‌و پێیاندەوترێت مافەکانی شەڕ، بەشێکی گرنگ تایبەت بەچەکەکیمیاییەکان داڕێژراوە. یەکەمینجار ڕێککەوتننامەی نێوان فەڕەنساو ئەڵمانیا ساڵی ١٦٧٢باسی لەوەکردووە، کەبەکارهێنانی ئامێرە کیمیاییەکان دەبێ بنبڕبکرێت.

پاشان کۆنوانسیۆنی بڕۆکسل بۆ یاساو ڕێساکانی شەڕ لەساڵی١٨٧٤دا کەڵکوەرگرتن لەمادەی ژەهراوی بەهەر شێوەیەک ڕەفزکردەوە، بەڵام ئەمانە نەبوونە هۆی بەکارنەهێنانی ئەو چەکەکیمیاییانە لەشەڕە جیهانییەکاندا. بۆ سێیەمینجار پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، لەپرۆتۆکۆلی١٩٢٥دا لەجنێڤ دیسان جەختکرایە سەر بەکارنەهێنانی چەکی کیمیایی‌و باکتێریۆلۆژیک ، بەڵام ئاماژەبەوە نەدرابوو، کەدروستکردن‌و تەکنۆلۆجیای ئەو چەکانەش تاوانە. لەساڵی١٩٧٢دا کۆمیتەی بنبڕکردنی چەکی کیمیایی، کەپاشان بوو بەکۆنفرانس، هەموو ڕێککەوتننامەو تاوتوێکردنەکانی پەیوەندیدار بەو چەکانەی باسکرد، بەڵام پەسەندکردنی کۆنوانسیۆن‌و واژۆکردنی لەلایەن وڵاتانی جیهانەوە ساڵ درێژەی کێشاو ئیتر کارەساتی هەڵەبجە ڕوویدابوو. لەم کاتەدا کارگە گەورەکانی وەبەرهێنانی چەکی کیمیایی، یەک بەیەک هاتنەریزی کۆنوانسیۆنی شەرمەزارکردنی بەکارهێنانی چەکەکیمیایی‌و بایۆلۆجیەکانەوە. ٣ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ لەپاریس کۆنوانسیۆن (لازم الاجرا) کرا. ئەو دەقەپێشەکییەک، ٢٤ مادەو ٣ پەراوێزی هەیەو مەبەستەکەی سڕینەوەی تەواوی هەموو چەکەکیمیایی‌و بایۆلۆجیەکانە، لەبەرهەمهێنانیانەوە تا گواستنەوەو بەکاربردنیان تاوانێکی گەورەیەو لەدادگای نێونەتەوەیی لاهایدا دەکرێ بخرێتەبەر لێکۆڵینەوەو سزادانی قورس.

**OPCW**

ئەم ڕێکخراوە تایبەتکراوە بۆ بەدواچوونی ئەو کۆنوانسیۆنەو ساڵانە بەبودجەیەکی زۆرەوە لیستێک لەو مادە کیمیایی‌و کەرەستانە دەخاتەڕوو، کەگومانی دروستکردنی چەکی کیمیایی لەوانە لەئارادا بێت. ٤١ وڵاتی جیهان لەوێدا ئەندامیان هەیە.

**دیسان مەرگ**

بەهەموو ئەو باسانەوە دەبێ ئەم ڕاستییە فەرامۆشنەکەین، کەبەهیچ شێوەیەک دروستکردنی هەموو جۆرەکانی چەک لەجیهاندا ڕانەوەستاوەو بەردەوام ساڵانە ئامێری ترسێنەرتر بەنرخێکی زیاترەوە بەرهەمدەهێنرێن. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی سێپریس لەئەمەریکا، ئاماری فرۆشتن‌و کڕینی چەکی شەڕ لەهەموو جۆرەکانیدا، لەماوەی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٦دا گەشەیەکی لە٥٠٪ کردووەو وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا لە٣٠٪ لەقازانجی هەناردەی چەکی جیهانیان بەدەستەوەیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەوڵاتەکانیەوە سەنتەری شەڕە بەردەوامەکانەو دیارە شوێنی قازانجکردنی هەموو کارگەکانی بەرهەمهێنانی مەرگەو شوێنی کڕین‌و پاشەکەوتکردنی ئەم چەکانەشە. پاشەکەوتکردنی نوێترین ئامێرەکانی مەرگ، وادەکات ئێمە لەجیهانێکی بێمتمانەدا بژین‌و کابووسی هەڵەبجە ببینین.

*** ماجستێری مافی نێونەتەوەیی**










www.arsivakurdi.org